شاسوار جەلال ( ئارام )

# هەڵبژاردەکان

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢

❖ شاسوار جەلال (ئارام)
❖ هەڵبژاردەكان
❖ بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران
❖ سلێمانی ـ ٢٠١٢
❖ ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
(١٠٦٥) ساڵی ٢٠١٢
❖ دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر
❖ تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
❖ ژ. زنجیرە: (٤٣٦)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

# پێشەکیی چاپی دووەم

ڕێکەوت وای کرد نوسینی ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییە هاوکات بێ لەگەڵ یادی ٣٤ ساڵەی شەهید بونی شاسوار جەلال (ئارام) لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨دا. ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران لەچوارچێوەی پڕۆژەی دیکۆمێنت کردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەپێی ئەو ئەرکەی کەماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆ پێی سپاردووە، هەڵبژاردەیەك لەوتارەکانی ئارامی بۆ چاپ کردن ئامادە کردبوو. وتارە هەڵبژێردراوەکان، پێشتر لەساڵی ١٩٨٠ لەدوتوێی کتێبێکدا کۆکرابونەوەو وەك سەرەتایەك بۆ بڵاوکردنەوەی تەواوی نوسینەکانی، لەناوزەنگ چاپ کران.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشیکردنەوەکانیدا زۆرتر پشت ئەستورە بەو هەشت دەقەی کە لەچاپی ساڵی ١٩٨٠ کۆکراونەتەوە. چاپکردنی ئەم کتێبە بۆ جاری دووەم، پاش ٣٢ ساڵ لەبڵاوکردنەوەی، بوو بەدەرفەتێك نەك هەر بۆ ناساندنی کتێبەکە بەخوێنەران، بەڵکو هەروەها بۆ سەرلەنوێ ناساندنەوەی ئارامو شیکردنەوەی میتۆدی بیرکردنەوەیو تاوتوێ کردنی ڕۆڵی

لەبزوتنەوەی سیاسیدا. ئەو بۆچونانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراونەتە روو، ئازادتر لەبۆچونەکانی پێش خۆیان گوزارشتیان لێ کراوەو مەراقی سەرەکیشیان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بابەتییانە وێنەی بەسەرهاتەکان بکێشن و وێنایەکی نزیکتر لەواقیع پێشکەش بکەن.

لەمێژودا روداو هەمیشە وەك روداوێکی نەگۆڕ دەمێنێتەوە بەڵام جۆری تێڕوانین بۆ روداوەکە هەمیشە جیاواز دەمێنێتەوەو لەم سۆنگەیەوە هەر روداوێك دەشێ بۆچونی جیاواز لەبارەیەوە پەیدا ببێ. لێرەدا فاکتەری کات رۆڵێکی گرنگی لەپەیدابونی تێڕوانینی جیاوازدا دەبێ و لەم سۆنگەیەوە دەشێ تێڕوانینی بیست ساڵ لەمەوبەر بۆ روداوێکی دیاریکراو، جیاواز بێ لەتێڕوانینی ئەم سەردەمەو دەشێ بیست ساڵی تر تێڕوانینی تر لەبارەیەوە پەیدا ببێ. ئەمە خۆی لەخۆیدا مێژوو لەدۆخێکی دینامیکی و جوڵاودا دەهێڵێتەوەو لەم نێوانەدا کات رۆڵێکی گەورە لەرۆشن کردنەوەی لایەنە شاراوەو باسنەکراوو تەمومژاوییەکاندا دەگێڕێ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیڕەوی لەمیتۆدێکی شیکاری- رەخنەگرانە دەکاو مەبەستێتی هەندێ مەسەلە دەربارەی کاریگەریی سیاسیی ئارام لەماوەی نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ بوروژێنێ، ماوەیەك کە لەمێژوماندا بەهەستیارترین ماوەی جوڵانەوەی سیاسیی کوردایەتی دەژمێردرێ.

### ١- دەربارەی مێژوییبونی رۆڵی ئارام

تا چەند لەتوانادایە رۆڵی ئارام بەرۆڵێکی مێژویی بژمێردرێ؟ بۆ ئەوەی بتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، دەبێ پێشەکی ماناو ناوەرۆکی رۆڵی مێژویی رونبکرێتەوە. رۆڵی مێژویی، هەڵسورانێکە چەند مەرجێکی لەخۆ گرتووە لەوانە ئەوەیە کە ئەنجامدەری رۆڵەکە تـوانیبێتی گـۆرانێکی دیـارو بەرچـاو بەدەسـت بێنـێ کەئاسـەوارێکی قـوڵی لەسـەر رەوشـی گـشتیو چارەنوسو ئایندەی کۆمەڵ هـەبێو هـەروەها دەبـێ کاریگـەریی کـردەوەو بیروباوەڕی ئەو کەسە روخساری بـەردەوامبونی بـۆ ماوەیـەکی بەرێـژە دوورو درێژ پێوە دیار بێ. ئەمە بەم واتایە دێ کەکاریگەریی ئەو کەسە لەژیاندا، نابێ بەنەمانی فیزیکیی، دەمو دەست لەناو بچێ.

بەرەوچاوکردنی ئەم مەرجە پێویستیانەی مێژوویبونی رۆڵ، ئەو پرسـیارە دوبارە دەکەینەوە کە تا چەند لەتوانادایە رۆڵی ئـارام بـەرۆڵێکی مێـژویی بژمێردرێ؟

ژیانی سیاسیی راستەقینەی شاسوار جەلال (ئارام)لە ٦-٧ سـاڵ زیـاتر نیەو ژیانی وەك رابەرێکی سیاسی دوو ساڵو چەند مانگێکـە. هەڵـسورانی سیاسیی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەردوو بـاڵی خوالێخۆشـبوو مەلا مستەفا بارزانیو مەکتەبی سیاسییەوەو هەڵـسورانی گـەرمو گـوڕی لەناو یەکێتیی قوتابیانو یەکێتیی دیموکراتی لاوانی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی نیە. ئەو ٦-٧ساڵەی کەوتونەتە مـاوەی نێـوان پەیوەنـدی کردنـی

بەکۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە لەساڵی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ تا شەهیدبونی لەگوندی تەنگیسەر لەقەرەداغ لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا، پوختەی ژیانی سیاسیی پێکدێنن. لەو پوختەیە، ماوەی نێوان کۆتاییی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨، ئەو ماوەیە پێکدێنێ کەکاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێژوی سیاسیی کوردستان پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی چەکدار لەساڵی ١٩٧٥ بەجێ هێشتووەو ئەم کاریگەرییە تەنانەت بۆ ماوەی زیاتر لەیەك دەیە لەدوای شەهیدبونی، بەگەرمو گوڕی مایەوەو تائێستاش کاریگەریی ماوە، بەڵام نەك بەو گەرمو گوڕییەی جاران.

لەم سەروبەندەدا بوارێکی فراوان بۆ دانانی رۆڵی بەرۆڵێکی مێژویی لەئارادایە. بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوە بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی لەساڵانی ١٩٧٥و ١٩٧٦، تەنها بۆ پێداهەڵگوتن نیە، بەڵکو روخساری مێژوییبون دەقاو دەق بەرۆڵەکەوە نوساوە. ئەم رۆڵە خۆی لەدوو بواری سەرەکیدا دەبینێتەوە. یەکێکیان ئەو رۆڵەیە کە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٥و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا گێڕاویەتیو دەشێ لەچوارچێوەی هەڵسوڕانی "کۆمیتەی هەرێمەکان"دا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. ئەوی تر ئەو رۆڵەیە کە لەپێکهێنانی دەستە چەکدارەکاندا لەناوچەی سلێمانیو لەسەرتاپای پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا دیویەتی.

ساڵی ١٩٧٥ دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی کاریگەریان لەرێکخستنەکانی کۆمەڵە وەشاندو بەهۆی ئەمەوە سەرتاپای ستراکتۆری رێکخستن دۆخێکی نزیك لەهەڵوەشانەوەو لێك دابڕانی بەخۆوە بینی.

شـڵەژانی بـاری ڕێکخـستن بـەو ئەنـدازە ترسـناکە نیـشانی دەدا کـە سەرکردایەتیی کۆمەڵـە هـیچ نەخـشەیەکی بـۆ کـاتی تەنگانـە نـەبووە. سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەکۆششێکدا بۆ خۆ دەربازکردن بـۆ دەرەوەی وڵات، عێراقی بەجێ هێشتو ڕوی کردە ئێـران. بـەڵام تۆکمـەیی و وریـایی دەزگـا ئەمنییەکانی ڕژێمـی شـا، ئـەم هەوڵـەی پوچـەڵ کـردەوە. سـەرکردەکانی کۆمەڵە لەئێران گیرانو دەرفەتی دەربازبونیان نەما. زۆری نەبرد هـەمویان ڕادەستی عێراق کرانەوەو لـەم سـۆنگەیەوە کۆمەڵـە بـەبێ سـەرکردایەتی مایەوە.

ڕۆڵی مێژویی ئارام لـەم بـوارەدا لـەدوو خاڵدایـە. یـەکێکیان ئەوەیـە کەسـەرکەتوو بـوو لـەپێکهێنانی سـەرکردایەتییەکی ئەلتـەرناتیڤ لەرەوشێکی ئێجگار سەختو دژواردا و دووەمیان لەوە دایە کە فریای شـانە پەراگەندەو سەرگەردانەکان کەوتو لـەکاتێکی پێوانەییـدا ژیـانی بەبـەر شانە نهێنییەکاندا هێنایەوە، هێزی لەدەستدراوی بۆ کۆمەڵـە گێڕایـەوەو ڕێکخستنێکی لەوەی جاران تۆکمەتری داهێنا.

لـەڕوی بابەتییـەوە، ئـارام لـەڕێی بەگەڕخـستنی تـەواوی وردەکارییـە پێویستەکانو بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێشووەوەو بەپشت بەستن بەویستی مانەوە، زیاتر لەهەر ویستێکی تر، کۆمەڵەیەکی تازەی دروست کـردو بـەم کارەی، چانسێکی نوێی ژیانەوەی بۆ کۆمەڵە دابین کرد.

ئـەم کـارە، ڕاسـتەوخۆ، پەیوەنـدیی بەمەسـەلەیەکی تـرەوە هەیـە کەپێکهێنانی دەستە چـەکدارەکانو دەسـتپێکردنەوەی خـەباتی چـەکدارە.

لێرە ئارام ئەو ئەركەی گرتە ئەستۆ كەدەبوایە سەركردایەتیی پێشوی كۆمەڵە ئەنجامی بدایەو لێرەدا كارەكەی دەبێتە درێژەدان بەئەركێكی مێژویی كە لەهەلومەرجی ئەو سەردەمەدا هەر دەبوایە جێبەجێ بكرێ. بەڵام ئەم ئەركە قورسە بەبێ كۆمەڵەیەكی بەهێز بەرێوە نەدەچوو، بۆیە دەرهێنانی كۆمەڵە لەو تەنگانەیە خۆی لەخۆیدا رێ خۆش كردنە بۆ فەراهەم كردنی مەرجەكانی دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدار لەناوچەی سلێمانیو گەرمیان. بەم پێیە، داننان بەرۆڵی ئارام لەم قۆناغەدا داننانە بەرۆڵی سەركردایەتیی ناو وڵات كەتوانی بەفریاكەوتنی كۆمەڵە فریای پرۆژەی دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدار بكەوێ.

## ٢- ئایدیۆلۆژیا لەمیتۆدی بیركردنەوەی ئارام دا

گومان لەوەدا نیە كە ئایدیۆلۆژیا بەسەر بیركردنەوەی ئارامدا زاڵە. لەسەردەمێكدا كە بەسەردەمی ئایدیۆلۆژیا ناسراوە، ئەمە بەشتێكی نامۆ دانانرێ. شێوەی بیركردنەوەی ئارام جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ شێوەی بیركردنەوەی هەر شۆرشگێرێكی تر نیەو لەم روەوە گوتاری سیاسیی زاڵ بەسەر بیركردنەوەو نوسینەكانیدا گوتارێكی تەقلیدییە كەتێدا دژایەتی كردنی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بەچەشنێكی زۆر راشكاوانە گوزارشت لەخۆی دەكا. ئارام لەو بروایەدا بوو كەشۆرشی كورد، لەو روانگەیەوە كە سەركردایەتییەكەی رێبازێكی پێشكەوتنخوازانەی گرتۆتە بەرو باوەری تەواوی بەستراتیجی دژ بەهێزە ئیمپریالیستەكان هەیە. بەشێكی شۆرشی

سۆسیالیستیی جیهـان پێکـدێنێ. ئـەم زێـدەڕۆیی کردنـە لـەدیاریکردنی روخسارەکانی شۆڕشی کورد رەنگدانەوەی تێنو تاوی ئایدیۆلۆژیایـە. بـەلای ئارامـــەوە، شکـــستی شۆڕشـــی ١٩٦١-١٩٧٥ هەلێکـــە دەبـــێ چـــەپە شۆڕشـــگێڕەکان بیقۆزنـــەوە بـــۆ بانگەشـــەکردن بـــۆ جیهـــانبینیی خۆیـــانو هەڵگیرساندنی شۆڕشێك کەبتوانێ ئامانجـەکانی هـەم لـەڕوی سیاسـییەوە بەدی بێنێ هەم لەڕوی کۆمەلایەتییەوە. کرۆکی ئەم بۆچونە ئەوەیە کەکورد بەسەرکردایەتییەکی خێڵەکی، ناتوانێ ئامانجـەکانی خـۆی بپێکـێ. بۆیـە تیۆرییەکەی ئەو، زۆرتـر پـشت ئەسـتور بـوو بـەوەی کـەکورد پێویـستی بەشۆڕشـــێکی شـــێوە نوێیـــەو دەبـــێ کرێکـــارانو جوتیـــارانو رۆشـــنبیرە شۆڕشگێڕەکانو کاسبکاران رۆڵی سەرەکیو کاریگەری تێدا بگێـڕن. ئـارام لەتـــەموزی ١٩٧٦، لـــەدوتوێی وتارێکـــدا بەناونیـــشانی "بـــاری ئێـــستای کوردستان" کەناوی خۆی لەسەر دانانەوەو بەناوی لیژنـەی سـەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکانەوە نوسیویەتی، گوزارشتی لەم بیرۆکەیـە کـردووە. لـەم وتارەدا ئەم چوار چینە بە"چینە چەوساوکان" ناو دەباو بانگەشـە بـۆ ئـەوە دەکا کە بەبێ یەکگرتنی ئەم چوار چینە سەرکەوتنی شۆڕش مەحاڵە[1].

لەناوەڕۆکدا، ئەوەی کەلێرە ئارام باسی دەکا هەمـان تیۆرییە ماوییەکەیە کە گەل بەسەر چوار چیندا دابەش دەکا کەبریتین لـەکرێکاران، جوتیـاران، وردە بورژوازیو بورژوازیی نیشتمانی. وەك سەرنج دەدرێ، لیستەکەی ئـارام هیچ جێیەکی بۆ بورژوازیی نیشتمانی نەکردۆتەوە.

---

[1] هەڵبژاردەکان، چاپی ١٩٨٠، ل٣٩.

پاش ساڵێك، ئارام بەلیستی چینە چەوساوەكاندا دەچێتەوەو بورژوازییەك نیشتمانیشی بۆ زیاد دەكا. لەئەیلولی ۱۹۷۷ لەدوتوێی وتارێكدا دەربارەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو شۆڕش كە لەرۆژنامەی "ئالای شۆڕش" بلاوكراوەتەوە، چینە چەوساوەكان بەم جۆرە ریز دەكا كەبریتین لەكرێكاران، جوتیاران، بورژوازیی بچوكو باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانیو لەم سەروبەندەدا بانگەشە بۆ ئەوە دەكا كەدەكرێ لەم چوار چینە بەرەیەكی یەكگرتوو بەسەركردایەتیی چینی كرێكارو حزبە پێشڕەوەكەی پێك بێ بۆ ئەنجامدانی ئەركەكانی قۆناغی شۆڕشی دیموكراتیی گەل[٢].

جیاوازییەك لەنێوان هەردوو لیستدا هەیە. لەلیستی ساڵی ۱۹۷٦ ناوی هیچ بورژوازییەك نەهاتووە، نە بورژوازیی بچوكو نە بورژوازیی نیشتمانی. بەڵام بوارێكی زۆر بۆ ژماردنی كاسبكاران بەبورژوازیی بچوك هەیەو ئەمە قەرەبوی ناو نەهێنانی بورژوازیی بچوك دەكا. لێرە تەنها رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەكان دەمێننەوە كە لەبنەڕەتدا چین پێك ناهێنن بەڵكو تاك تاك بەر چەند چینێكی جیاواز دەكەونو بەڕەچەك دەچنەوە سەر چینەكانی تر. لەم رووەوە تیۆرییەكە پەراوێزێكی فراوانی بۆ فرە رەچەڵەكیی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەكان هێشتۆتەوە. بەم پێیە، دەشێ رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەكان بچنەوە سەر كاسبكارانی شارەكان یان جوتیارانی لادێو تەنانەت دەكرێ ریشەی كۆمەلایەتییان بگەڕێوەتەوە سەر توێژە دەوڵەمەندەكانیش. ئەمە ئەوە دەردەخا كەئەم لیستەی ئارام باسی چوار چین ناكا، بەڵكو باسی سێ چینی

[2]هەڵبژاردەكان، ل۷۱.

کۆمەڵایەتی دەکا کە بریتین لەکرێکاران، جوتیارانو وردە بورژوازی. لەڕوی میتۆدەوە، ناو نەهێنانی بورژوازیی نیشتمانی بەڵگەی ئەوەیە کەئەم چینە شایستەی ئەوە نیە کەبخرێتە ریزی چینە شۆڕشگێرەکانەوە. لەلیستی ساڵی ١٩٧٧دا ئارام بەخۆیدا دەچێتەوەو بورژوازیی نیشتمانی بۆ لیستەکە زیاد دەکا. ئەگەر لەناوەڕۆکی شێوەی داڕشتنی مەسەلەکە ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەئارام لەساڵی ١٩٧٦یش باوەڕی بەوە هەبووە کەچینی بورژوازیی نیشتمانی هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی لەتەوژمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم چینە دڵنیا نەبووە، سەرتاپای رەت کردۆتەوە. دواتر، رەنگە بەهۆی زیادبونی رۆڵی شار لەشۆڕشدا، بەپێویستی زانیوە کەجێیەك بۆ بورژوازیی نیشتمانی لەلیستی چینە شۆڕشگێڕەکان بکاتەوە، بۆیە دەبینین بورژوازیی نیشتمانی بەسەر دوو لەتدا دابەش بکا، لەتێکیان تەوژمی شۆڕشگێڕانەی زیندوی تێدا دەبینرێو لێی دەوەشێتەوە پێی بوترێ باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانیو ئەوی تر هیچ تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی زیندوی تێدا نابینرێو بەرژەوەندیو چارەنوسو ئایندەی خۆی بەداگیرکەرانەوە بەستۆتەوەو چاوەڕێی هیچ رۆڵێکی نیشتمانیی لێ ناکرێ. ناوهێنانی باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانی یارمەتیی ئەوەی دا کەلیستە سێ چینیەکە بکرێ بەلیستێکی چوار چینی کە ئەمەش بەشێوەیەکی باشتر لەگەڵ تیۆرییەکەدا وێك دەهاتەوە.

ئارام پێی وابوو شۆڕشە شێوە نوێکە پێویستی بەحزبێکی پێشڕەوە. وەك هەر شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی ئەو سەردەمە، ئارام باوەڕی تەواوی بەوە

هەبوو کە تێکۆشان حزبی پێشڕەو دروست دەکاو ئەو حزبە دەبێ گوزارشت لەبیروباوەڕی چینی کرێکار بکاتو ئەندامەکانی دەبێ ((هەڵبژاردەی ئەو کەسانە بن کەهۆشیارترینو پێشکەوتوترینو بەتواناترینو دڵسۆزترینو پاکترین کەسانی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بن))[3]و لەو بڕوایەدا بوو کە ((بەبێ حزبێکی وا، شۆڕش بەئامانج ناگات))[4].

ئەم خاڵە ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کەئاخۆ ئارام تا چ ئەندازەیەك لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگدا بووە؟ لەڕاستیدا ئارام لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە لەهیچ نوسینێکیدا باسی ماویزم ناکاو ئەوانەی کەدەیناسنو لەگەڵیدا ژیاون شتی وای لێ ناگێڕنەوە کەبێ بەمایەی ناساندنی وەك ڕۆشنبیرێکی ماوی. بەم پێیە، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەئارام لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بەبیروباوەڕ ماوی بووە. بەڵام جەخت کردنی لەسەر ڕۆڵی مێژویی چینە شۆڕشگێڕەکان لەبزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیداو بانگەشەی بۆ یەکگرتنی ئەو چینانە لەڕێگەی حزبەکانەوە بەشێوەیەکی کاتی لەچوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا، ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ماویزمە لەسەر بیروباوەڕی، چونکە تیۆریی چوار چینە شۆڕشگێڕەکەی گەل تیۆرییەکی بەلشەفییانە نیەو لینین بانگەشەی بۆ نەکردووە. ئەم تیۆرییە ماوتسی تۆنگ دایهێناوە. ئەزمونی چین نیشانی داوە کەکۆمۆنیستەکان بۆ رزگاربون لەداگیرکەرە ژاپۆنییەکان نەرمییەکی

---

[3] هەڵبژاردەکان، ل٤٠.

[4] هەڵبژاردەکان، ل٤١.

تاکتیکییان نواند کەبووە مایەی رەخساندنی دەرفەت بۆ یەکگرتنی کۆمۆنیستەکانو حزبی کۆمنتانگی بورژوازی لەدژی دوژمنی هاوبەش. کۆمۆنیستەکان تەنانەت پاش دامەزراندنی کۆماری گەلی چینیش باوەڕیان وابوو کەچین هێشتا پێویستی بەهاوپەیمانیی کرێکارانو بورژوازییە، بۆیە بەرەیەکیان لەگەڵ ئەو حزبە بورژوازییانەدا پێکهێنا کەدژایەتیی سۆسیالیزمیان نەدەکردو ئامادە بون مل بۆ دەسەلاتی کۆمۆنیستەکان کەچ بکەن.

بانگەشەی ئارام بۆ هەندێ بیروباوەڕی ماویزم بەڵگەی ئەوە نیە کەماوی بووە، بەلام ئەمە نیشانی دەدا کەئارام ئەزمونی چینی تاوتوێ کردووەو نوسینەکانی ماو تسی تۆنگو رابەرە چینییەکانی تری بەوردی خوێندۆتەوە.

ئاشکرایە کەئارام لەقۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی سیاسییدا وازی لەماویزم هێناوە بەلام وازهێنانی لەبیروباوەڕەکە بەمانای لێ هەڵگەڕانەوە نایە. ئەوەی کە لەگەڵ لۆجێکدا دەگونجێ، ئەوەیە کەئارام پەیتا پەیتا باوەڕی بەماویزم لەق بووەو چەند لەماو دورکەوتۆتەوە، ئەوەندەش وردە وردە زیاتر لەلینین نزیك بۆتەوە. بەوردی دیاریکردنی کاتی وازهێنانی لەماویزم کارێکی زەحمەتە. بەلام دەتوانرێ بەبەڵگەوە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە تا ساڵی **١٩٧٢** خۆی بەماوی، یاخود لانی کەم بەهاوسۆزی ماویزم، داناوە. لەو پەنجا وتارەی کە بەناوێکی خوازراوەوە لەرۆژنامەی ((هاوکاری)) بلاوی کردۆتەوە، لەیەکێکیاندا کەمێژوی بۆ ساڵی **١٩٧٢** دەگەڕێتەوە، ناوی ماو تسی تۆنگ دێنێو پەرەگرافێکیش لەوتەکانی ماو کەمێژوی دەچێتەوە سەر

ساڵی ١٩٥٧، وەردەگرێ. وتارەکە ئاسەواری ماویزمی بەئاشکرا پێوە دیارە. لەدوتوێی وتارەکەدا، کەتایبەتە بەسەردانی سەرۆکی ئەمریکا ریچارد نیکسن بۆ چین، زۆر بەشانو باڵی چین هەڵدەداو رێزێکی زۆر بۆ دکتاتۆریای کرێکاران نیشان دەدا. لەهەمووی سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە لەم وتارەدا دەستەواژەی ((بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگ))ی بەکارهێناوە کەدەستەواژەیەکە تەنها ماوییەکان بەکاری دێنن و بەهۆیەوە ماویزم دەکەن بەهاوتای مارکسیزمو لینینیزم، هەروەك ماو تسی تۆنگ لەڕێی ئەو بیروباوەڕەوە وەك درێژەپێدەرو نۆژەنکەرەوەو پەرەپێدەری مارکسیزم- لینینیزم دەخەنە ریزی پێنج رابەرە جیهانییەکەی کرێکاران کەبریتین لەمارکس، ئەنگلس، لینین، ستالین و ماو تسی تۆنگ. ئەمە بەم مانایە دێ کەگەشتی دورکەتنەوەی پەیتا پەیتای ئارام لەماویزم، پاش ئەم وتارە دەستی پێکردووە بەڵام زەحمەتە بتوانرێ ئەوە دیاری بکرێ کەچەند پاش ئەم وتارە، وازی لەماویزم هێناوە. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەدەشێ ئەم ماوەیە کەوتبێتە نێوان ١٩٧٣و ١٩٧٥. دەبێ ئەوەش رەچاو بکرێ، کەوازهێنانی لەماویزم بەم مانایە نیە کە ئەم بیروباوەڕە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی بەجێ نەهێشتووە.

کاریگەریی ماویزم لەسەر بیروبۆچونی ئارام پاش ساڵی ١٩٧٥ لەوەدا دەردەکەوێ کە ئارام لەهەندێ لەنوسینەکانی، ئەو دەستەواژانەی بەکار هێناوە کە تەنها ماوییەکان بەکار دێنن، لەوانە دەستەواژەی ((ریڤیژیونیزم)) کە ئاماژەیە بۆ لادان لەمارکسیزم.

وازهێنانی لەماویزم، بەو مانایە دێ کەئارام مـاوی لەپلەیـەکی نـزمتر داناوەو وازی لەوە هێناوە کە ماو بەسەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی خۆیو چین وەك سەنتەری شۆڕشی جیهانیو مۆدێلی سۆسیالیزمی داواکراوی خـۆی بزانـێ. وازهێنانەکە لەگەوهەردا گەڕانەوە بـوو بـۆ لای لیـنینو لـەم سـەروبەندەدا لینینی کردەوە بەسەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی خۆیو بەڕەوای نەزانی لینین بەماو بگۆڕێتەوە. ئەگەر بچینەوە سەر رۆژنامەی ((ئالآی شۆڕش)) دەبینین ئـارام لەدوتوێی نمـایش کردنـی کتێبەکـەی ((دەوڵـەتو شـۆڕش))ی لینینـدا، بەوپەڕی رێزەوە ناوی لینین دێنێو بەشـێوەی ((لینینـی مـەزن، بلیمـەتو پێشەوای پرۆلیتاریای جیهانو سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستیو دامەزرێنەری یەکـەمین دەوڵـەتی سۆسیالیـست لـەژێر سـایەی دەسـەڵاتی پرۆلیتاریادا لەجیهاندا..))[5] بەخوێنەری دەناسێنێ، لەکاتێکدا بەیەك تاکە وشە ناوی ماو ناهێنێو ئاماژە بەهیچ نوسینو وتەیەکی ناکا.

نمـایش کردنـی مەسـەلەکە بـەم شـێوەیە، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ راستییەکی ئاماژە پێنەکراو لەبەردەمماندا قوت دەکاتـەوە، ئـەویش ئەوەیـە کەکۆمەڵـەی سـەردەمی کۆمیتـەی هەرێمـەکان لـەبیروباوەڕو بۆچـونی ئایدیۆلۆژیـدا تـەواو جیـاوازە لەکۆمەڵـەی پـێش سـەردەمی پەیـدابونی کۆمیتـەی هەرێمـەکان. بەواتایـەکی راشـکاوتر، ئەمـە جیاوازییـەکی بنچینەیی لەپەیکەری ئایدیۆلۆژیادا لەنێوان رەوتی ئارامو رەوتـی شـەهاب شێخ نوری پیشان دەدا.

---

[5] هەڵبژاردەکان، ل٧٠.

کۆمەڵە لەساڵی ۱۹۷۰دا وەك ڕێکخراوێکی شۆڕشگێری ماوی دامەزراو هەر وا مایەوە تا کۆمیتەی هەرێمەکان داهاتو رابەرایەتیی کۆمەڵەی کرد. لێرە بەدواوە ناتوانرێ کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی ماوی بناسرێ چونکە ئارام تەواوی پەیکەری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵەی گۆڕیو هەنگاوێکی هەراوی بۆ رزگارکردنی کۆمەڵە لەداخرانو بیروبۆچونی توند هەڵهێنا. ئەمەش یارمەتیی پەیدابونی کۆمەڵەیەکی کراوەترو دینامیکیتری دا.

دیاریکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە لەقۆناغی پێش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکانو وردتر لەسەردەمی باڵادەستیی رەوتی ماویزم لەماوەی نێوان ۱۹۷۰و کۆتایی ی ۱۹۷۵، هەندێ دژواریی دێتە بەر رێ. سەرەڕای ئەوەی کەهیچ گومان لەماوییبونی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا نیە، بەتایبەتی کەئەندامە دێرینەکانی ئەم رێکخراوە لەلێدوانو نوسینو گێڕانەوەی یاداشتەکانیاندا نکوڵی لەم مەسەلەیە ناکەن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پشت بەدیکۆمێنتی یەکلاکەرەوە ببەستین، رەنگە روبەڕوی هەندێ ئاستەنگ ببینەوە چونکە لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئەوەندەی وەك گروپێکی نهێنی هەڵسوڕاوە ئەوەندە وەك حزبێکی سیاسی هەڵنەسوڕاوەو ئەوەندەی کەبایەخی بەپتەوکردنی ستراکتۆری رێکخراوەیی داوە ئەوەندە بایەخی بەخۆناساندنو خۆ ئاشکراکردن نەداوە. ئەمەش وای کردوە کەمترین دیکۆمێنتی نوسراوی ئەو سەردەمەمان چنگ کەوێ. دیارە دەتوانرێ لەم مەسەلەیەدا پشت بەو ژمارە کەمەی دیکۆمێنتە نوسراوە پارێزراوەکانی کۆمەڵە ببەستین کە لەبەر دەستدانو بڕیار لەسەر

میتۆدی بیرکردنەوەی کۆمەڵە بدەین بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لەم تاوتوێ کردنە بەدەست دێ، بەدڵنیاییەوە ناتەواو دەردەچێ چونکە ناتوانین پشت بەدیکۆمێنتە رەسەنە بنچینەیی یەکانی وەك بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامەی دامەزراندنو ناوەڕۆکی وتارەکانی ئۆرگانی ناوەندی ببەستین.

کۆمەڵە لەهەلومەرجێکی نائاساییدا دامەزراو ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێك بۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٧١بکەین، دەبێ وای بۆ بچین کەئەم بڕیارە رەنگدانەوەی بەزینی چەپی کوردە لەو قۆناغەدا. بۆیە پێداگرتن لەسەر پرنسیپی بەنهێنی کارکردن لەو ماوەیەداو ئاشکرا نەکردنی هەڵسوڕانی رێکخراوەیی، وەك مەراقێکی سەرەکی مایەوە. لەناو چینی رۆشنبیردا ئەندامەکان وەك لایەنگری رەوتێکی فیکریی نارێکخراو گوزارشتیان لەخۆیان دەکرد نەك وەك گروپێکی رێکخراوی خاوەن بەرنامەو سەرکردایەتی. ئێمە لەم قۆناغەدا، بۆ ناسینی شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵە، ناتوانین پشت بە بەیاننامەی دامەزراندن ببەستین چونکە کۆمەڵە لەبنەڕەتدا هیچ بەیاننامەیەکی دامەزراندنی نیە، هەروەها هیچ کۆنگرەیەکیشی نەبەستووەو هیچ کۆبونەوەیەکی فراوانیشی بەنهێنی رێك نەخستووەو لەم سۆنگەیەوە دیکۆمێنتی کۆنگرەی نیە. ئەمە بۆ ماوەی ١١ ساڵ کۆمەڵەی بەبێ دامەزراوەی سەرکردایەتی هێشتەوە.

لەو سێ ژمارەیەی رۆژنامەی ((ئاڵای سور)) کەکۆمەڵە لەساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لەکەرکوك دەری کردووە، هیچ ژمارەیەك چنگ ناکەوێ.

بەڵام بەپشت بەستن بەدەقە پارێزراوەکانی ئەو سەردەمەو بەوردبونەوە لەبەرنامەی پەروەردەکردنی ئەندامان لەئەلقە رۆشنبیرییەکان کەئەندامان تێیدا ئاشنای بیروباوەڕی ماویزم دەکران، دەردەکەوێ کەکۆمەڵەی پێش پەیدابونی کۆمیتەی هەرێمەکان رەنگێکی ماویستیی تەواوی هەبوو، هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی خۆی لەخۆیدا ناوێکی ماویستییە چونکە لەو سەردەمەدا حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بەپەکین بۆ خۆجیاکردنەوە لەحزبە، کۆمۆنیستەکانی سەر بەمۆسکۆو وەك گوزارشتێك لەداننەنان بەمارکسیستی بوونی ئەو حزبانە، دەستەواژەی مارکسی- لینینییان بۆ خۆیان بەکار دەهێنا.

گومان لەوەدا نیە کە هەردوو رەوت لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیادا بونو لەسەر زۆر شت هاوڕا بون، بەڵام لەوردەکارییەکاندا هاوڕا نەبون. هەردوکیان لەسەر ئەوە یەکدەنگ بون کەڕوسەکان شایستەی رەخنە لێگرتنن چونکە لەجێبەجێ کردنی ئەرکە شۆڕشگێڕییە جیهانییەکانیان کەمتەرخەمنو بەرژەوەندییە ماددییەکانیان خستۆتە سەروی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە. لەم نێوانەدا رەوتی شەهاب شێخ نوری تەنها بەوە دانەکەوت کەرەخنە لەسیاسەتی روس بگرێ، بەڵکو بەهەمان پێودانگی نۆڕینی پەکین، پێی وابوو یەکێتیی سۆڤێت لەوە تێپەڕیوە کە بەدەوڵەتێکی سۆسیالیست بژمێردرێو لەهەڵسوڕاندا وەك دەوڵەتێکی سۆسیال - ئیمپریالیست هەڵسوکەوت دەکاو بەپێودانگی تیۆرییەکەی چارل باتلهایم لەو بڕوایەدا بوو کە یەکێتیی سۆڤێت بەناو دەوڵەتێکی سۆسیالیستەو

بـــەناوەڕۆك ســـەرمـايەدارييە. ڕەوتـــی ئـــارام ســـەرەڕای سەرزەنـــشت كردنـــی سیاسەتی مۆسكۆ، ڕەخنەكانی نەگەیاندە ئەو ڕادەیەی كەیەكێتیی ســۆڤێت بەسۆسیال ـ ئیمپریالیستو سەرمایەدار بناسێنێ.

كۆمەڵـــەی پـــێش كۆمیتـــەی هەرێمـــەكان، مـــاوی وەك تیۆریـــسینی ماركسیزمی سەردەمی ڕوخانی ئیمپریالیزم دەناساندو ئەزمونی چینی وەك ئەزمونێكی جیهانیی شایستەی چاولێكردنو لاسایی هەڵدەسەنگاند. بەلای ڕەوتی ئارامەوە، ماو وەك ســەركردەیەكی شۆڕشــگێڕ شایــستەی ڕێزلێنانــە بەڵام زێدەڕۆیی كــردن لەكاریگــەریی ڕۆڵـی جیهــانییو گــەورەكردنی بــەو ئەندازەیەی كەشان لەشانی مــاركسو لیــنین بــدا، خزمــەت بەجوڵانــەوەی شۆڕشگێڕی ناكا. هەر بــەو پێودانگــەش بــاوەڕی وابــوو كەئــەزمونی چــین ئــەزمونێكی جیهــانی نیــەو دەكــرێ وەك ئــەزمونێكی لۆكــال كــەڵكی لێ وەربگیرێ.

ســـەبارەت بەهەڵوێـــست لـــەپارتی كۆمۆنیـــستی عـــیراق، پێناچـــێ جیاوازییەكی ئەوتۆ لەهەڵوێستیان هەبووبێ. هەردوكیان پێیان وابوو حزبی كۆمۆنیستی عیراق لەماركسیزم لایداوەو چیتر ناتوانێ نوێنەرایەتیی چینی كرێكاری عیراق بكات. بەلای ئارامەوە، هەڵسوكەوتو سیاســەتی چــەوتی پارتی كۆمۆنیستی عیراق، سەرباری ئــەوەی كــەگرفتێكی زۆری بــۆ خــودی حزبەكە دروست كردووە، بیروباوەڕی ماركسیزمی بەدناو كردووەو بۆتە هــۆی تەگــەرەدان لەبڵاوبونــەوەی بیروباوەڕەكــە لــەناو جــەماوەر[6]. ئــەم بۆچــونە

[6] هەڵبژاردەكان، ل٥٥.

لەبۆچونی کۆمەڵەی پێش کۆمیتەی هەرێمەکان جیاوازە چونکە تـا سـاڵی ١٩٧٥ ئەو تیۆرییە لەناو کۆمەڵەدا باو بوو کەپارتی کۆمۆنیـستی عـیراق بە سەرچاوە ئیلهامبەخشەکەیەوە (واتە یـەکێتیی سـۆڤێت) چـیتر توانـای نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چینی کرێکاری نـەماوە، بەڵام ئـارام یـەکێتیی سـۆڤێتو پـارتی کۆمۆنیـستی عیراقـی لێـك جیـا دەکردەوەو ئەو تێکەڵ کردنەی بەپێویست نەدەزانی.

مایـــەی تێڕامانـــە کـــەئارام لەنوســـینەکانیدا هـــەرگیز وشـــەی ((کۆمۆنیزم))ی بەکار نەهێناوەو هەمیشە کەباسی کۆمـۆنیزمی کـردووە بەشێوەی مارکسیزم- لینینیزمو کەباسی کۆمەڵەی کردووە بەمارکسیست- لینینـست گوزارشـتی لێ کـردووە. یـەکێ لـەگرنگترین هۆکـاری ئـەم هەڵوێستەی ئەوەیە کەدەستەواژەی ((کۆمۆنیزم)) لەبـەر ڕەفتـاری چـەوتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق باقو بریقی جـارانی لەدەسـت دابـوو و کـەڵکی ئەوەی تێدا نەمابوو کەشانازیی پێوە بکرێ. لەنوسینەکانیدا کەباسی گروپە کۆمۆنیستەکانی تری عیراق دەکـا، ئـارام بەشـێوەی((ڕێکخـراوو گـروپو دەستەو کەسانی مارکسی- لینینی))[٧] ئاماژەیـان بـۆ دەکـاو وای دادەنـێ کەیەکێ لەئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەی((ئـاڵای شـۆڕش)) خـۆی لـەوەدی هێنانی یەکێتیی خەباتی مارکسییە ـ لینینییەکانی عیراقـدا دەبینێتـەوە. وەك ناوەڕۆکی ڕستەکە دەری بڕیوە، ئەو لێرەدا پـارتی کۆمۆنیـستی عـیراق ناخانە ریزی گروپە مارکسیست ـ لینینیستەکانەوە.

[7] هەڵبژاردەکان، ل ٦٧.

فاکتەرێك هەیە رەنگە رۆڵێکی دیاری لەگەلاڵەکردنی بۆچونەکانی ئارام سەبارەت بەسۆسیالیزمی سۆڤێتی هەبووبێ، ئەویش ئەوەیە کەئارام سێ جار لەساڵانی ١٩٦٩و ١٩٧٠و ١٩٧٢دا، سەردانی روسیای کردووە. ئەم سێ سەردانە سۆسیالیزمی سۆڤێتییان بەئارام ناساند. ئەگەرچی پێناچێ سەرسام بووبێ بەو سۆسیالیزمە، بەلام ئەو سەردانانە ئەوەیان لای چەسپاند کەئەو سیستمە ئابورییە- کۆمەلایەتییەی کەروسەکان وەك ئەزمونێکی سۆسیالیستی دایانمەزراندووە، هەر ئەوەندەی لێ هەڵدەکرێندرێ کەتوانیویانە ئەنجامی بدەن. رەخنەکانی لەو سیستمە ئابورییە ـ کۆمەلایەتییە بەقەد رەخنەکانی شەهاب شێخ نوری توند نەبونو وایان لێ نەکرد بەرگی سۆسیالیستبون لەسیستمەکە دابماڵێ. شەهاب شێخ نوری روسیای نەدی بوو، بۆیە بەئاسانی باوەڕەی بەوە هێنا کەئەوەی لەروسیا هەیە، سۆسیالیزم نیە، سەرمایەدارییە لەبەرگی سۆسیالیزمدا. خودی ئارام نکوڵیی لەکەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی سۆڤێتی نەدەکرد، بەلام زۆریی کەموکوڕییەکانی نەکردە پێوەر بۆ داماڵینی روخساری سۆسیالیستی لەیەکێتیی سۆڤێت.

دەکرێ هۆیەکی تریش بۆ میانڕەویی نۆڕینەکەی ئارام بۆ یەکێتیی سۆڤێت بدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە کەخێزانەکەی، خانم لیدیا ئیڤانۆڤنا، بەڕەگەز روسییەو ئەگەری ئەوەی کەڕۆڵی هەبووبێ لەڕاستکردنەوەی هەندێ لەبۆچونە چەوتەکانی دەربارەی شێوەی ژیان لەیەکێتیی سۆڤێت، ئەگەرێکی دور نیە.

ئەوەی کە لـەم بـوارەدا کـۆدەنگیی لەسـەر هەیـە، ئەوەیـە کـەکاروانی دورکەوتنەوەی کۆمەڵـە لـەماویزم لەسـەردەمی کۆمیتـەی هەرێمەکانـدا دەستی پێ کـردووە. لـەم روەوە دورخـستنەوەی کۆمەڵـە لـەماویزم بەسـێ وێستگەدا تێپەڕیوە. وێستگەی یەکەم وێـستگەی کۆمیتـەی هەرێمەکانـە کەئارام تێیدا دەستێکی باڵای هەیە. وێستگەی دووەم کۆبونـەوەی کۆتـایی ساڵی ١٩٧٨ی کادیرانە لەگوندی شـێنێ کەتێیـدا بڕیـار درا مـاویزم وەك ئەزمونێکی لۆکال نەك وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئایـدیۆلۆژیا، سـودی لێ وەربگیرێ. وێستگەی سێیەم بەستنی کۆنفرەنـسی یەکـەمی کۆمەڵەیـە لەساڵی ١٩٨١ کەتێیدا بڕیارەکانی کۆبونەوەی شێنێ شەرعیەتی تـەواویان بەدەست هێنا. لەوێستگەی دووەمو سـێیەمدا رۆڵـی سـەرەکی، زۆرتـر بـۆ نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە.

### ٣- پێویستیی رۆژنامەی ناوەندی

پێداگرتنی ئارام لەسـەر پێویـستیی بـونی رۆژنامەیـەکی ناوەنـدی بـۆ کۆمەڵـە مایـەی تێڕامانـە. پێـداگرتنی بـەو توندوتۆڵییـە لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە نیـشانەی درك کردنـە بەکاریگـەریی وشـەی نوسـراو لەسـەر ویژدانی تێکۆشەرو رەوتی خەبات. بە بەراورد، ئەو باشتر درکـی بەبایـەخی رۆژنامـەی ناوەندی کردبـوو. هانـدەر بـۆ ئـەم بۆچـونە ئەوەیـە کەکۆمەڵـە لـەماوەی پێـنج سـاڵداو لەهەلومەرجێکـدا کەدژوارییـەکانی هـیچ کـات نەگەیشتونەتە ئەو دژوارییانەی کە لەسـەردەمی کۆمیتـەی هەرێمەکانـدا

لەبەردەم کۆمەڵەدا قوت بونەوە، تەنها سێ ژمارەی لەرۆژنامەی ((ئاڵای سور))دەرکردوە، لەکاتێکدا ئارام پاش گواستنەوەی سەنتەری هەڵسوڕانی لەشارەوە بۆ لادێ لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٦، پاش یانزە مانگ یەکەم ژمارەی ((ئاڵای شۆڕش))ی دەرکردو کاتێکیش لەکۆتایی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ شەهید بوو، ژمارەی دووی رۆژنامەکە لەجانتاکەیدا ئامادە بوو بۆ چاپ.

بەلای ئارامەوە یەکێ لەئامرازە کاریگەرەکانی یەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕان، رۆژنامەی ناوەندییە. ئەمەش لەناوەڕۆکدا بیرۆکەیەکی تەواو لینینیستییە. لینین پێی وابوو شۆڕشگێڕان پێویستیان بەئامرازێکە بۆ پتەوکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژییانو قوڵ کردنەوەی هۆشیاریی چینایەتییان. لەو سەردەمەدا لینین ئەو ئامرازەی لەشێوەی رۆژنامەدا بینیوە. لێرە ئارام هەمان ئەم بیرۆکەیە دوبارە دەکاتەوە. ئەگەر بەوردی ئەو وتارەی رۆژنامەی ((ئاڵای شۆڕش)) بخوێنینەوە کە لەژێر سەردێری ((خەباتی ئاڵای شۆڕش)) نوسیویەتی، دەمو دەست هەست بەوە دەکەین کەئارام زۆر دڵی بەو رۆژنامەیە خۆشەو هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵچنیوەو لەو بڕوایەدایە کەئەرکی سەر شانی ئەم رۆژنامەیە کەمتر نیە لەئەرکی رزگارکردنی نیشتمان لەداگیرکەر.

لەم مەسەلەیەدا، شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵە زۆرتر سەرسام بوون بەرۆژنامە چەپەکەی ((هەدەف)) (الهدف) کەبەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین بەسەرۆکایەتیی جۆرج حەبەش دەری دەکردو هەمو ئاواتیان ئەوە

بـــوو شۆڕشـــگێرانی کـــورد بگەنـــە ئـــەو ئاســـتەی کـــە لەڕاگەیاندنـــدا بڵاوکراوەیەکی وەك ئەوەی ڕێکخراوەکەی جـۆرج حەبـەش دەرکـەن. گومـان لەوەدا نیە کەئەگەر ((ئاڵای شۆڕش)) لەسەر دەستی ئارام بەردەوام بوایـە، دەیتوانی بەشێکی زۆر لـەو ئەرکـە بـەدی بێنـێ کەئومێـدی بـەدیهێنانی هەبوو. بەڵام مەرگی ناوادەی، ئەم ئاواتەی لەبار برد.

## ٤- مەسەلەی نیشتمانی

ئەگەرچی ئارام بەچاویلکەی پێداویـستییە ئایدیۆلۆژییـەکان تەماشـای مەسەلەی نەتەوایەتیی دەکرد بەڵام پێی وا نەبوو شۆڕشـگێری مارکسیـست دەبێ کۆسمۆپۆلیت بێ‌و هەستی نەتەوایەتی بەیەکجارەکی لەخۆی دابماڵـێ. وردتر، پێی وابوو ئەگەر مارکسیستەکان رابەرایەتیی بزوتنەوەی نەتـەوەیی بکەن، هەم ئەرکی نیشتمانیی خۆیان جێبـەجێ دەکـەن هـەم خزمـەتێکی گـەورە بەبزوتنـەوەی شۆڕشـی سۆسیالیـستی جیهـان دەگەیـەنن. لـەم سۆنگەیەوە، لەو بڕوایەدا بوو کەپەراوێزێك هەیە تێیدا دەتوانرێ فاکتـەری نیشتمانی‌و فاکتەری چینایەتی تێکهەڵکێشی یەکتری بکرێن.

بـەڵام دیـدی ئـارام بـۆ دیموکراسـی جیـاوازە لـەو دیـدەی کەئـەمڕۆ لەکوردستاندا باوە. ئـەو، وەك شۆڕشـگێڕێکی مارکسیـست، روخـسارێکی چینایەتیی بەدیموکراسی دەبەخشی. لەم سەروبەندەدا ئەگەر بچینە سەر ئەو وتارەی کەتێیدا ئەندێشەکانی کتێبی ((دەوڵەت‌و شۆڕش))ی لینینی شـی کردۆتـەوە، شـتێکی وا لەخوێندنـەوەی هەڵـدەکرێنین کـەئارام بـاوەڕی

بەدیموکراسیی چوار چینە شۆڕشگێڕەکە هەیەو وای دەبینێ کەمەرجی سەرکەوتنی ئەو دیموکراسییە ئەوەیە کەچینی کرێکار رابەرایەتیی بکا. بۆیە کەدالْغەی بەرژێمی سیاسیی داهاتوی عیراق لێدەدا، وای دەهاتە بەرچاو کەرژێمی داهاتوو رژێمی دیموکراتی چوار چینە شۆڕشگێرەکەیە بەرابەرایەتیی چینی کرێکار کە دیموکراسیی راستەقینە بۆ عیراق‌و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد دابین دەکات.

بەپێوەرەکانی ئەو سەردەمە، ئەم بۆچونانە لەناوەندە شۆڕشگێڕە مارکسیستەکان شتێکی ئاساییٖن. دەبێ لەم بوارەدا ئەوەش لەبەرچاو بێ کەئارام نە باوەڕی بەلیبرالیزم هەبووەو نە پشتگیریی لەدیموکراسیی بورژوازی کردووە. ئەو وەك هەر شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی ئەو سەردەمە لەو بڕوایەدا بوو کەدیموکراسیی رۆژئاوایی دیموکراسییەکی درۆزنانەیەو چینە هەژارەکانی پێ تەفرە دەدرێ‌و تەواو لەو بڕوایەدا بوو کەئەم دیموکراسییە دیموکراسیی دەوڵەمەندەکانە. ئەو دیموکراسییەی ئەو باوەڕەی پێ بوو، دیموکراسیی چینە هەژارەکان بوو. ئەم بۆچونە بەڕادەیەك بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵە کە وای بۆ دەچوو مادام دیموکراسیی لیبرال بەرهەمی سەرمایەدارییە، لەئامرازێکی بورژوازی بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان بەولاوە هیچی تر نیە.

دیدی ئارام بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەعیراقدا لەڕوی ئایدیۆلۆژییەوە دیدێکی پێشکەوتوو بوو. زۆرتر جەختی دەکردە سەر تێزی مافی چارەی خۆنوسین. بەڵام ئەمە نیوەی راستییەکەیە. نیوەکەی تر ئەوەیە

کەئارام بەدوو شێوە باسی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی کردووە. لەو دیکۆمێنتانەی کە بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بلاوی کردونەتەوە، لەوانە راگەیەنراوەکەی ئەیلولی ١٩٧٦ کەبەناوی دەستەی دامەزرێنەرەوە دەرچووە، هیچ باسی مافی چارەی خۆنوسینی نەکردووەو زۆرتر پابەند بووە بەسیاسەتی راگەیەندراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دروشمە سەرەکییەکەی کەداوای دیموکراسی بۆ عیراقو ئۆتۆنۆمیی راستەقینەی بۆ کورد دەکا. بەلام لەو نوسینانەی کە بەناوی کۆمەلەوە بلاوی کردونەتەوە، باسی مافی چارەی خۆنوسین دەکا. بەرچاوترین خال لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کەئارام پێی وابوو مافی چارەی خۆنوسین تەنها لەو کاتەدا داوا دەکرێو بەدەست دێ کە رژێمی عیراق بڕوخێو عیراقێکی نوێ بەرابەرایەتیی چینی کرێکار پێکەوە بنرێو لەسایەی ئەو عیراقەدا کورد مافی چارەی خۆنوسین بەدەست دێنێ[8]. باوەڕی تەواوی بەم بۆچونە، هانیدا زۆر جەخت بکاتە سەر یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراقو روخاندنی رژێمی دەسەلاتدارو لەم سەروبەندەدا هاوکێشەکە لەلای ئەو بەو جۆرە بوو کە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین لەڕێی روخاندنی رژێمی عیراقو هاتنە سەر رژێمێکی شۆڕشگێڕەوە دەبێ. دیارە زالیی ئایدیۆلۆژیا بەسەر ئەم بیرۆکەیەدا ئەوەندە رونە کەپێویست بەراڤەکردنێکی زۆر ناکا.

---

[8] هەلبژاردەکان، ل ٦٦- ٦٧.

ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە لەگەوهەردا مەسەلەیەکی تیۆریکییــە، بــەڵام پێداگرتن لەسەر بەســتنەوەی بەدەســت هێنــانی مــافی چــارەی خۆنوســین بەڕوخانی رژێمی بورژوازیو هاتنە ســەر کــاری دەســەڵاتی شۆڕشــگێڕانەی کرێکارانــەوە، قــورس کردنــی ئــەرکی شۆڕشــگێڕانی کــوردە بــەخۆڕایی. بــەکردەوەش بــەو مانایــە دێ کــەنابێ مــافی چــارەی خۆنوســین لەڕژێمــە دکتاتۆرەکان داوا بکرێ چونکە ئەو رژێمانە هــەر لەبنەڕەتــدا دان بــەمافی چارەی خۆنوسیندا نانێنو تەنها یەك رێگای بۆ بەدەست هێنانی ئــەم مافــە دیاری کردووە کەڕێگای روخاندنی رژێمە دکتاتۆرەکانە.

لەمەســەلەی نیــشتمانیدا، ئــارام لــەو بڕوایــەدا بــوو کەئەرکەکــەی، تەواوکردنی ئەو ئەرکەیە کەشەهاب شێخ نوری دەستی پێ کردبوو و تەواوی نەکردبوو. سیاسەتەکەی لەم روەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگــەڵ سیاســەتی سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵەدا نیە، بەتایبەتی سەبارەت بەهەوڵــدان بــۆ کردنی کۆمەڵە بەفاکتەرێکی کاراو کاریگەر لــەناو یــەکێتیی نیــشتمانیی کوردستاندا کەتازە لەسوریا پێك هێنرا بوو.

ئارام زۆر دڵی بەیەکێــتیی نیشتمانیی کوردستان خۆش بــوو. ســەرباری ئەوەی کــەوەك نیــشتمانپەروەرێك، رێکخــراوە نیمــچە بــەرەیی یەکــەی بــۆ کۆکردنەوەو بەگەڕخستنی تێکۆشەران بەلاوە پەسند بوو، لەو بڕوایەشدا بوو کەیەکێتی چەترێکی گونجاو بۆ بــەدیهێنانی ئامانجــەکانی کۆمەڵــە دابــین دەکاو ئەو دەرفەتەشی پێ دەبەخشێ کەکار بۆ بەدی هێنانی پارتی پێــشڕەو بکا.

ئەگەر بەتەنها لەڕوانگـەی پێداویـستییە ئایدیۆلۆژییەکانـەوە سـەیری ئەندامێتیی کۆمەڵە لەناو یەکێتی بکەن، دەبێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم ئەندامێتییە چارەسەری ئەو گرفتەی بۆ کۆمەڵە دەکرد کەهەمو گروپە چەپە شۆڕشگێڕەکان لەکۆمـەڵگا دواکەوتووەکانـدا توشـی بـون، ئـەویش نەسـازانی سـەرخانی ئایـدیۆلۆژیو ژێرخـانی کۆمەڵایەتییـە بـەهۆی پێـشکەوتویی لـەبواری ئایـدیۆلۆژیداو دواکـەوتویی لـەبواری کـەلتورو هۆشیاریی چینایەتیدا.

ئارام ئەم گرفتەی بەهەند وەرگرتبوو. ئـەوەی ئەمـە دەسـەلمێنێ ئەوەیـە کەبەشێك لەنوسینەکانی، نیگەرانییەکی زۆریـان لـەم روەوە لێ دەچـۆڕێ[9]. زوو هەسـت کردنـی بـەدژواریی گەشـەکردنی بیروبـاوەڕێکی شـاریی وەك مارکسیزم لەژینگەیەکی لادێیی دواکـەوتوودا، مایـەی سـەرنجە. پوختـەی بۆچونەکەی بەم جۆرەیە کە لەسۆنگەی نزمیی هۆشیاریی سیاسیو نزمیـی ئاستی زانستییەوە بیروباوەڕێکی نامۆو ئاڵۆزی وەك مارکـسیزم بەئاسـانی لەلادێ بڵاو نابێتەوە. یەکەم ئاماژە بۆ ئـەم نیگەرانییـە لـەو ڕێنماییانـەدا دەبینرێن کـە لەئـەیلولی ١٩٧٦دا لـەژێر ناونیـشانی ((ئەرکـەکانمان لـەم پلەیەی خەباتدا)) بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە دەری کردونو تێیدا باس لەوە دەکا کەئاشـکراکردنی روخساری مارکسییانەی جوڵانەوەکـە دەشـێ هەندێ گرفتی لێ بکەوێتەوە[10].

---

[9] هەڵبژاردەکان، ل٥٥

[10] هەڵبژاردەکان، ل٥٥

ئەم نیگەرانییە لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو هانا بردن بۆ لادێ سەری دەرهێناو دوای ئارامیش هەر بەردەوام بوو. بەڵام ئـارام هـیچ پێشنیاری دیاریکراوی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، جگە لەخۆ ئاشـکرا نەکردن، پێ نەبوو. شاردنەوەی روخساری ئایـدیۆلۆژیی کۆمەڵـە کـارێکی سەخت بوو چونکە روخسارە ئایدیۆلۆژییەکە زۆر بەڕونی بەناوەکەیەوە دیـار بوو. رەنگە ئارام ناوی کۆمەڵـەی مارکـسی- لینینیـی کوردسـتانی بـەدڵ نەبووبێ بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئـەوە نیـە کـەبیری لەئەلتـەرناتیڤێك کردبێتەوەو لەڕاستیدا، لەبەر زوو شـەهیدبونی پـاش کـەمتر لـەدوو سـاڵ پێشمەرگایەتی، فریا نەکەوت بیر لەئەلتەرناتیڤێك بکاتەوە. خۆ رزگارکردن لەم کێشەیە، پاش ئـارام سـاڵێك زیـاتری خایانـد. لـەکۆتایی١ی ١٩٧٨دا بیرکردنەوە لەگۆڕینی ناوی کۆمەڵە هەنگاوی گرنگی بـۆ پێـشەوە نـاو بـۆ سـاڵی دواتـر ناوەکـە بەشـێوەیەکی فـەرمی کـرا بەکۆمەڵـەی رەنجـدەران کەئەمـەش پـەراوێزێکی فـراوانتری مـانۆری سیاسـیی بـۆ شۆڕشـگێڕانی کۆمەڵە رەخساند.

ستراتیجی ئـارام لەدەسـتپێکردنەوەی خـەباتی چـەکداردا هـەمان ئـەو ستراتیجەیە کە لەنەخشەی ساڵی ١٩٧٦ی ((رزگاری))ی تالەبانیـدا بـاس کـراوە. لەدروسـت کردنـی یەکـە چـەکدارەکاندا، ئـارام بەشـێوەیەك هەڵسوکەوتی کرد کەشتێکی وای لێ هەڵدەکرێنـدرێ کەویـستویەتی شـار ملکەچی لادێ نەبێ. لەباری سەرنجی مێژوییەوە، باوەڕی وابوو خەباتی لادێ لەقۆناغێکی کاتی بەولاوە هیچی تر نیەو لەکۆتاییدا دەستپێشخەری هـەر

**دەبێ بۆ شار بگەڕێتەوە. ئەم بیرۆکەیە کەبەدڵنیاییی یەوە دورە لەسـوکایەتی کردن بـەلادێ، ڕەنگدانـەوەی گواسـتنەوەی ئایدیۆلۆژیایـەکی شـارییە بـۆ ژینگەیەکی ناشاریو ناتەبا لەگەڵ شاردا. ئارام، وەك شارییەك، نەیدەویست شار بەلادێ بگۆڕێتەوە بەڵام لەهەلومەرجی ئەو کاتەی کوردسـتاندا، هـەر هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی هێز، بەبێ کۆنترۆڵ کردنی لادێ نەدەهاتە دی.**

**ئارام زۆربەی دەستە چەکدارەکانی لەخەڵکی شارەکان دروست کـردو بـۆ ناوچە لادێ نشینەکانی نارد. ستراتیجەکەی، پـشت ئەسـتور بـوو بەشـەڕی پـارتیزانی وەك قۆنـاغی سـەرەتایی جـەنگێکی درێژخایـەن. لـەم ڕووەوە نەیدەویـست شۆڕشـەکە ببـێ بەبزوتنەوەیـەکی یـاخیبونی خێڵـەکی. لەڕاستیشدا پێی وابوو بزوتنەوەی خێڵەکی دەشێ کاریگەریی خراپ لەسـەر سەرکردایەتیی شار بەجێ بێڵێ.**

**لەهەمبـەردا، سـتراتیجی بزوتنـەوەی سۆسیالیـست، هاوخـەباتو هاوپەیمانی نزیکی کۆمەڵە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تـەواو پێچەوانەی ستراتیجی ئارام بـوو. بزوتنـەوەی سۆسیالیـست دەسـتپێکردنی خەباتی چەکداری بەڕێوشوێنێك بۆ بەزۆر هێنانی ڕژێمـی عـێراق بـۆ سـەر مێزی وتووێژ دادەناو لەم سـۆنگەیەوە بزوتنـەوەی سۆسیالیـست ئەوەنـدەی کەپشت ئەستور بوو بەیاخیبونی خێڵەکی، ئەوەنـدە پـشت ئەسـتور نـەبوو بەشەڕی پارتیزانی. جیاوازیی نێوان ئەم دوو ستراتیجە لـەوە دایـە کـەئارام دەیویـست جوڵانـەوەی چـەکدار بگەیەنێتـە ئاسـتی بـەدیهێنانی گـۆڕانی**

کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا بزوتنـەوەی سۆسیالیـست هەڵـسوڕانی چـەکداری بەبێ هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دەویست.

بونی ئەم دوو تێڕوانیە جیاوازە لەناو یەکێتیـدا، دواتـر کاریگـەریی زۆر خراپی لەسەر یەکپارچەیی یەکێتی بەجێ هێشت، بواری پێکەوە هەڵکردنی زۆر تەنگەبەر کردو لەکۆتاییدا، لەساڵی ١٩٧٩دا، بەجیابونەی بزوتنـەوەی سۆسیالیست کۆتایی هات.

## ٥- زمانی نوسین

ئارام بڕێکی زۆر نوسینی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتوە. نوسین بەلایـەوە پیشە نەبوو، بەڵکو ئامرازێك بـوو بـۆ گواسـتنەوەی بـیرو بۆچـونەکان بـۆ دەوروبـەری کۆمەڵایـەتی. ئەمـە وا دەکـا لەڕوانگـە پێداویـستییەکانی راگەیاندنی سیاسیو مەرجە ئایدیۆلۆژییەکانـەوە تەماشـای نوسـینەکانی بکرێ.

زمانی نوسین لەلای ئارام زمانێکی زۆر سادەیە، هیچ ئاڵۆزییـەکی تێـدا نیە. دیارە ئارام خۆی مەبەستی بووە کە بەزمانێکی سادە بنوسـێ چـونکە دەیویست بیرۆکەکان بەسادەترین شێوە بگەیەنێتە مێشکی خوێنـەر، بۆیـە زمانەکەی ئەوەندەی کە لەزمانی ئاخافتنـەوە نزیکـە ئەوەنـدەش لـەزمانی ئاڵۆزی رۆشنبیرەکانەوە دوورە. بەڵام شێوازی نوسینی، لەروی رێزمانەوە بەبێ کەموکوڕی نیەو لەو دەقانەی کـە لـە((هەڵبـژاردەکان))دا کۆکراوەتـەوە، ژمارەیـەکی زۆر هەڵـەی زمانـەوانی بەرچـاو دەکـەوێ کەپێویـستیان

بەڕاستكردنەوە هەیە. ساڵی ١٩٨٠ كاتێك ((هەڵبـژاردەكان)) بـۆ یەكـەم جار بڵاوكرانەوە، دەستكاری نـەكرانو وەكـو خۆیـان بڵاوكرانـەوە. پێدەچـێ سەرپەرشتیارانی چاپكردنی((هەڵبـژاردەكان)) هەسـتیان بەكەموكوڕییـە زمانەوانییەكان كردبێ چونكە لەو چوار تێبینیـەی كـە لـەكۆتایی چـاپی یەكەمی هەڵبژاردەكاندا بڵاو كراونەتەوە، یەكێكیان جەخت لەوە دەكاتـەوە كە((بەهیچ جۆرێ دەستكاریی شێوەو نـاوەڕۆكی نوسـینەكان نـەكراوە))[11].

ئـــەو هۆیـــەی وای لەسەرپەرشـــتیارانی ســـاڵی ١٩٨٠ی چـــاپكردنی هەڵبـــژاردەكان كـــردووە دەســـتكاریی دەقـــەكان نەكـــەنو كەموكوڕییـــە زمانەوانییەكان راست نەكەنەوە، هەمان هۆیە كـەوای لەسەرپەرشـتیارانی چاپی ساڵی ٢٠١٢ كـردوە هەڵـە زمانەوانییـەكان وەكـو خـۆی بهێڵنـەوە. ئەمەش كێشەیەكە توشی هەمو ئەوانە دەبـێ كـە بەئەمانەتـەوە مامەڵـە لەگەڵ دەقە مێژووییەكاندا دەكەنو ماف نادەنە خۆیان دەستكاریی دەقەكان بكەن. ئاشكرایە كە لـەڕوی زانـستیو مێژوییـەوە، هێـشتنەوەی دەقـەكان وەكو خۆیان، تەنانەت بەهەڵەی زمانەوانیـشەوە، خـۆی لەخۆیـدا بایـەخی تایبەتی خۆی هەیە چونكە وێنایـەكی دروسـتترو رۆشـنتر دەربـارەی توانـا بیریارییەكانی خاوەنی دەقەكان بۆ لێكۆڵیاران دەست دەخا. لێرە دەبێ ئاماژە بـۆ ئـەوە بكـرێ كەهەڵـە زمانەوانییـەكانی نـاو وتـارە كۆكراوەكـانی ((هەڵبژاردەكان))ئەوەندە سەرنجڕاكێشو گەورەنین كەكار بكەنە سەر رەوتی ماناكانو بیانشێوێننو رەنگە بەشێكی زۆریان خوێنەری ئاساییو نەشـارەزا

[11] هەڵبژاردەكان، ل ٧٣.

هەستیان پێ نەکا. ئارام ئەوەندەی کە بەلایەوە گرنگ بووە کرۆکی بیرۆکەکە مەبەستی خۆی بپێکێ، بەو ئەندازیە ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە کەنوسینەکە هەڵەی زمانەوانیی تێدا بێ یان نا بەتایبەتی لەهەلومەرجی ئالۆزی ئەو کاتەدا کەئامانجی سەرەکی تێیدا بەگەڕخستنەوەی وزەو تواناکان بووە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو سڕینەوەی نەنگیی هەرەسهێنانی شۆڕش.

جگە لەو تێبینییەی باس کرا، دەشێ دوو تێبینیی دیکە سەبارەت بەشێوازی نوسینی ئارام هەبێ. یەکێکیان ئەوەیە کەئارام لەنوسینەکانیدا بە نەفەسێکی درێژ دەنوسێ و هانا دەباتە بەر وردەکاریی زۆر بۆ رونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کەدەیەوێ لەخوێنەری بگەیەنێ. ئەم خۆ سەرقاڵ کردنە بەتەرخانکردنی پانتاییەکی بەرین بۆ بیرۆکەیەکی سادە کەدەکرا بەشێوەیەکی کورتتر نمایش بکرایە، زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەئارام لەنوسینەکانیدا ویستویەتی هیچ شتێك بەناڕۆشنی نەهێڵێتەوەو بەم پێیە تا لەوە دڵنیا نەبوو بێ کەخوێنەری باش تێگەیاندووە، وازی لێ نەهێناوە. تێبینییەکەی تر ئەوەیە کەئارام لەنوسینەکانیدا زۆر وشەی عەرەبیی بەکار هێناوەو هەرگیز خۆی بەوە سەرقاڵ نەکردوە کەبەرامبەر بۆ ئەو وشانە بدۆزێتەوە. ئەمەش هەر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەمەبەستی سەرەکیی، گەیاندنی بیرۆکەکەیە بەرۆشنترین شێوە. بۆیە لەنوسینەکاندا هیچ جۆرە یاری کردنێك بەوشە بەدی ناکرێ. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کەبەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی

لەنوسینەکاندا، پەیوەندیی بەو رۆژگارەوە هەیە کەئارام وتارەکانی تێدا نوسیوەو هێشتا لەو کاتەدا ئەلتەرناتیڤی گونجاو لەزمانی کوردیدا بۆ ئەو وشانە نەدۆزرابونەوە، جگە لەوەی کەئارام، وەك ئینتەرناسیۆنالیستێکی شۆڕشگێڕ، ئەوەندە دەمارگیر نەبووە کەدژی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی بێ لەنوسین و قسەکردندا. ئارام بەگونجاوو بەئەرکی خۆی نەزانیوە بەرامبەری نامۆ بۆ دەستەواژە باوەکان بدۆزێتەوە. بەڵام لەهەمبەریشدا، دەستەواژەی وای لەهەندێ شوێندا بەکار هێناوە کەزمانی نوسینی پێ دەوڵەمەند بووە، وەك بەکارهێنانی وشەی ((تیرۆر)) کەرەنگە ئارام یەکەم کەس بێ لەنوسینی سیاسیی کوردیدا بەکاری هێنا بێ.

خوێنەرەکانی ئارام ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرد کەپانتایی هۆشیاریی چینایەتی و سیاسییان فراوان بکاو سروشتی ڕووداوەکانیان تێبگەیەنێ. ئەویش ئەم ئەرکەی بەرێکوپێکی جێبەجێ کرد.

فەرید ئەسەسەرد

لێپرسراوی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

# کلیلی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| م. ل | مارکسیزم لینینیزم |
| ی خ ش ک | یـــەکێتیی خوێنـــدکارانی شۆڕشـــگێڕی کوردستان |
| ک. ه | کۆمیتەی هەرێمەکان |
| پ د ک | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ق. م | قیادەی موەقەت |
| ل. ع | لێپرسراوی عەسکەری |
| ر. س | رابەری سیاسی |
| ک. م. ل. ک | کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان |
| کملك | کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان |

# هەندێ زانیاری دەربارەی
# چاپی ١٩٨٠ی "هەڵبژاردەکان"


١ـ چاپی یەکەمی هەڵبژاردەکان ساڵی ١٩٨٠ لەچاپخانەی شەهید برایم عەزۆ لە زەڵێ بە قەبارەی نیو فولسکاب بەشێوەی دەفتەر چاپ کراوە. ژمارەی لاپەڕەکان ی ٧٤ لاپەڕەیە. بەتایپی IBM تایپ کراوەو بەرۆنیۆی دەستی راکێشراوە بەڵام بەرگەکەی بەجیا بەفۆتۆ ستێنسڵ راکێشراوە.

٢ ـ ناونیشانەکانی سەر بەرگ بەدەست نوسراون. لەسەروی بەرگەکە نوسراوە "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان — عیراق"و لەبەشی دەستە راستی سەرەوە بازنەیەك هەیە لەناوی نوسراوە "بەشی یەکەم" کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەرکردنی بەشی تر لەئایندەدا. لەبەرگی دواوە، شیعرێکی هەڤاڵ کوێستانی بلاوکراوەتەوە کە بەبۆنەی یادی شەهیدبونی ئارامەوە نوسیویەتی. شیعرەکە ناوی شاعیرەکەی لەسەر نیەو لەسالانی دواتردا شیعرەکە ئاوازی بۆ دانراو

کـرا بەسـرود. لەبەشـی خـوارەوەی بەرگەکـەدا نوسـراوە نوسـینگەی ڕاگەیاندنو لەژێر ئەویشدا نوسراوە چاپخانەی شـەهید بـرایم عـەزۆ. هەروەها لەپشتی بەرگی پێشەوەش ئاماژە بۆ چاپخانەکە کراوە.

٣ـ ناونیـشانی چـاپی ١٩٨٠ بـەم شـێوەیە بـووە: "هەڵبژاردەیـەك لەنوسینەکانی شەهید ئارام".

٤ـ چاپی ١٩٨٠ پێشەکییەکی ١٢ لاپەڕەیی بەناوی ناوەنـدی کۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتانەوە بـۆ نوسـراوە. ئـەم پێـشەکییە کـاك سـالار عەزیز نوسیویەتی.




**بەرگی چاپی یەکەمی هەڵبژاردەکان**

**لەئەرشیفی کاک محەمەد مێرگەسوری وەرگیراوە**

# پێشەکیی چاپی یەکەم

دوو ساڵ لەمەوبەر، لە ٣١/١/١٩٧٨دا، پێشمەرگەی تێکۆشەرو نەبەزو خۆشەویستی گەلەکەمان، هاوڕێ- شاسوار جەلال — کە لەناو جەماوەری زەحمەتکێشانی میللەتەکەماندا بەهاوڕێ ئارام ناسرابوو، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەمان‌و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک)، لەگوندی تەنگیسەر- ی ناوچەی قەرەداغ - سلێمانی. بەدەستی تاقمێ لەبەکرێ گیراوانی فاشیستەکانی رژێمی بەغدا شەهید کراو دڵی گەورەی سەرکردەیەکی هەڵکەووتووی گەلەکەمان لەلێدان کەوت‌و کەلێنێکی گەورە کەوتە ناو ڕێکخستنی کۆمەڵەمانەوە.. کوژانەوەی مۆمی تەمەنی هاوڕێ ئارام، چرای داگیرساوی بەرەدم هاوڕێیانی تری نەکوژاندەوە، بەڵکو هاوڕێیان زیاتر سووربوونی خۆیان لەسەر خەبات‌و کۆڵنەدان نیشاندا، هۆشیاری‌و دڵسۆزی‌و وەفاداریی خۆیان نیشاندا بەوەی کەدرێژەیان بەوخەباتەدا کەئارام لەپێناویا سەری بەرزی بەخشی، لەگەڵ ئەو هەموو

زەبرو زەنگ‌و کەندرو هەڵدێرانەشا، توانیان لەسەر هەمان رێباز بڕۆن‌و ئاقاری سیاسی هاوڕێ ئارام وون نەکەن.

هاوڕێ ئارام، هەر لەسەرەتای لاویەتییەوە هاتە ناو مەویدانی کار کردن‌و چالاکی سیاسیەوە، چ لەناو ریزەکانی قوتابییان‌و لاواندا، چ لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هەر چالاکی‌و لێهاتوویی خۆی بوو کەکردیە یەکێك لەئەندامە دیارەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان‌و ئینجا ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی کوردستانیش هەتا ساڵی ١٩٧٤.

شان بەشانی چالاکی‌و کاری رۆژانەی ناو رێکخراوەکانیش، دەیان نوسینی لەگۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەم دوو رێکخراوەدا بڵاوکردۆتەوە. هەر لەسەرەتای دروست بوونی کۆمەڵەشەوە، لەتەك تێکۆشەرەکانی تری هاوڕێیدا خەباتی بێ ووچانی خۆی کردوە.

هاوڕێ ئارام سەرەڕای ئەوەی نمونەیەکی بەرزی قوتابییانی مارکسیزم-لینینیزم بوو، بڵاوکەرەوەیەکی ئەو بیروباوەرەش بوو بەزمانێکی سادەو پاراو لەناو جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانداو لەناو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا.....

هاوڕێ ئارام، بەووردی‌و بەقوڵی‌و بەهۆشیاریەکی زۆرەوە لەمەسەلەی پێویستی بوونی حیزبێکی مارکسی- لینینی گەیشتبوو، ئەو حیزبەی کەدەتوانێ بەچاکی بیروباوەڕەکانی بەجەماوەری کرێکاران‌و جوتیاران‌و هەموو رەنجدەرانی تر بگەیەنێت‌و رابەرایەتی خەباتیان بکات تا

سەرکەوتنی تەواو لەدامەزراندنی سۆشیالیزمو سەپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. سەرەڕای ئەوەش کە هەر زوو بتوانێ سەرکردایەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتیش لەدەست برجوازیی راستڕەوو مامڵەچیو برجوازیی بچوکی راڕا دەربێنێ.

هاوڕێ ئارام ئەگەرچی لەچینی بورجوازی بچوکەوە هاتبوو، بەڵام قوتابیەکی دڵسۆزی مارکسیزمی لینینیزم بوو ، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە رستەو لاپەڕەکانیان لەبەرکاو لەموناسەباتی جیا جیادا هەر بیانڵێتو بیانڵێتەوەو هیچ کاتێکیش نەیدەویستو نەیویستووە لەهەستێکی نەتەوە پەرستانەی تەسکەوە بڕوانێتە ئەو مەسەلەیە.. بڕوای بەوە بوو کەمارکسیزم- لینینیزمە زانستی چینە چەوساوەکانەو رۆشن کەرەوەی رێگای سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی نەتەوایەتیەو بەرزترین فورمیلایە(صیغە) بۆ رێکخستنو هۆشیار کردنەوەی کرێکارانو جوتیارانو هەموو رەنجدەرانی ترو خستنە گەڕیان بەرەو خەباتی سەختو نەپساوە تا گەیینە دوا پلەی سەرکەوتن... چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش لای هاوڕێ ئارام، تەنها ئەو روانینە بوو کە لەڕوانگەی چینایەتیو حیزبی چینی کرێکارەوە چارەسەر دەکرێ کەئەویش مافی چارەنووسە بۆ گەلی کورد.

هاوڕێ ئارام، کاتێك کەلەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا کاری دەکرد، زۆر بەووردیو چالاکانە دەیتوانی دەست بخاتە سەر کەموکوڕیەکانی رێکخستنو سەرنجی هاوڕێیانی بەلای خۆیا رابکێشێ.....

هاوڕێ ئارام، هەمیشە ئەوەی لەبەر چاوبوو کە "تیۆریو پرنسیپەکان تەتبیق کردنیان لەووڵاتێکەوە بۆ ووڵاتێکی دیکە دەگۆڕێ بەگشتی" بۆیە لەهەموو کاتو شوێنێکا دژی ئەوەبوو کە بێنو تاقی کرنەوەی حیزبەکانو شۆڕشی گەلانی دنیا بهێنینو کتومت بێ دەسکاری لەووڵاتی خۆماندا دووپاتیان کەینەوە.

کاکە ئارام، مەسەلەی پێکهێنانی حیزبی بەلاوە زۆر گرنگ بوو، بەکارێکی ڕێکەوت یان بەشتێکی جادوگەرانەی نەدەزانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەکارێکی زۆر سروشتی دەزانی کەڕێکخراوێکی بچوکی تێگەیشتوو لەمارکسیزم - لینینیزم بتوانێ گەشە بکاتو ڕەگو ریشەی لەناو کارگەو کێڵگەو نەقابەو جەمعیاتی جوتیارانو قوتابخانەو هەموو دەزگایەکی دەوڵەتا داکوتیو بتوانێ باشترینو هۆشیارترینو پێشکەوتووترین تێکۆشەران، ئەوانەی بڕوای تەواویان بەخەباتی زەحمەتکێشان هەیە لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو، مەسەلەی بوونی سەرکردایەتییەکی هۆشیارو کارامەو دووربینی بەلاوە گرنگ بوو، ئەو سەرکردایەتیەی کەدەتوانێ ئەو ڕێکخراوە بەرەو ئاقاری گەشەکردن بەرێو بەووردیش بتوانێ، هەر بارودۆخێك دێتەپێشەوە شی بکاتەوەو زانستیانە لەهەموو ڕوداوێك بکۆڵێتەوەو ئامانجی دوایی دیاری بکاتو خاوەنی بەرنامەیەکی کردەنی(عملی) بێت، هەر وەك لینین دەڵێ "هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە نابێت، بەبێ بوونی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی دامەزراو لەسەر بنچینەی تیۆری." بەرنامەیەك بنیاتی

ستراتیژیەتی بزوتنەوەی کرێکاران‌و جوتیاران‌و بزوتنەوەی نەتەوایەتی دیاری بکات‌و ئامانجی کۆتایی دەستنیشان کات هێڵی رێکخستن‌و خەباتی ناو جەماوەریش لەڕونترین شێوەدا بخاتە روو. هەروەها خاوەنی رۆژنامەیەکی مەرکەزی بێ کە (بەدەوری بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو هۆشیار کردنەوەی سیاسی‌و کۆکردنەوەی دۆستە سیاسەکان هەڵسێت‌و رێکخەرو کۆکەرەوەش بێت)، جگە لەوەش دەبێ لەعمومیات دەرچێت‌و خەباتی نەپساوەی خۆی لەهەموو قۆڵێکی ئابوری‌و سیاسی‌و تیۆری‌و نەتەوایەتی‌و... هتد پەرە پێبدات.

هاوڕێ ئارام زۆر جار ئەوەی دەخستەوە یادمان‌و هەمیشە وریای دەکردینەوە کەپێویستە حسابێکی ووردو تایبەتی بۆ بورژوای بچوکی کوردستان بکەین. دەیوت:- پێویستە هەڵوێست‌و تێڕوانینی زانستی‌و دیاری کراومان بەرامبەر بەچینی بۆرژوای بچوکی کوردستان هەبێت، نابێ دەورێکی گەورەو سەروی توانای خۆیان بدەینێ، ئەگەر وامان نەکرد، ئەوا توشی هەڵەی گەورە دەبین، بەتایبەتی کاتێك کەهاوکاری‌و دۆستایەتیان دەکەین، دەبێ زۆر ووریا بین ئەگینا خۆیان دەخزێننە ناو سەرکەردایەتیەوەو لەپاشانیش شۆڕش توشی لەڕێ لادان دەکەن‌و بەرەو هەڵدێری ڕاڕایی‌و سەردانەواندنی دەبەن.

هاوڕێ ئارام، یەکێك بوو لەو هاوڕێیانەی کە زیرەکانە ناکۆکییەکانی نێوان زەحمەتکێشانی کوردستان‌و عێراق‌و جەماوەری خەڵکی کوردستانی لەگەڵ رژێمی رەگەزپەرست‌و دیکتاتۆری بەغدای لێك دەدایەوە. چاك

ناسینی دوژمن‌و چاك ناسینی هێزەکانی شـۆڕش بەمـەرجێکی بنـچینەیی سەرکەوتن دادەنا.

هاوڕێ ئارام، لەکاتێکا خـەباتی کارگـەرانی کوردسـتان‌و عێراقـی دژی رژێـم بـەناکۆکی لـەنێوان کـارو سـەرمایە لەقەڵـەم دەدا، کـەخۆی لەسەرمایەداری دەوڵـەتی‌و بـۆرژوا بیروکراتـی وابەسـتە بەئیمپریالیزمـدا دەبینێتەوە، لەهەمان کاتیشا بەخەباتی نەتەوایـەتی خـەڵکی کوردسـتانی دەزانێ لـەپێناوی پاراسـتنی بـوونی نەتـەوەو رزگـاربوونی لەچەوسـانەوەی نەتەوایەتی، بۆیە ناکۆکیی نێوان جـەماوەری کوردسـتان‌و عێـراق‌و نێـوان رژێمی بەغدای بەناکۆکیی سەرەکی دادەنا...

هاوڕێ نەمر، جگە لەوەی کەلەمەیـدانی تیۆریـدا هۆشـیارو ژیـر بـوو، لەمەیـدانی پراکتیـك‌و کـارو کردەوەشـا مرۆڤێکـی بـەتواناو لێهـاتووو شۆڕشگێڕێکی خۆڕاگربوو، کاتێکیش کەپەلاماری فاشیـستەکان ریزەکـانی رێکخستنی کۆمەڵەی گرتەوەو دەیان کادری کۆمەڵە کەوتنە بـەر شـاڵاوی ئەو پەلاماردانەو رێکخستن توشی شکستی بوو، ئـا لـەو کاتـە ناسـکەدا، لەگـەڵ بـەردەوامیی شـاڵاوی دڕندانـەی فاشیـستەکانا، لەگـەڵ هـاوڕێ تێکۆشەرەکانی ترا، توانیان ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕکەنەوە کە لەئـەنجامی گیران‌و راونانی هەندێ لەکادیرانی کۆمەڵەوە روویـدا، توانیـان نـەك هـەر ئەڵقـەکانی رێکخـستن پێکـەوە ببەسـتنەوە، بـەڵکو توانیـان گەشـەش بەرێکخستنی کۆمەڵە بدەن‌و زیاتر رەگی لـەناو جـەماوەری زەحمەتکێـشی کوردستانا قوڵ کەنەوە.

هاورێ ئـارام، هەمیــشە پرنــسیپی ڕەخنــەو ڕەخنــە لــەخۆگرتنی بــەرز دەکردەوەو نەدەترسا لەدەست خــستنە ســەر کەموکوڕیــەکانی ڕێکخــستن... هەروەك لینین دەڵێ((بێ گومان، ڕەخنە لەخۆگرتن، کارێکی پێویــستە بــۆ هەر حیزبێك بیەوێ بژی، بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك)).

هاورێ ئارام، یەکێك بوو لەو تێکۆشەرانەی کەهــەر لەســەرەتاوە بــڕوای وابوو کەکۆمەڵە، هەرچەندە ڕێکخراوێکی بچوك‌و ساوایە، بەڵام بــارودۆخی تایبەتی کوردستان‌و پێداویستی مێــژوویی هێناویەتــە کایــەوەو هــەر ئــەو بارودۆخانەش ڕێگا خۆشــکەرن هــەم بــۆ خــەباتی چــەکدارانە کەخواســتی جەماوەر بوو، هەم بۆ پێکهێنانی حــزب کــە لەمنداڵــدانی ئــەو خەباتــەدا لەدایك دەبێ.. لینینی مەزن لەم بارەیەوە دەڵێ: (من، بەهیچ جۆرێ نکۆڵی لەوە ناکەم کەحیزبێکی زۆر بچوك دەتــوانێ شــۆڕش هەڵگیرســێنێ‌و بــەرەو کۆتاییەکی سەرکەوتووانەشــی بــەرێ، بــەڵام دەبــێ ئــەو ڕێگایانــە بزانــێ کەلێیانەوە جەماوەر بەلای خۆیا ڕادەکێشێ، بۆیــە پێویــستە بەشــێوەیەکی جیددی شۆڕش ئامادە بکرێ).

هــاوڕێی نــەمر، بۆچوونەکەشــی بــۆ هەڵبــژاردنی کــام شــێوە جــەنگ لەکوردســــتان بــــۆ چــــوونێکی ووردو زانــــستیانە بــــوو، لەئــــەنجامی شیکردنەوەیەکی قووڵەوە پێی گەیبوو ئەم بۆچوونەش لەپەیڕەوی نــاوخۆی دەستە چەکدارەکاندا دەردەکەوێ کە لەشوباتی ١٩٧٦دا نوسراوە.

هاوڕێی نەمر، بڕوای تەواوی بەســەرکەوتنی خــەباتی کۆمەڵــە هــەبوو، بڕوای تەواوی بەسەرکەوتنی جەنگی درێژخایەنی میللەتێکی بــچوکی کــەم

هێز هەبوو دژی دوژمنێکی سەرسەختی پڕ چەکی بەتوانا، بەوەی دەتوانێ لەمەیدانی رەوتی خەباتا هیلاکی کاو گیروگرفتی ئابوریو سیاسیو... هتد بخاتە بەردەم. هەر ئەو خەباتەش گەشەدەکاو دەبێ بەجەنگی گەل کە لەکۆتایدا دەتوانێ چۆك بەدوژمن داداو ئامانجەکانی خۆی بێنێتە دی.

هاورێ ئارام، بڕوای بەوە بووە کە هێزی زۆرو بۆرو عەشایەری بێ سەرو بەرە جگە لەتێکدانو شێواندنی ریزەکانی پێشمەرگە هیچ سودێك بەشۆڕش ناگەیەنێ.

گەشەکردنی دەستەی پێشمەرگەو دروست کردنی دەستەی نوێ لەوەدا نەدەبینی کە پەلە لەفراوان کردنی هێزی پێشمەرگە بکرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بڕوای وابوو کەتەنها پێشمەرگەی هۆشیارو خاوەن بیرو باوەڕی پۆڵایینو نەفەس درێژو خۆڕاگر دەتوانن درێژە بەخەبات بدەنو سەنگەری تێکۆشان تا دوا ئامانج چۆڵ نەکەن. بڕوای وابوو کەشان بەشانی دەستەی بچوکی پێشمەرگە، دەتوانرێت رێکخستن لەناو جوتیارانا دروست بکرێتو بەمەش رێکخستن لەشارو لادێکاندا گەشە دەکات. بڕوای وابو لەگەڵ ئەوەشا دوژمن بەهێزە، پڕ چەکە، لەژمارەدا فراوانە.. هتد، بەڵام ئێمە ئەگەرچی ئێستاش بچوك بین، کەم تواناو بێ هێز بین، بەڵام رۆژ بەڕۆژ لەگەشەکردنداین، دەتوانین بێ پەلەپەل کردنو هەڵەشەیی، بەشێنەییو بەخۆراگرتنو کاری بەردەوام دەتوانین پێویستیەکانی شەڕ بۆ دەستەیەکی نوێ تر ئامادەکەین، هەر بەمەشو لەئەنجامی پشت بەخۆبەستنەوە دەبێتە

هۆی پێکهێنانی لەشکرێکی شۆڕشگێر کە لەخزمەتی جەماوەردابێ‌و خاوەنی ڕێکخستنێکی پتەوەو مەرکەزییەتێکی پۆلاّیین بێ.

هاوڕێ نەمر لای وانەبووە کەکۆمەڵە بەتاقی تەنیا بتوانێ ڕێگای خەبات‌و تێکۆشانێکی سەخت‌و درێژخایان بگرێ‌و بتوانێ شۆڕش بەرەو لوتکەی سەرکەوتن بەرێ، ئەوەتا لەئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا دەڵێ:-((گەشەکردنی کۆمەڵەو ی. ن. ك پێکەوە گرێ دراون هەردووکیان پێکەوە بۆ پێشەوە ئەڕۆن. ئەمە قانونێکی تایبەتی وەزعی تایبەتی کوردستانە. گەشەکردنی هەردووکیان‌و بردنیان بەرەو هێنانەدی پارتی پێشڕەوی راستەقینەو بەرەی نیشتمانی راستەقینەش بەندو بەستراون بەگەشەپێدانی خەباتی جەماهیری چەکدار.)) ئەمە نەك هەر وەك ڕێکخراوێك، بەڵکو دەیووت ئەگەر حیزبیش بین هێشتا هەر پێویستیمان بەهاوکاری‌و یەکێتی حیزب‌و دەستەو تاقم‌و کەسانی شۆڕشگێڕو دیموکرات‌و پێشکەوتنخوازو نیشتمان پەروەر دژ بەدەرەبەگایەتی‌و ئیمپریالیزم هەیە. بڕوای تەواوی بە بەرەی نیشتمانی گەل هەبوو وەك مەرجێکی بنچینەیی بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، هەمیشە دوژمن‌و دۆستە راستەقینەکانی باش لەیەك جودا دەکردەوەو پێویستی یەکێتی‌و پەیوەندی لەگەڵ دۆستە راستەقینەکان دەردەخست بۆ وەستان بەرامبەر بەدوژمنە سەرەکییەکان.

هاوڕێ ئارام، هەر لەزووەوە سەرنجی باری تایبەتی کوردستانی دابوو باش دەیزانی کەکۆمەڵێ گیروگرفت لەبەردەمی دروست بوونی بەرەدا هەن، لەوانە نەبوونی ئەو حیزبانەی بەشداری پێکهێنانی بەرە دەکەن چ حیزبی

پێــشڕەوی مـارکــسی لینینـــیو چ حیزبــی چــینە بۆرژواکــانیش. ئەمـــەی بەخاسیەتێکی باری تایبەتی کوردستان دادەنـا، هــەر بۆیــەش بــوو کــاتێ هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرنامــەی یــەکێتییان خــستەڕوو، هاوڕێ ئارام بەتەواوەتی لەبایەخو گرنگی ئەو یەکێتیە گەیشتو رای وابوو کــە دەبــێ لــەناو ریــزی (ی. ن. ك) دا هــەم وەك ڕێکخــستنی کۆمەڵــە کاربکەین، هەر بتــوانین ڕێکخــستنەکانی (ی. ن. ك) دا دابمــەزرێنینو ئــەو جەماوەرەش کە حیزبەکانیان پێــك نــەهاتووە خــەبات بکــەن، لــەڕیزەکانی یەکێتیــــدا کۆیـــان کەینـــەوەو دژی رژێـــمو دەرەبەگایـــەتیو ئیمپریـــالیزم هۆشیاریان کەینەوەو بیانخەینە ناو کاروانی خەباتەوە. هــەرەوەها بــۆ ئــەوەی لەناو ریزەکانی (ی. ن. ك) دا کەمەیدانی کــاری دیموکراتیانەیــە، بتــوانرێ ڕێکخستن پتەوتر بکرێو زیاتر بەرەو پێشەوە ببرێ، ئەوە جگە لەوەش تەیارە سیاسیەکان زیاتر بەرەو خەملین دەچن.

هاوڕێ ئارام، هەرچەندە ئەم تەحالفەی کە لەسەر بنــچینەی پێکهــاتنی حیزبەکان دروست نەبووە بەکارێکی سەختو دژوار دەزانێ، بەڵام هەر ســور بوو لەسەر پەرەپێدانو گەشەکردنی، ئەوەش ناشارینەوە کەهەر لەســەرەتای کــاری ی. ن. ك دا، کۆمەڵــە لەچــاو ڕێکخراوەکــانی تــرا خــەملێوترو گەشەکردوتر بوو.. ئینجا نە خەملێوی ڕێکخــراوو هێزەکـانی تــرو نــەبونی بەرنامەو کۆکردنەوەی هێزەکانیان (عەســکەریو سیاســیی) بــەبێ بــوونی بەرنامەی تایبەتی کارکردن... ئەمانە هەموویان هەندێ جار دەبوونە هــۆی ئەوەی تەحالفەکە شێوەی پەیوەنــدی نێــوان چــەند ڕێکخراوێــك بەخۆیــەوە

نەبینی کە لەسەر بناغەی بەرنامەیەکی هاوبەش پێک هاتبێت، بەڵکو زیاتر دەچووە قاڵبێکی شەخسیەوەو بۆ هەر کەسێك شێوەیەکی جیای بەخۆیەوە دەگرت.

هەرگیز ئەو ووتەیەی هاوڕێ ئارامان بیر ناچێتەوە کەدەیووت (ئەوەی لەنزیکەوە لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەدا نەژیا کەدێنە رێ خەباتی رۆژانەمان، بەراستی گرنگیی بوونی پارتێکی پێشڕەوو بەرەیەکی نیشتمانی درك ناکاتو نازانێ، کەچۆن لەواقعی بابەتیدا لەدایك دەبن‌و گەشە دەکەن).

هاوڕێ ئارام، لەگەڵ ئەوەشا کەبڕوای تەواوی بەیەکێتی ریزەکانی گەل‌و پێکهێنانی بەرە هەبوو، بەڵام هەمیشە سەرنجی بۆ ئەم ووتەیە رادەکێشاین (ئەگەر حزبمان بوونی یەکیەتی لەگەڵ بورجوازیەتدا، لەهەندێ کاتا بەپێویست نەزانێ، پێشکەوتن بەدیناهێنێ، شۆڕشیش گەشە ناکات، وە ئەگەر حیزبمان لەپێویستی بوونی خەباتی (ئاشتیانە)ی توندوتیژی دژی بورجوازیەت تێ نەگات لەو کاتانەشا کە لەگەڵیدا یەك دەگرێ، ئەوا لەرووی ئایدیولۆژی‌و سیاسی‌و رێکخستنەوە هەڵدەوەشێتەوەو شۆڕشیش تێك دەچێ، ئەگەر حزبمان خەباتێکی چەکدارانە بەرپانەکات دژی بورجوازیەت لەکاتێکا کەناچار دەبێ یەکێتی لەگەڵدا تێك بدا، ئەوا حیزبمان بەهەمان شێوە توشی هەڵوەشانەوە دەبێ‌و شۆڕشیش دیسانەوە تێك دەچێ.).

هاوڕێ ئارام، هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە هەرچەندە ئێمە دەچینە تەحالفێکەوە، بەڵام دەبێ سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی‌و رێکخستن‌و بیرو

رامان بپارێزین‌و ئه‌وه‌مان له‌به‌رچاوبێ که‌به‌م کاره‌مان به‌رده‌وامی خه‌باتمان نیشان ده‌ده‌ین له‌پێناوی پێکهێنانی حزبداو هه‌روه‌ها زۆرانبازیه‌کی توندی خه‌باتی چینایه‌تیشمانه، ئه‌وه جگه له‌وه‌ی که‌هۆیه‌کی گرنگی پاراستنی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی به‌ره‌یه له‌هه‌موو رووبه‌که‌وه.

مه‌رجێکی تری بنچینه‌یی سه‌رکه‌وتنی شۆڕش لای هاوڕێ ئارام ئه‌وه‌بوو، سه‌رکردایه‌تیی شۆڕش‌و به‌ره‌ی نیشتمانی له‌ده‌ستی حیزبی پێشڕه‌وی مارکسی لینینی دا بێت، هه‌روه‌ها هه‌رگیز خه‌باتی خه‌ڵکی زه‌حمه‌تکێش‌و چه‌وساوه‌ی کوردستانی له‌خه‌باتی تێکڕای زه‌حمه‌تکێشانی عێراق جیانه‌ده‌کرده‌وه، بڕوای وابو که‌به‌بێ یه‌کێتی خه‌باتی زه‌حمه‌تکێشانی گشتی عێراق ناتوانرێ رژێمێکی دیموکراتی گه‌لی بهێنرێته‌دی‌و بێ هێنانه‌دی رژێمێکی ئاواش میلله‌تی کورد به‌مافی خۆی ناگات. له‌ژماره‌یه‌کی ئالای شۆڕشدا نوسیویه:-

((سه‌باره‌ت به‌وه‌ی که‌شۆڕشه‌که‌مان بریتی نیه له‌بزوتنه‌وه‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یی ته‌سکی گه‌لی کورد، به‌ڵکو شۆڕشی دیموکراتی گه‌لی عێراقه‌و له‌کوردستانه‌وه به‌هۆی ته‌قینه‌وه‌ی ناکۆکیه‌کانه‌وه‌و هه‌روه‌ها له‌سایه‌ی باش هه‌ڵکه‌وتنی خاکی کوردستانه‌وه ده‌ستی پێ کردوه‌و بۆ ئه‌وه‌ی به‌عه‌مه‌لی جێ به‌جێ بکرێت پێویسته به‌پێی ئه‌و واقیعه.. نه‌خشه بۆ مه‌سه‌له‌ی به‌ره‌ی یه‌کگرتووی گه‌ل بکێشین‌و له‌ڕێی خه‌باتی یه‌کگرتووی هێزه شۆڕشگێره‌کانی گه‌لی عێراقه‌وه کۆتایی به‌ده‌سه‌ڵاتی شۆڤێنی به‌عسی فاشیست بهێنین.)) بۆیه هه‌میشه له‌وه ده‌ترسا که‌جارێکی تریش گیانی

تــاکڕەویو سەرلێــشێواویو لــەخۆبایی بــوونو دوگمــاتیزم دووچــاری شۆڕشەکەمان بێتەوە، جارێکی تریش بەرەو تەنیاییو بێ پــشتوانیو بــەرن بەرەو تێشکانو هەڵدێری بەرنەوە. ئەوەندە بڕوای بەیــەکێتی خــەباتی هێــزە شۆڕشگێڕەکانی عێراق هەبوو، تەنانەت بەشــتێکی زۆر پێویــستی دەزانــی کەئەوانــەش لــەڕێ لایانــداوە، ئەوانــەش هەڵــە وەدوای خــۆی داون بەئاگابهێنرێنەوەو هەوڵیان لەگەڵدا بدرێ بۆ هێنانەوەیان بـۆ سـەر هێڵـی ڕاستی خزمەتی جەماوەر، ئەمە لەلایەکەوە لەلایــەکی تریــشەوە بەتونــدی دەچوو بەگژ ریڤیژنیستو ڕاســتڕەوو دوگماتیزمــەکانو هەمیــشە ئاگــاداری دەکردینەوە لەوەی کۆمەڵەمان بپــارێزین لەمەترســی ئــەو چەشــنە ڕێبــازە گومڕایانە، هەروەها ووریای دەکردینەوە لەمەترسی هێزی بورژواو ڕانەکردن بەدوایــدا بــەبیانووی ئــەوەی بــەڕێگای ئاشــتیانە دەتــوانرێ لەگەڵیانــدا سۆسیالیزم بنیات بنرێ .. لینین دەڵێ:- (ئــەوەی پێویــستیی بــەرپاکردنی جەنگێکی سەختی کوشــندە لــە جــەماوەر بــشارێتەوە لــەوەدا کــەئامانجی ڕاستەوخۆی کاری داهاتووە، ئەوە خۆیو میللــەت دەخەڵــەتێنێ.) هــەروەها لــەبیرکردنی گیــانی ئینتەرناسیونالــستیو خۆبەســتنەوە بــە بەرژەوەنــدی تایبەتیو فەرامۆش کردنی بەرژەوەندی گشتیو گەلانی گێتی. ئەمانەی بەو زەبرە کوشندانە لە قەڵەم دەدا کە بــەر پرۆلیتاریــای کوردســتانو عێــراقو جیهان دەکەوێو خەباتیان سەخت تر دەکا.

هاوڕێ ئارام، لەوەش بــاش گەیــشتبوو کەخــەباتی خــەڵکی کوردســتان لەعێراقدا بەشێکی نەپچڕاوە لەخەباتی خەڵکی کورد لەهەموو پارچەکانی

تری کوردستانا، ئەو یەکێتیەش دەبێ لەگەڵ ڕەوتــی مێــژوودا گەشــەی پــێ بدرێو بەرەو پێشەوە بچێت لەپێناوی هێنانەدی ئەنجامی کۆتایی لەخەباتی دوورو درێژی خەڵکی کوردســتاندا لــەپێناوی دامەزرانــدنی کوردســتانێکی سۆشیالیستیدا. ئەمــە وەرچــەرخانێکی مێــژوویی گــەورەو گەشــەکردنێکی چۆنایەتی گرنگ بوو لەخەباتی گەلەکەماندا، بەتایبەتی دوای ئەو هــەموو دابڕینو تاکڕەویەش کەبنەماڵەی مەلا مستەفا بەســەر شۆڕشــی کوردیــان هێنا، ئەو هەموو پەیوەندیــە گومــان لێ کراوانــەش کــە بەســەر شۆڕشــی کوردیان سەپاندوە... هاوڕێ ئارام زۆرجــار دەیــووت (هــیچ بــەدووری نــازانم، کەکوردســـتان ببێــت بــەڤێتنامی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت). وەنــەبێ ئــەم گەشبینیەی هەر قسەو خەوی پەمەیی بووبێو لەزەمینەی واقعــدا بەڵگــەو شــیکردنەوەو لێکۆڵینــەوەی قــووڵی نــەبووبێ، بــەڵکو هــەموو قــسەکانی بەلێکۆڵینەوەو بەڵگەی مێژوویی تەواوەوە ڕون دەکردەوە.

هاوڕێ ئارام، دوای ئاشبەتاڵە ئابڕووبەرەکەی بنەماڵەی بــارزانی زۆر جــار دەیووت (با وا نەزانین، ئیتر دەوری داروودەستەکەی بــارزانی کۆتــایی هــاتو جارێکی تر نابنەوە بەرێگر لەبەردەم بزوتنەوەی ئازادی خوازی کوردستاندا). کاك ئــارام وا بــۆ ئــەم مەســەلە دەچــوو کــە داروودەســتەی بــارزانی هــەتا لەکۆنەپەرســتەکانی کوردســـتانیش ناچــن کــەهیچ نــەبێ بەڕواڵــەت دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو چەوسانەوە بنو هــەر هــیچ نــەبێ هەنــدێ جــار هەستی نەتەوایــەتی تــۆزێ بیــان جــوولێنێ. بــەڵام هەرچــی داروودەســتەی بنەماڵەی بارزانی هەیە لــەدەرەوەی کوردســتانو لــەناو باوەشــی بەســۆزی

ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو شای بەکرێ گیراوادا دەژیــنو دوورن لــەو ئــازارو چەوسانەوەیەی کەمیللەتی کورد دووچاری هــاتووەو ئــەو هــەموو کوشــتنو برینو هەڵواسینو دەربەدەری کردنە نایان جولێنیێو خۆیان بەخاوەنی نازانن، نەك هەر ئەمە بەڵکو هەمیشە دەبن بەکوتەکێکی دەســتی ئیمپریــالیزمی ئەمەریکیو لەکویێ بیەوێ لەوێ بەکاریان دەیــەنێو ئــەوانیش بــەئارەزووی ئیمپریالیزم هەڵدەسورێنو لەبەرەی میللەت چوونەتە دەرەوە، بۆیە دەبێ ئەم دارودەستەیە لەبــەرەی دوژمــن دابنــرێنو جــەماوەری کوردســتان هۆشــیار بکرێنەوە لەمەترسی دەست تێوەردانەوەی جارێکی تــری ئــەوان لەشۆڕشــی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بۆ ئەوەی جــارێکی تــر خــەڵکی چەواشە نەکەنەوەو شۆڕشیش تووشی نەهامــەتیو ئاشــبەتاڵی تــر نــەبێ...

ئەوەتا هەر لەزۆر زوەوە لەناوەڕاستی مارتی ۱۹۷٦ لەبەیاننامەی (بزوتنەوە چــەکدارییەکەی پێــشوو و ســەرەنجامی بەئاشــبەتاڵ)دا دەڵــێ:-(ئێــستاش بارزانی وازی نەهێناوە، خۆشی نەمێنێت هەیە لــەدوای ئــەو ئــاڵا شــڕەکەی بەرز ئەکاتەوەو دوورنیە لەپڕ ببینین کەپارتیــە داڕوخاوەکــەی مــەلا زینــدو بکرێتەوەو چەند گەوجێكو ساویلکەیەك بکەونەوە دەهۆڵو زوڕنا لێــدان بــۆ پێشەوا بارزانی، ئێمە هەموو گەلی کوردستان وریا ئەکەینەوەو داوایان لێ ئەکــەین کەئازایانــە بــێ ســڵەمینەوە ئــەو ڕێبــازە داڕوخــاوە نەگرنــەوەو بەپروپاگەنــــدەی چــــڵکاو خۆرەکــــانی مــــەلاو ئێــــرانو ئەمــــەریکا هەڵنەخەڵەتێنەوە).

ئەمە مشتێ بوو لەخەرواری نووسین دەربارەی مرۆڤێکی تێکۆشەر، نووسەرێکی کارامەی ووریا، شەهیدی کۆمەڵە، شەهیدی رەنجدەرانو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانو عێراق، شەهیدی ی. ن. ك و((التجمع الوطني العراقي))، شەهیدی بیروباوەڕی بەرزو رێگای سەرفرازی مرۆڤو لەناوبردنی دوا سیمای چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە کاکە ئارام.. بەهیوای ئەوەی کەیادی ئەمو هاوڕێیانی نەمر خاڵە شەهابو کاکە جەعفەرو کاکە ئەنوەرو هەموو شەهیدانی ترمان بکەین بەهاندەرێك بۆ زیاتر سوور بوونمان لەسەر خەباتو فیداکاریو مانەوە لەسەنگەری شەرەفدا تاهێنانەدی دوا ئامانجی کۆمەڵەمان....

ئیتر هەزاران سڵاو لەگیانی پیرۆزی ئارامی نەمر...

سەروەریو بەرزی بۆ هەموو شەهیدانی رێبازی مارکسیزم لینینیزم

سڵاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیو سەرفرازیی کوردستانو عێراقو هەموو بەشێکی تری دنیا.

**ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان-عێراق- ١٩٨٠/١/٣١**

# بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشوو و سەرنجامی بەئاشبەتاڵ

**هاوڕێیانی تێکۆشەر**

بەپێویستمان زانی نوسینێك دەربارەی(ئاش بەتاڵ) بڵاوبکەینەوەو تێیدا بەچاکی دەست بخەینە سەر کەم‌و کوڕی‌و لایەنە چەوتەکانی بزوتنەوە چەکدارەکەی ئەم دواییە کە لەلایەن سەرکردە عەشائرییەکەی بارزانییەوە رابەری ئەکراو ئەبێ ئەو مەسەلەیەش بەچاکی تێ‌ی بگەین بۆ ئەوەی بتوانین عیلمیانەو مەوزوعیانە وەڵامی جەماهیر بدەینەوەو بەڕێگاو بیرکردنەوەی کۆمەڵەمان هۆشیاریان بکەینەوەو هانیان بدەین‌و گوڕ بەخەباتیان بدەین.

لەمانگی نیسانی رابوردوشدا کۆمەڵەمان نوسراوێکی هەر لەم بارەیەوە بڵاوکردەوەو بەشێوەیەکی زانستیانە هۆ بنچینەییەکانی ئەو ئاش بەتاڵەی روون کردبوەوە. وەبەبۆنەی تێپەڕبونی ساڵێك بەسەر ئەو رووداوەدا ئەم نوسراوە بەڕیزەکانیدا بڵاوبکاتەوە. (ئاش بەتاڵ) ئەو ووشە دڵ سوتێنەرەیە کەجەماهیری دڵ پڕ لەژانی گەلی کوردستان هەست‌و هەڵوێستی خۆیان پێ دەربڕی بەرامبەر ئەنجامی نالەباری بزوتنەوەکەی بارزانی. ساڵێکی تەواو

لەمەوبەر بارزانی ئـاش بەتاڵەکـەی کـردو بـەو جـۆرە گـەلی کوردسـتانی بەوپەڕی بێ دەسەڵاتیەوە خستە بەردەستی دوژمنو خوێنی هەزاران شەهیدو فرمێسکی هەزاران خێزانـی لێ قـەوماوو سـەدان مـاڵی وێـرانو دێهـاتی سوتاوی بەفیڕۆداو پێ شێلی کرد.

بەڵام ئەو پرسیارە کەبەسەر زمانی هەزاران رۆڵەی گەلی کوردستانەوەیەو تا ئێستاش بۆ وەڵامەکەی ئەگەڕێن ئەوەیە(بارزانی بۆ وای کرد لەکاتێکـدا کە لەوپەڕی باڵادەستیو بەهێزی دابوو ؟؟)

ئەمە پرسیارێکە لەجێ خۆیدایـەو ئـەبێ وەڵامێکـی بـەجێ بدرێتـەوەو کۆمـەڵەمان ئەو لایەنەیە کەئەبێ بەشێوەیەکی عیلمیانەو مەوزوعیانە ئەم وەڵامە بداتەوەو ئەم تاقی کردنـەوە گەورەیەشـی بکاتـەوە سـەرەنجامەکانی بپاڵێوێو بیخاتەوە بەردەمی جەماهیر بۆ ئەوەی لەخەباتی لەمـەودوادا پـڕ بەپێستی خۆی سودی لێ وەربگرێت. وەوا لەم چەند لاپەڕەیەدا هەوڵ ئەدەین وەڵامێکی زانستیانەی ئەم پرسیارە بەئاشکرایی بدەینەوە.

زۆربەی خەڵکی لەو باوەڕەدان کە تاکە هۆی کاریگەرو بنـچینەیی ئـاش بەتاڵ رێکەوتنەکەی نێوان ئێران عێراق بووە. راستی ئەو رێکەوتنە دوا پاڵ بوو نرا بەبزوتنەکەوە بەرەو هەڵدێری هەزار بەهەزاری لەناوچـون واتـە ئـەو پاڵە دەوری عاملی کاریگەری دی بەڵام ئەو پاڵە بەهیچ جۆرێك تاکـە هـۆو هۆی بنچینەیی ئاش بەتاڵ نەبو بەڵکو گەلێ هۆی بنچینەییو گرنگ پێش ئەو رێکەوتنە لەسەریەك کەڵەکـە بوبـون تـا دەهـات زیـاتر نـاو جـەرگی بزوتنەوەکەی ئەخواردەوەو پوچیان ئەکردەوە. رێکەتنەکـەی ئێـرانو عێـراق

تەنها ئەوکاتە ئـەتوانیٚ دەوری کاریگـەر ببینـیٚ کەئـەو هـۆ بنـچینەیی‌و گرنگ‌و کاریگەرانەی دەوری تەواوی خۆیان دی بوو وە وایـان لەبزوتنەوەکـە کردبو کەتەنیا قاوغێکی بەتاڵی زەبەلاحی لیٚ بمێنێتەوەو بۆ روخاندنی تەنیا پاڵێکی وەکو رێکەوتنەکەی ئێـرانو عێراقـی بـەس بـوو. ئـەگینا ئەگـەر وانەبوایە، واتە ئەگەر پێش ئەو رێکەوتنە کۆمـەڵـە هۆیـەکی بنـچینەیی‌و گرنگ‌و کاریگەر (کە لەخوارەوە باسیان ئەکەین) زوتر کاری نەکردبیٚ چۆن بزوتنەوەیەکی وا زل وا زو وا بەئاسانیو بەدەستو برد، وا بیٚ قەیدو شەرت. وا بیٚ هیچ سـڵەمینەوەیەك، وا بـیٚ روانینێکـی دوارۆژ ئـاش بـەتاڵی پـیٚ ئـەکرێتو ملـی کوردسـتان بەچەشـنی کـەلاکێکی مـردوو لـەپێش دەم گورگێکی دڕندەدا دووچاری بیٚ دەسەڵاتی ئەبێتو لەبەر دەستی دوژمنی بیٚ ویژداندا دائەنرێت؟ با هـەموو لایـەکمان چـاك بـزانین کـە ئەگـەر بێـتو بەشێوەیەکی مەوزوعیانەو جدیانە سەیری ئـەو هـۆ بنـچینەییو گـرنگ‌و کاریگەرانەی کەبونەتە هۆی راستەقینەیی ئاش بەتاڵ نەکەینو لەخـەباتی لەمەودوادا بەوردیو دڵسۆزانە رەچاویان نەکـەینو نەیانگۆڕینـەوە بـەهۆی تری بنچینەیی‌و گرنگ‌و کاریگەری پتەوکردنی بزوتنـەوەی رزگاریخوازانـەی گەلەکەمان، ئەوا هەرگیز هیچ جۆرە سەرکەوتنێك نابینین.

بـۆ ئـەوەی چ هۆیـەکانی ئـاش بەتاڵەکـەی پێـشوو و چ هۆیـەکانی پتەوکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەل بـزانین، ئـەبیٚ بـەوردی سـەیری روخساری ئەم سەردەمە بکەینو لەجەوهەری ئەو گۆڕینە بنەڕەتیانە بگەین کەسـەردەمی ئێـستا بەسـەر بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی گـەلانی دونیـای

داهێناوە چونکە بەبێ ڕێ کردن لەگەڵ ڕەوتی گەلانی شۆڕشگێڕانی دنیاداو دواکەوتن لەم ڕەوتە ئەبینە کۆنەپەرستو ناشۆڕشگێڕو نەك مافی ئـەوەمان نابێت کەخۆمان بەڕابەرو شۆڕشگێڕ بزانین بەڵکو مـافی ئـەوەشمان نابێـت کەخۆمان بەدڵسۆز بزانین بەرامبەر گەلو نیشتمان.

بارزانی نەك هەر لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی گەلاندا ڕێی نەکرد بەڵکو چەند هەنگاوێکی گەورەشی بزوتنەوەکەی گەلی کوردی بەرەو دواوە بـردەوە. وە گـەورەترین جەزرەبـە کـەبارزانی بەبزوتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گـەلی کوردستانی گەیاند ئەوەبوو کـە سـوڵتەی دیکتاتۆریانـەی خـۆی بەسـەردا سەپاندو بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەو بەسەرچوی چـینە کۆنەپەرسـتەکانی لەباتی بیرکردنەوەو تیۆریی شۆڕشگێڕانەی بەسەر بزوتنەوەکەدا دابڕی.

بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی گـەلان لـەم سـەردەمەدا ئـەوەی زۆر چـاك چەسپاندوە کە(بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەبێ تیۆریی شۆڕشگێڕانە نابێت). بەڵام بارزانی ڕێك بەپێچەوانەی ئەو یاسا عیلمیانەیەوە جوڵایـەوەو ڕەفتـاری کردو بەهەموو شێوەیەك ڕێگای لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد گرت کە بەپێ ئەم یاسایە بڕواتو گەشە بکات.

وە ئەم کارەی بارزانی ماکی هەموو بزوتنەوەکەی ئەم دواییە بوو و هـۆی سـەرەکیو بنـچینەییو کاریگـەری ئاشبەتاڵەکەشـی بـوو چـونکە کەبزوتنەوەیەك تیۆریی شۆڕشگێڕانە ڕێبازەکەی ڕوناك نەکاتەوە شۆڕشـگێڕ نابێت وەبزوتنەوەیەکیش کـە لەبزوتنەوەیـەکی شۆڕشـگێڕ دەرچـوو ئەبێتـە بزوتنەوەیەکی هیچو پوچو بێ ڕەگو ڕیشەو ئەکەوێتە قورگی(شەیتانەوە).

مەسەلەی نەبونی تیۆری شۆڕشگێڕانەو تەنانەت دوژمنایەتی کردنیشی کۆمەڵێك ئەنجامی سیاسیو تەنزیمیو ئایدیۆلۆژیی ئەوتۆی لێ هاتنە بەرهەم کەهەر یەکێك لەو ئەنجامانە هۆیەکی گرنگ بوون بۆ کلۆر کردنو پوچەڵ کردنەوەی بزوتنەوەکە وە ئەو ئەنجامانەی نەبونی تیۆری شۆڕشگێڕانەو دوژمنایەتی کردنی، بەرهەمی هێنابوو ئەمانە بوون:

١-تێ نەگەیشتن لەمەوقعی ئێستای بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەمەیدانی شۆڕشی گەلاندا بەرەو سۆشیالیزمو پساندنی پەیوەندی مەوزوعیانەی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا. بۆیە بارزانی توند بزوتنەوەکەی بەستەوە بەبەرژەوەندیی دوژمنە سەرسەختو دێرینەکانی گەلی کوردو شۆڕشی جیهانەوە کە مێژوو چاك سەلماندویەتی ئەو لایەنانەی کە(بارزانی) پشتی پێ بەستبون بزوتنەوەکەیان خستبوە قولی مستیانەوە. ئەوانەش بەپلەی یەکەم ئێرانو ئەمەریکایە- دوژمنی گەلی کوردنو ئەمە یەکەمین جار نیە کەداوی بۆ ئەنێنەوەو هەوڵی راوکردنی ئەدەنو لەماوەی نیوەسەدەی رابوردودا چەندین نمونەی دەست بڕینو هەڵوێستی دوژمنانەی ئێرانی بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزمان لەسەرچاوەو ئەوەی ئەوەندەجار لەسەر یەك چاو لەم راستیە بقوچێنیتو گەل بخەڵەتێنێت بەوە دانانرێت کەئەو کەسە تەنیا (هەڵە)یەکی کردوە نەخێر بەڵکو ئەوە نیشانەی ئاشکرای نادڵسۆزیو دوژمنایەتی کردنی گەلی کوردو کوردستانو هەموو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی رزگاریخوازانەیەوە وە نیشانەی ئەوەیە کەئەو کەسە لەقەناعەتو هۆشیاریەوە ئەو رێبازە ئەگرێت. بارزانیش باش ئەیزانی کە

چەند جار ئێران و ئیمپریالیستەکانی ئاغای دەستی کوردیان کردوە بەزاخاوو داویان بۆ ناوەتەوە. خۆ هێشتا گەلی کورد لەهەموو کوردستاندا داخی قازی مەحەمەدی شەهیدو دەیان شەهیدی تری بیر نەچۆتەوە، ئەی بارزانی بۆ وا بەئاسانی بیری چووەوە ؟ خۆ هیچ نەبێ ئەبوایە ئەمری خنکاندنەکەی خۆی بیر نەچوایەتەوە کە بۆی دەرکرا بوو بەلاّم ئەم هەلّوێستەی بارزانی لەبیرچون و گێلی نیە بەلّکو رێبازەو رێبازی چینە کۆنەپەرستە دژ بەشۆڕشەکانە، ڕێبازی خزمەت کردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیە لەناوچەکەدا بەهەموو توانایەوە. ڕێبازی باوەڕنەبونە بەهێزی بێ سنوری جەماهیری گەل وەباوەڕبونە بەهێزی ئیمپریالیزم و دارو دەستە کۆنەپەرستەکانی. بەپێی ئەم بیروڕایە بارزانی بزوتنەوەکەی فڕێدایە ناو مەیدانی سات و سەودای نێو دەولّەتان و جلّەوی بزوتنەوەکەی لەدەست گەل سەندەوەو دایە دەست دوژمنەکانی گەل، وە ئەم کارەی بارزانی سامناک ترین و زیان بەخش ترین کار بوو کەدەرحەق گەلی کوردستان کردی وئاش بەتالّیش بەرهەمەکەی بوو.

٢- بەپێی هەمان رێباز رێبازی باوەڕ نەبوون بەهێزی بێ سنوری گەل لەناو ریزەکانی بزوتنەوەکەدا رەفتار کرا. لەباتی ئەوەی رێبازی شۆڕشگێڕانەی هەلّێنجراو لەناخی جەماهیرو شۆڕشی جیهانەوە بگیرێ، رێبازی سەرکردایەتی بیرۆکراتی دیکتاتۆریانەو بەرەلاّیی بێ سنور گیرابو. هێندە دوژمنی بزوتنەوەیەکی راستەقینەی شۆڕشگێڕانە بوون- بەپێی سروشتی چینایەتیان- مەبەستمان لەسەرکردایەتیی بزوتنەوەکەیە بەهیچ

جۆرێك ئاماده نەبوون دان بەو راستیەدا بنێن کەکۆمەڵگای کوردستانیش کۆمەڵگایەکی فرە چینەو ناشێ مەسەلەی خەباتی چینایەتیو دەوری هەر چینێك بەپێی سروشتی چینایەتی خۆی لەشۆڕشدا پشت گوێ بخرێ. بەلام ئەم راستییە علمیە پێ شێل کرابو وە بەهیچ جۆرێك رێ بەهیچ بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە نەئەدرا کەدەوری شۆڕشگێڕانەی خۆیان بگێڕن نەك هەر ئەمە بەڵکو وەك هەموو رژێمێکی دیکتاتۆری فاشیستی تر ئەچون بەگژ هەر کەسێكو دەستەیەكو رێکخراوێکدا کەبۆنی پێشکەوتن خوازیی لێ بهاتایە وە دەزگای شوومی(پاراستن) وەکو بەشێ لە (سازمانی ئەمنیەتو دەزگای بەدناوی ساواکی ئێرانی) بەردرابوە گیانی رۆڵە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان ئەمەش بەپێی ئەو پلانە رەشەی کەئێرانو ئاغاکانی بۆ بزوتنەوەکەیان کێشابوو، رژێمی تاکە حیزب سەپێنرابو بەسەر گەلداو هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی پێشکەوتوانە سەرکوت ئەکراو دەیان ناوو ناتۆرەی سوك ئەنرا بەو کەسانەو بەو رێکخراوانەوە کە لەگەڵ رێبازی بزوتنەوەکەی بارزانی نەبوایەو بەلای کەمەوە نازناوی(جاش)یان پێ ئەبەخشی. کەچی حیزبەکەی خۆشیان وەکو سەرکردەکانی خۆیان زۆر جار دەریان ئەبڕی هیچ فڕی بەسەر حیزبەوە نەمابوو ئەمەش لەبەر:

**یەکەمین:** هیچ مومکین نیە حزبێك لەکۆمەڵگایەکی فرە چیندا بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان بکات بەلام حزبەکەی بارزانی حیزبی هەموو گەل بوو لەبەر ئەوە هەر لەناو ئەو حزبە خۆیدا چەندان

تەبیاری  سیاسی تیابوو هەر لەم پەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی راستو تا ئەگاتە بارزانی خۆی کەهەر باوەڕی بەحزب نەبوو.

**دووەمین:** وەکو وتمان بارزانی خۆی هەر باوەڕی بەبونی پێویستیی حزب نەبوو لەبەرئەوە یەکەم هەنگاو سالّی ١٩٦٤ نای بەرەو لەناوبردنو پوچەلّ کردنەوەی پارتیو دەستی گرت بەسەریا بەهێزی چەكو سەرۆکایەتی موتلەقی خۆی بەسەردا سەپاندو ئیتر هەر خۆی بەتەنیا نەك هەر دەسەلاّتی سەرۆك بەلّکو دەسەلاّتی هەموو دەزگاکانی حزبیدا بەخۆی، مەسەلەکە گالّتەش نیە ئەگەر بلّێین خۆی کۆنگرەش بوو چونکە کێ ی بویستایە ئەیخستە لیژنەی مەرکەزیەوەو کێ نەویستایە دەری ئەکرد بگرە ئەشی کوشت. لەم حالّەتەدا حزب هیچ دەورێکی تەنزیمیو سیاسیی ئەوتۆی نەمابوو کەشایان نەك هەر بەسەرکردایەتی کردنی شۆڕش بێت بەلّکو شایانی ئەوەش نەمابوو کەپێی بوترێ حزب. بەم جۆرە بەهەموو شێوەیەك رێگای ئەوە گیرابوو کە بەپێی گەشەکردنی خەباتی چینایەتیو خەباتی نیشتمانیو یاساکانی گەشەکردنی کۆمەلّو بزوتنەوەی کورد ببێتە خاوەنی حزبی پێشرەوی خۆی. حزبێك کەرێبازی شۆڕش بەتیۆرە شۆڕشگێڕانەکانی رۆشن کاتەوەو بەشێوەیەکی علمیانە هێزەکانی گەل هۆشیار بکاتەوەو هانیان بداتو رێکیان بخاتو رابەریان بکات. بەلاّم لەباتی ئەم حزبە ناوێکی زلو دێیەکی وێرانیان بەسەر خەلّکیدا سەپاندبوو کە لەباتی ئەوەی سەرکردەو کادرەکانی خەریکی بەجێ هێنانی ئەرکە شۆڕشگێڕەکانیان بن خەریکی رابواردنی خۆیانو گیرفان پڕکردنو راو رووتی ئاشکرا بوون. وە

ڕەنگە پێش ١٩٧٠ ئەم ڕاستیانە لەبەر چاوی گەل نەبوبن بەڵام چوار ساڵی ئاشتی نێوان بارزانیو بەعس بەجوانی لێ پرسراوو کادرەکانی(حزب)و بزوتنەوەکەی بارزانی خستە بەر چاوی هەموو گەل وە ئەوەی تۆزێك گیانی شۆڕشگێڕانەی تیابێت قێزی یەتەوە لەو جۆرە سەرکردەو کادرانە، هەروەها ئەو(قارەمانە شۆڕشگێڕە مەزنانە)ی ئەوەندەی تر پەچە لەڕووی ڕەشیان هەڵماڵراوە بەتایبەتی لەماوەی ساڵی تازەبونەوەی شەڕداو تەنانەت لەئاشبەتاڵەکەشدا بەجارێ خۆیان پیشاندا چەند ناجوامێرو نادڵسۆزو ترسنۆكو هیچو پوچن.

لەبەر ئەوە خۆیان ڕێکخستنیان پێ شێل ئەکرد، لەبەر ئەمانە لەباتی ڕێکخستن، پشێویو بەرەڵاییو ئاژاوە باڵی بەسەر هەموو قۆڵەکانی بزوتنەوەکەدا کێشابوو وە ئەم وەزعە نالەبارە چ لەڕووی سیاسیو ئایدۆلۆژیەوە چ لەڕووی عەسکەریەوە کاری سلبی خۆی کردبو:

**أ- لەڕووی سیاسیو ئایدیۆلۆژیەوە:** جەماهیری خەڵك بەگیانی شۆڕشگێڕانە پەروەردە نەکران چونکە ڕێبازی سەرکردایەتی دژی ئەمە بوو. هەر لەچوونە شاخەوە تا ئاش بەتاڵ جەماهیر خۆی ئەوەی کرد کەبەڕاستی ئەزانێ سەرەڕای ئەمەش زۆر جار(حزب)و(شۆڕش) خەڵکیان بەشێوەیەکی چەوت ئاڕاستە ئەکرد، بۆ نمونە نەك هەر چونە دەرەوەیان ڕێك نەخست بەڵکو خۆیان بەزۆرو بەهەڕەشە زۆر کەسیان ناچارکرد کەبچنە شاخ کەچی لەشاخ هەمان(حزب)و(شۆڕش) گوێیان پێ نەئەدانو ئەو کەسانەی سەر بەخۆیان نەبوون کاری گرنگیان نەئەدایە دەستیانو خەڵکێکی زۆر کرابو

بەبار بەسەر بزوتنەوەکەوەو لەباتی سوود وەرگرتن لەوپەڕی هێـزو توانایـان بـەرەڵا کرابـوون زۆریـان هـەر ئەسـوڕانەوە. جـا بـا تەماشـاکەین خـەڵك لەشۆڕشدا بێکار بێت بەمەرجێك چوبێتە شاخ بۆ شـۆڕش لەکاتێکـدا کـە ئەبوو تەنیا ئەو کەسانە بوار بدرێن بچنە شاخ کەبزوتنەوەکە پێویـستێتیو لـەوێش هـەر کەسـەو کـاری خـۆی بـۆ دەستنیـشان بکرایـەوە بـەپێی پێویستیەکانی شۆڕش. ئەگـەر پەروەردەیـەکی شۆڕشـگێڕانە ببوایـە هـەر کەسە خۆی ئەرکی خۆی ئەزانیو ئەخرایـە سـەر ئـەو ئیـشەو بەدڵـسۆزانە جێبەجێی ئەکرد. جا ئەو ئیشە کارێکی سیاسی یان ئیداری یان عەسکەری بوایە، وە لەهەمان کاتدا زیاتر هۆشیارانە لەمەسەلەی شۆڕش ئەگەیـشتنو زیاتر دڵسۆزانە هەوڵیان ئەدا وە هەڵوێستێکی راستیان ئەبو بەرامبەر هەر مەسەلەیەك کەڕووبەڕووی شۆڕش ببوایەتەوە. پەروەردەی شۆڕشـگێڕانە کـە لەبزوتنەوەکەدا پێشێل کرابوو ئەگەر پەیڕەو بکرایە لەزۆر رووەوە رێگای لەوە ئەگرت کەبزوتنەوەکە وا بـەجارێك بکەوێتـە باوەشـی دوژمنـەوە- ئێـرانو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی- ئەمەش مەسەلەی ئـاش بـەتاڵی بـەجۆرێ تـر ئەگۆڕێ. بۆ نمونە لەسایەی پەروەردەی شۆڕشگێڕانەوە:

١- چونە دەرەوە وا بەبەرەڵایی نەئـەبوو ئەوەنـدە کـەس ئەچـوونە دەرەوە کەبزوتنەوەکە پێویستی پێ بوایە.

٢- ئەوانەی ناو بزوتنەوەکە لەباتی پـەروەردەکردن بـەگیانی تەمـەڵیو خۆپەرستیو پارە پەرستی، ئەگەر شۆڕشگێڕانە پەروەردە بکرانایە ئەوەنـدە

هەڵپـەی خۆیانیـان نەئـەکردو بەرژەوەنـدیی خۆیانیـان نەئەخـستە سـەرو بەرژەوەندیی گەلەوە.

٣- هەوڵیان ئەدا کە لەڕێگای کاری (دفاعی مدنی)و جۆرەکـاری تـری واوە ئـەو خێزانانـە بپـارێزن کـە لـەلادێکان بـوون وەیـان لەشـارەکانەوە دەرکرابوون. وە ئەتوانرا بۆ نمونە لەشوێنە دوورەکان لەناو ئـەو شـاخو دۆڵو شوێنە سەختانەدا پەناگای توندو تۆڵ دروست بکرێ بەجۆرێك کە نەفڕۆکەو نەهیچ چەکێکی دوژمن زەفـەری پـێ نـەبات. لـەڤێتنام لـەکاتی خەباتـە چەکدارەکەیاندا بەهەموو لایەکدا لەژێر زەویـدا پەناگـەیان دروسـتکردبوو تەنانەت خەستەخانەو بازاڕو هەتا سینەمایان لەژێر زەویـدا دانـابوو جگـە لەوەی کەهەموو کەسێك شوێنی هەبوو کەخۆی تیا بپارێزێت، ئەمە بکرایە پێویست نە ئەبوو کەهـەزاران خێـزان بـچنە نـاو ئێرانـەوەو فـڕێ بدرێنـە ئۆردوگاکانەوەو توشـی جۆرەهـا وەزعـی نالـەباری مەعاشـیو ئـەخلاقیو سیاسیو صحی بن.

بەڵام ئەوانەی دژی ڕێبازی شۆڕشگێڕانە بوون ئەیانویـست وا لەخـەڵکی بکەن گوایە لەکوردستاندا بستێکی تیا نەمابوو کەکەس خۆی تیا بگرێتو ئەبو ئەو خێزانانە هەر بچنە ئێرانو بەم کارەش پەیوەندێکی نوێیان خـستە دەستو پێی بزوتنەوەکە ئەوەندەی تر بێ دەسەڵاتیان کرد بەرامبـەر رژێمـی ئێران.

٤- دزیو درۆزنی نەکرایەو هەوڵی گیرفان پڕکـردن نەدرایـە لەلایـەکی تریشەوە ئەو جیهازە پانو پۆڕو بێ کەڵکانەیان بەو جۆرە دروست نەکردایەو

پارەو کەرەسەو شتیان بەفیڕۆ نەدایە. هیچ پێویست بەو هەزاران(تمەنەی) ئێران نەئەبوو ئەوەندەش بزوتنەوەکە نەئەکەوتە دەست رژێمی ئێران.

٥- جەماهیر فێر بکرایە کەئەبێ شۆڕش بکاتو بەرهەمیش بهێنێ واتە تفەنگیش هەڵگرێو ئیشیش بکات. بەم جۆرە ئەتوانرا لەزۆر مەیداندا پێویست بەخواردنو هەموو شتێکی ئێران نەبوایە. خۆ ئەو هەزارانەی لەدەرەوە بوون چاك ئەزانن چۆن لەسەلکە تورێکەوە تا تۆپی تەیارە شکێن ئەبێت لەئێرانەوە بێت. ئەمە نەك هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە نییە بەڵکو کارێکی ئاشکرایە دژی گەلو شۆڕشەکەیو ئەم کارە تەنیا دوژمن ئەیکات نەك سەرکردەی"شۆڕش" خۆ ئێمە ئینکاری ئەوە ناکەین کەیارمەتی دەرەوە پێویستە بەڵام ئەو یارمەتیانە چین؟ گوایە لەبەر ئەوەی یارمەتیی دەرەوە پێویستە ئیتر ئەبێ خۆمان لێی پاڵ بدەینەوەو دانیشین پارەکەش بکەن بەدەممانەوە؟ ئەوەی وا تێ ئەگات کەسێکی گەوجی بێ عەقڵەو فری بەسەر شۆڕشگێڕێتیەوە نیە. وە هەروەها ئەبێ بشزانین یارمەتی لەکێ وەرگرینو بەچ مەرجێك"ئەگەر مەرج هەبێت" چونکە لەهیچ دەورو زەمانێکدا بەرەی کۆنەپەرستیو ئیمپریالیزمی دژ بەبزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان یارمەتی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نەداوەو نایداتو هەر بزوتنەوەیەکی چەکدارانەش پشت بەستوو بێت بەو بەرەیە لەجەوهەردا لەخزمەتی بەرەی دژ بەگەلانی ئازادیخوازدایە. لەلایەکی تریش هیچ مومکین نییە ئەوانە یارمەتی بزوتنەوەیەك بدەن بێ ئەوەی شەرتی خۆیان نەسەپێننو بەرژەوەندییان مسۆگەر نەکەن.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستییە ئەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە بزوتنەوەکە ئەگەرچی لەڕووالەت وای نیشان ئەدا کە لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا ئەجەنگێ بەلاّم بەکردەوە چەسپاندیان کە ناوەڕۆکەکەی پوچەلّ بووەو لەخزمەتی گەلدا نەماوەو ئەنجامی ئەمەش رۆژ لەدوای رۆژ زیاترو بەئاشکراتر تەوقی ئێرانو ئیمپریالیزمی ئەمەریکای ئەچووە گەردن. بۆیە هەر بەمۆرکردنی رێککەوتننامەی شا- سەددام بزوتنەوەکە وەك هەرەمێك لەسەر نوکەکەی دانرابێت بەبروسکەیەك هەرەسی هێنا.

لەباری سەرەنجی شۆڕشگێڕانەوە نابێ بەهیچ جۆرێك یارمەتیو دەستگیرۆیی لەبەرەی کۆنەپەرستیو ئیمپریالیزمی جیهانی وەربگیرێ جا ئیتر هەچ بیانویەك بهێنرێتەوە گوایە وەزعی جوغرافیو خسوسیەتی کوردستان ئەوە هەڵئەگرێت لەجێی خۆیدا نییەو بگرە گەل دووچاری تێکشکانو نەهامەتی ئەکرێتەوە. تا ئێستا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو خەلّکیدا پەیرەو ئەکرێت راستیەکەی هەلّوێستی شۆڕشگێڕانە لەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی وەك رۆژی رووناك ئاشکرایە بەتایبەتی کەمەسەلەکە پەیوەندی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەو شۆڕشی چەکدارو شێوەی یارمەتی دانو دەستگیرۆییەوە هەبێت. تاکە لایەنێك هەبێت پشتو پەنای گەلانی ئازادیخوازبێت بەرەی ئیشتراکیو گەلانی رزگاریخوازە. هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئیمپریالیزمی جیهانیەوە تا ئیمڕۆ نەبینراوەو نەبیستراوە دەستگیرۆیی بکات بەمەبەستی رزگاری بەلاّم هەمیشە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان نوێنەری شۆڕشی ئاوەژوو بوون.

ب- لەڕووی عەسکەرییەوە:

لەڕووی عەسکەریشەوە هەروەك لایەنەکانی تر لەباتی ڕێکخستن، لەباتی پەروەردەی شۆڕشگێڕانە، پشێوی‌و بەرەڵایی‌و خۆپەرستی‌و بیرۆکراتیەت باوبو. لەهەمووی خراپتر ئەوەبوو کە تفەنگ سیاسەتی(حیزبی) ئاڕاستە ئەکرد. واتە ئەوکەسانە دەنگیان زولاڵ بوو کەهێزی چەکدارییان لەگەڵدابو (جگە لەبارزانی‌و کوڕەکانی کەخۆیان سوڵتەی موتڵەقیان هەبوو) لەباتی ئەوەی(حیزب) لەشکرو تفەنگەکانیان ئاڕاستە بکات. بەگشتی لەناو لەشکردا باری پشێوی‌و بەرەڵایی بزوتنەوەیەکە لەم خاڵانەدا خۆی ئەنواند:

١- نەبوونی یەکسانی شۆڕشگێڕانە. پێشمەرگەکان لەناو خۆیاندا چەند بابەتێك بوون. لەلایەکەوە هەندێك بەشی (وەکو هێزی هەڵگورد) ئەمانە(خوا پێ داو) بون شەڕیان نەئەدی‌و لەپشتی پشتەوەی دورترین جەبهەدا بون‌و خواردن‌و ژیانێکی باشیان هەبووەو بەزۆری ئەمانە سەر بەخێڵی بارزانی‌و خزمەکانی بون بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر لەبەشەکانی تری پ. م خرابویە گەرووی شەڕێکی ترسناکەوە، ئەمە قەیناکە، چونکە پێشمەرگایەتی مانای چونە ناو شەڕەوەو هەوڵدانە بۆ کوشتنی دوژمن‌و خۆ رزگارکردن بەڵام ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە پێشمەرگەکان ئەوانەی گیانی خۆیان بەخت ئەکرد لەهەموو بەشێکی تری کەسانی ناو بزوتنەوەکە بێ بەشترو رەشو رووت ترو خێزانەکانیان لەخۆیان زیاتر سەرگەردانتر بون. ئەمە راستیەکە زۆرمان دیمان‌و زۆریشمان لامان ئاسایی بوو چونکە

خەڵکی راهاتوون کە(خوا گەورەو بچوکی داناوە) بەڵام نـەیان ئـەزانی کـە ئەمە چ کارێکی کوشندە ئەکاتە سەر ئەنجامی (شۆڕشەکەیان). وە هەروەها لەهەمان کاتدا فەرمانبەرە مەدەنیەکانی بزوتنەوەکەو سـەرکردە زلـەکانی لەشـکر لـەژیانێکی زۆر خۆشـگوزەرانیو رابواردنـدابوونو خێزانـەکانیان لەئێران زۆر لەجارانیان خۆشتر ئەژیانو ئەمانیش پ. م (بەسکێك تێر بونو بەدە برسی).

٢- پسانی زەبتورەبتی شۆڕشگێڕانە سەبارەت بەوەی کە بەگشتی شـێرازە پچڕابوو.

٣- نـــەبوونی پیلانێکـــی عیلمیانـــەی وورد بـــۆ گونجانـــدنی ئـــەو ئیمکانیاتانەی بزوتنەوەکە هەیبوو لەگـەڵ ئیمکانیـاتی عەسـکەریی زۆری بەعسەوە ئەمەو نەبوونی سەرکردەی لێ وەشاوەو شۆڕشگێڕ لەسەرکردایەتی هێزەکاندا وای کرد کەدوژمن لەزۆر قۆڵەوە سەرکەوتنی عەسکەری گەورەی بەدەستهێنا تەنانەت بەرەو داگیرکردنی بارەگای سەرکردایەتیەکەیان ئەکشا بۆیە بەپەلە پەل پەنایان بردە بەر ئێران بۆ چەکی قورسو خوبەراو بەمـەش لەلایەکی ترەوە کەلەپچەیەکی نوێ کرایە مەچـەکی بزوتنەوەکـە لەلایـەن رژێمی ئێرانەوە.

٤- چاك نەگونجاندنی جەنگی نیزامیو جەنگی پارتیزانی دژی دوژمـن. وە هەروەها نەگونجاندنی هێرشە پارتیزانەکانیش کەئەکرانە سەر شوێنێك.

٥- چـەكی چـاك (جۆرەكـانی تفـەنگ) نەئـەدرا بـەو كەسـانەی كـە پێویستیەكانی شەڕو تواناى ئەو كەسە شایانێتی. بەڵكو باشـترین تفـەنگ ئەدرا بەنزیكترین خزم یان دۆستی لێپرسراوە گەورەكانی لەشكرو (حزب).

٦- هەر بەو شێوەیەی كەپلانی سەربازیی دوژمن ئەوەبوو دەست بەسـەر ئەو ناوچەیەدا بگرێت كە سـەركردایەتیی بزوتنەوەكـەی لـێ بـوو تـاوەكو قورسـیی بگوێزێتـەوە بـۆ ناوچـەیەك كـەبێ گومـان ئـەوە لەبەرژەوەنـدی عەسكەریو ئابوریو سیاسی میریە، ئا بەو جۆرەش هەر ئەو سـەركردایەتی بزوتنەوەكەش هەموو ناوچەكانی تری كوردستانیان پشت گوێ خستبوو وە شەڕەكەیان وەك چۆن میری ئەیویست گوێزایەوە بۆ ئەو ناوچەیە. بەڕادەیـەك هێزە جۆربەجۆرەكانی هەموو ناوچەكانی كوردسـتان پێـشمەرگەیان راپـێچ ئەكرد بۆ شەڕی ئەو ناوچەیە ئەگەرچی ئەنجامیش نـەیان ئـەتوانی دوژمـن بشكێننو ماوەی هاتنە پێشەوەی نەدەن یان بەلای كەمەوە نـەیان ئـەتوانی پلانی چاك دابنێن بۆ شەڕی پارتی زانی تاوەكو دوژمن یـەك لـەدوای یـەك لەشوێنەكانیان هەڵكەنن، ئەمە جگە لەوەی كەئەتوانرا لەهەموو لایـەكی كوردستاندا لەدوژمن بدرێتو سەری لێ بشێوێندرێت بۆ ئەوەی هێزەكـانی لەهەموو لایەكـەوە بـێ هێـز بكرێـت نـەك وەك خـۆی ئەیویـست بـچێتە ناوچەیەك كـەخۆی هەڵیئەبـژێرێتو مەبەسـتیەتی. بـۆ نموونـە لەناوچـەی سلێمانی چوار هێزی یەكجار گەورەو بـەتوانای لێبـوو بـەلام بەدڵنیاییـەوە ئەیلێین ئەو چوار هێزە نـەیانتوانیوە شـەڕی(٥٠٠)پێـشمەرگەی ئـازاو لـێ هاتوو بكەن لەماوەی ساڵێكدا.

٧- سەرکردایەتی لایەنی تەکنیکی زاڵ کردبوو بەسەر دەوری پێشمەرگەدا. واتە بەکارهێنانی چەکی وا کە لەنێوان دوو لەشکری نیزامی بەکاربێت ئەمە لەبریتی ئەوەی پێشمەرگە دەوری سەرەکی ببینێ. دیارە لەم رایە مەبەست ئەوە نیە کە دەستبەرداری چەکی قورس بونایە بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەنەیان ئەتوانی لەرۆڵی ئیمکانیاتی بەشەری تێبگەن.... یان لای کەم لەبەرژەوەندیان نەبوو، تەنانەت بەکارهێنانی ئەو چەکە قورسانەش هەر بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە بوو کەبارەگای سەرکردایەتیەکەی لێ بوو ئەگینا لەهیچ شوێنێکی دیکەی کوردستاندا لەو بابەتە چەکە نەئەبینرا کە لەدەوری سەرکردایەتی هەبوو.

٨- تێنەگەیشتنی سەرکردە عەسکەریەکان لەهێرشی سلبیو هێرشی ئیجابی، تێ نەگەیشتن لەبەرگری سلبیو ئیجابی، فێرنەکردنو پەروەردە نەکردنی پێشمەرگە بەگیانی هێرش بردن کۆمەڵێك ناتەواوی عەسکەری بوون باجەکەی لەدواییدا رۆڵەکانی گەل دایان.

٩- پەروەردەکردنی پ. م بەگیانی (ارتزاق) لەباتی ئەوەی بەنانە سکیش بێت ئامادەی خۆ بەکوشت دانو قوربانی دان بێت نەك فێری ئەوە بکرێت بۆ دەستکەوتی تایبەتی شەڕ بکات چونکە گومان لەوەدا نیە ئەو کەسەی هەڵپە بۆ دەستکەوت بکات لەکاتی شەڕدا ئامادە نابێت بەدڵو بەگیان شەڕ بکات چونکە ئەترسێت بکوژرێتو دەستکەوتەکانی لەکیس بچێت بۆیە لەدەیان شەڕدا ئەمان بینی پێشمەرگەکان ئامادە نەبوون چارەکە سەعاتێك بمێننەوەو شەڕ بکەن ئەمە جگە لەوەی کە پێشمەرگەکان رۆژیان

ئەژمارد بۆ ئەوەی هەلێکیان دەست بکەوێتو بچن بۆ ئێران وە وای لێ هاتبوو کەپێشمەرگە بەزۆریش لەئۆردوگاکان نە ئەهاتنە دەرەوەو زۆریش وازیان لەپێشمەرگایەتی هێناو لەو ئۆردوگایانە مانەوە. ئێمە نامانەوێ دەوری پالّەوانانەی پێشمەرگەکان وون کەین وە ئەگەر هەچ کەموکوڕیو هەچ نالەباریەکیان هەبوبێت هەمو تاوانەکە لەئەستۆی سەرکردایەتیە عەشائیریەکەو بەناو (حیزب)ەکەیو سەرکردەکانی ترە ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ هەمان ڕێبازی ناڕاستیان کە لەپێشەوە باسمان کرد.

ئەمانەو چەندین زاهیرەی تری تەنزیمیو عەسکەری زۆر لە توانای لەشکری کەم کردبوەوەو ئەمەش کاری کردبوە سەر مەعنەویاتی ئەو خەلّکەی نزیك دەسەلاّتی دوژمن بوون.

ئەمەیە بەگشتی ئەو بارەی بزوتنەوەکەی پێشوو تیابوو بەتایبەتی دوا سالّی بونی پێش ئاش بەتالّ. بەم جۆرە بزوتنەوەکە کلۆر بوو ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی تیا کوژرا بوو، لەباتی ئەو بێگانەپەرستیو بەرەلاّییو دزیو درۆزنیو ڕاکردن بالّی بەسەردا کێشا بوو.

کەواتە هۆی بنچینەیی ئەمانە بوون کەبوبونە هۆی لاوازبوونو لەڕێ دەرچوونی بزوتنەوەکە وە ئەوەی کەزۆر کەس بە(هەرەتی هێز)ی ئەزانێت هەرەتی بێهێزیو پوچەلّی بوو وە کەوتنەکەی باشترین بەلّگەیە بۆ ئەم ڕاستیە، زۆر هەیە ئەلّێت ئاش بەتالّ ناچاری بوو و هیچ چارەیەکی تر نەمابوو، ڕاستە هیچ چارە نەمابوو چونکە لەوەو پێش کارێکی وا کرابوو (وەکو باسمان کرد) کەجلّەوی بزوتنەوەکە بەدەست گەلەوە تەنانەت بارزانی

خۆشیەوە نەمابوو بۆیە چار نەبوو. وە هەر لەوکاتەدا بوو واتە ساڵی١٩٧٥ کە ڤێتنام سەرکەوتنە مەزنەکەی بەدەست هێنابوو بزوتنەوەی کورد شکاو بزوتنەوەی گەلی ڤێتنام سەرکەوت لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا بەو جۆرەی باسمان کرد سەرکردایەتی ئەکردو لەڤێتنام تەواو بەپێچەوانەی مەلاوە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی ڕاستیان گرتبوو:-

١- حیزبی پێشڕەویان هەبوو بەپێ تیۆری شۆڕشگێڕانە حیزبەکەیان دروست بوو وە سەرکردایەتی ئەکرد.

٢- لەباتی کپکردنەوەی دەنگی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانە وەکو مەلا پەیڕەوی ئەکرد لەڤێتنام دەنگی کۆنەپەرستیان کپ کرابوەوەو هەموو هێزی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازە نیشتمان پەروەرەکان لەبەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببونەوەو لەلایەن حیزبی پێشڕەوەوە سەرکردایەتی ئەکرا.

٣- پێش هەموو شتێك ڤێتنام پشتی بەتواناو ورزەی گەلەکەی خۆی بەستوە ئینجا بەیارمەتیی دەرەوە بەپێچەوانەشەوە مەلا پشتی بەدەرەوەیەکی دوژمن بەستبوو نەك بەتوانای گەل.

ئەمەیە بەکورتی جیاوازی نێوان بزوتنەوەکەی پێشوو و بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەی ڤێتنام وە ئەوەی ئەم جیاوازیە گەورانە نەبینێ مانای ئەوەیە هیچ لەمەسەلەی شۆڕش تێناگاتو ئەوەی هەوڵ نەدات تێبگات ئەوا بیەوێو نەیەوێ ئەبێتە کابرایەکی ناشۆڕشگێڕو کۆنەپەرست وە گەلەکەشمان ئەگەر واز لەبیرکردنەوەی کۆنو رزیو نەهێنێتو ئەو ڕێبازە چەوتەی کەبارزانی ئێستاش نوێنەرایەتی ئەکات ریسوا نەکاتو ڕێبازی

نوێی شۆڕشگێڕانه نه‌گرێت هه‌رگیز به‌ته‌مای سه‌رکه‌وتن نه‌بێت‌و یـا خـۆی ئاماده بکـات ئـه‌وه‌ی تاوناتاوێـك سـه‌رکردایه‌تیه‌ك ڕێبـازێکی وه‌ك ئـه‌وه‌ی بارزانی بکه‌وێت‌و هه‌ر چه‌ند ساڵ جارێك له‌هه‌ڵدێرێك بخرێته خوارێ‌و له‌ناو ببرێت، ئێستاش بارزانی وازی نه‌هێناوه خۆشی نه‌مێنێت هه‌یه له‌دوای ئـه‌و ئاڵا شڕه‌که‌ی به‌رزکاته‌وه‌و دور نیه له‌پڕ ببیـنی کـه پارتیـه داڕوخاوه‌کـه‌ی مه‌لا زیندو بکرێته‌وه‌و چه‌ند گه‌وجێك‌و ساویلکه‌یه‌ك بکه‌ونه ده‌هۆڵ‌و زوڕنـا لێدان (بۆ پێشه‌وه بارزانی) ئێمه هه‌موو گه‌لی کوردستان وریا ئه‌که‌ینه‌وه‌و داوایان لێ ئه‌که‌ین که‌ئازایانه بێ سڵه‌مینه‌وه ئه‌و ڕێبازه داڕوخاوه نه‌گرنه‌وه وه به‌پڕوپاگه‌نـــده‌ی چـــڵکاوخۆره‌کانی مـــه‌لاو ئێـــران‌و ئه‌مـــه‌ریکا هه‌ڵنه‌خه‌ڵه‌تینه‌وه.

مه‌لا له‌ژێر هه‌ر په‌رده‌یه‌کدا بێته‌وه مه‌یدانی (کوردایـه‌تی) هـه‌ر مـه‌لا مسته‌فایه‌و هه‌ر ئه‌وه ڕێبازی ئه‌بێت له‌پاش (١٤) ساڵ قوربانی دان‌و مـاڵ وێرانی، ئه‌بێ چـی باشـتری لـێ چـاوه‌ڕوان بکـرێ، ئێمـه له‌کاتێکـدا کـه جه‌ماهیری گه‌لی کوردستان ئاگادار ئه‌که‌ینه‌وه‌و سامنـاکی‌و بـێ هـوده‌یی‌و ڕێبازی کۆنه‌په‌رستانه‌ی ئه‌خه‌ینـه به‌رچـاو داوایـان لـێ ئه‌کـه‌ین که‌درێـژه به‌تێکۆشانیان بده‌ن. به‌سه‌ر ڕێبازی شۆڕشـگێڕانه‌ی پێـشکه‌وتوخوازدا کـۆ ببنه‌وه‌و لـه‌ده‌وری ئـاڵای خـه‌باتی شۆڕشـگێڕانه‌ی کۆمه‌ڵـه‌مان‌و تێکۆشـن له‌پێناوی گه‌شـه‌پێدانی کۆمه‌ڵـه‌دا بـه‌ره‌و دروسـتکردنی حزبـی پێـشڕه‌وی چه‌کدار بـه‌تیۆری شۆڕشـگێڕانه لـه‌پێناوی بزوتنه‌وه‌یـه‌کی شۆڕشـگێڕانه‌ی فراواندا به‌ره‌و به‌دیهێنانی ئامانجه نزیك‌و دووره‌کانمانـدا بـه‌ره‌و لـه‌ناوبردنی

هــەموو جــۆرە زوڵــمو زۆرو چەوســاندنەوەیەك، كۆمـەڵەكـەمان ڕێكخــراوی جەماهیری چەوســاوەی كرێكــارانو جوتیــارانو كاســبكەرانو ڕۆشــنبیرانی شۆڕشگێڕە، چەكی كاریگەری خەباتیانــە بــەرەو بــەدیهێنانی ئــەو ژیانــەی ئاواتی پێوە ئەخوازن یا فراوانترین جەماهیری گەلەكەمان یەك گرن لەســەر ڕێبازی شۆڕشگێڕانە. برۆن بۆ پێشەوە بــەرەو دوارۆژی ڕونــاك. ریــسوا بێــت ڕێبازی كۆنەپەرستانە. بمرێت دوژمـنانی شۆڕشی زەحمەتكێشان.

با هەر شەكاوە بێت ئــاڵای شۆڕشــی زەحمەتكێــشان. بــۆ پێــشەوە بــەرەو بەهێزكردنو گەشەكردنی كۆمـەڵەو بەدیهێنانی حیزبی پێشڕەو.

**كۆمیتەی هەرێمەكان**

**ك. م. ل. ك**

**ناوەڕاستی مارتی ١٩٧٦**

# پەیڕەوی ناوخۆی
# دەستە چەکدارەکان

**یەکەم: دەستە چەکدارەکان چۆن پێك دێن**

هەر دەستەیەك لە٨-١٢ کەسی چەکدار دروست ئەبێ. وە هەموو دەستەیەك پێك دێ لە:

أ- لێپرسراوی عەسکەری(ل. ع) یان(ئامر مەفرەزە).

ب- رابەری سیاسی(ر. س).

ج- جێگری ل. ع کە لەلایەن ل. ع و ر. س ەوە دەست نیشان ئەکرێت وە لەکاتی غیابی ل. ع دا لێپرسراو ئەبێت.

د- پێشمەرگەکانی دەستەکە.

**دووەم: پەیوەندی ناوخۆی دەستە**

**أ- پەیوەندی نێوان(ل. ع)و(ر. س).**

(ل. ع) لێپرسراوە بەرامبەر هەموو کاروبارێکی عەسکەری. بەلاّم لەهەمان کاتدا لایەنی سیاسی پشت گوێ ناخاتو جوێ ناکرێتەوە لەئیشە سیاسیەکانو ئەبێ بەشداری هەموو جموجۆلێکی سیاسیو رێکخستن ببێتو لەم رووەوە یارمەتیدەری(ر. س) بێت. وە(ر. س)یش لەکاتێکدا کە ڕاستەوخۆ لێپرسراوە بەرامبەر کاروباری سیاسیو رێکخستن لەناو

دەستەکەو لەناو جەماهیردا لەهەمان کاتدا جیا نیــە لەهــەموو ئیــشێکی عەسکەری دەستەکە، واتە(ر. س) ئەبێتە یارمەتیدەری (ل. ع) لەکاروباری عەسکەریدا وە بەگشتی هەموو بڕیارێك‌و پیلانێکی ئیشکردن بــەکاروباری عەسکەریشەوە لەلایەن هەردووکیانــەوە ئامــادە بکرێــت‌و بڕیــاری لەســەر بدرێت پاش لێکدانــەوەو ئــاڵوگۆڕکردنی بــیروڕا لەگــەڵ یــەك بــەگیانێکی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەوە. بــەڵام لــەکاتی شــەڕدا فــەرمانی(ل. ع) جێبــەجێ ئەکرێت.

## ب- پەیوەندیی نێوان لێپرسراوو پێشمەرگە

پێشمەرگەکان ئەبێ فەرمانەکانی لێپرسراوی عەسکەری بێ چەندو چون جێبەجێ بکەن‌و گوێ رایەڵی هەموو فەرمانێکی تر بن کە لەلایەن ل ع و ر س دەرئەچــن. بــەڵام لەهــەمان کاتــدا جیــاوازی لــەنێوان ســەرکردەو پێشمەرگەدا نیە لەوەدا نەبێ کە سەرکردە ئەرکی لێپرسراوێتی لەئەستۆیە لەبەر ئەوە نابێ سەرکردە خۆی لەپێشمەرگە جیا بکاتەوە لەخواردن‌و جــل‌و بەرگ‌و هەموو شتێکی تری ناو دەستەکەدا. پەیوەندیەکانی نێوانیان ئــەبێ لەســـەر ئەساســـی هاوڕێیانــەو برایانــە دابمــەزرێت‌و هــەموو گیــانێکی عەشایریانەو بورجوازیانە لەهەر یەکێکدا بنەبڕ بکرێــت. وە هــەموو پ. م یێك بۆی هەیە سەربەستانە رای خۆی دەربڕێت.

هەموو یــەکێك لەدەســتەکەدا لــەڕێی رەخنــەو رەخنــە لــەخۆگرتنێکی راستەوە هەڵەو کەم‌و کوڕیەکانی خۆیان‌و هاوڕێکانیان چاك بکــەن وە هــەر

یەکێك لەم ڕێبازانە دەربچێت وە یان سەرپێچی لەفەرمانەکانی سەرووتری خۆی بکات سزا ئەدرێت.

هەموو بڕیارێکی گرنگ بەتایبەتی پلان دانان بۆ شەڕ تەنها ل ع و ر س یان لەگەڵ یەکێکی تری ناو دەستەکە ئاگادارین بەڵام پێویستە کەنزیك ئەبنەوە لەشوێنی جێبەجێ کردنی عەمەلیەکە پێشمەرگەکان ئاگادار بکرێنو پلانەکەیان بۆ روون بکرێتەوە. پاش کردنی هەر عەمەلیەو ئیشێکی تر پێویستە موناقەشەی لەسەر بکەنو لایەنە باشو خراپەکانی دەست نیشان بکەن.

### ج- کاری رۆشنبیری ناو دەستەکە

یەکێك لەئەرکەکانی رابەری سیاسی دەستە لەدەستەکاندا بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری پێشمەرگەکانە لەبەر ئەوە ئەبێ رابەری سیاسی بایەخێکی زۆر بەم لایەنە بدات لەڕێی خوێندنەوەو شی کردنەوەی تەوجیهاتەکانی ڕێکخستن بەو بۆنەوەو موناقەشاتی رۆژانە وە هەوڵ بدرێت هەموو یەکێکی نەخوێندەوار لەدەستەکەدا فێری خوێندەواری بکرێت.

## سێیەم: پەیوەندیی نێوان دەستەو جەماهیر

ئەبێ هەموو پێشمەرگەیەك وا بیركاتەوە كەئەو چەكەی تەنها بۆ خزمەتكردنی جەماوەرو رزگاركردنیان لەهەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك كردۆتە شان. بەهۆی بیركردنەوەی چەوتی ناو بزوتنەوەكەی پێشوو هەڵسوكەوتی زۆر سەركردەو كادرو پێشمەرگەی ئەو بزوتنەوەیە كارێكی وای كردبوو كەتا رادەیەك خەڵكی لەوانە وەرس بوبونو بەچاوێكی خۆشەویستی ئەوتۆوە تەماشای ئەو سەركردەو كادرو پێشمەرگەیان نەئەكرد بۆیە هەموو یەكێكی دەستەكانی ئێمە بەكردەوەی راست ئەوە لەمێشكی خەڵكیدا بسڕنەوە وە بۆ ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەبێ پەیڕەوی بكرێن:

١- پێشمەرگەی راستەقینە ئەبێ نمونەی رەوشتو خووی جوان بێتو بەپێی توانا یارمەتی خەڵكی (بەتایبەتی جوتیاران) بدات.

٢- هیچ ئەركێك نەخەنە سەر خەڵكی بۆ نمونە ئەو پێخەفانەی تیا ئەنوێ وە یان هەر كەلو پەلێكی تری ئەو شوێنەی لێی ئەبێت پێویستە هەڵی بگریتەوەو بیخەیتەوە شوێنەكەی خۆی.

٣- هیچ شتێ نابێ لەجوتیارانو خەڵكی تر زەوت بكرێن وە هەر شتێكیان كڕی نرخەكەی بەتەواوی بدرێ بەخاوەنەكەی.

٤- هەرشتێكی خواستەمەنیی كەوتە لا بیداتەوە بەخاوەنەكەی وە هەر كەلو پەلێكی جوتیارانو خەڵكی تر خراپ یان لەناوبرا ئەبێ بۆیان ببژێری.

٥- ئەبێ دەست پاكو راستگۆ بێت لەرەفتارو قسەكردندا لەگەڵ جوتیارانو خەڵكی تردا.

٦- ئەبێ بایەخ بەپاكو تەمیزی خۆیو خەڵك بەگشتی بدات.

٧-روو ئەكاتە هەر ناوچەیەك ئەبێ نەریتو(تەقالید)ی ئەو ناوچەیە لەبەرچاو بگرێت.

٨- پێشمەرگە پارێزەری مانو مافو شەرەفی هەموو گەلە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو پەڕی دەم پاكو رەوشت بەرز بێت.

**چوارەم: كاری سیاسی دەستەكان لەناو جەماهیردا.**

رێبازی كاری سیاسی دەستەكان لەناو جەماهیردا بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەبن:

١- هوشیاركردنەوەو راپەڕاندنی جەماهیر وە لەهەنگاوی یەكەمدا مەسەلەی(تەعریبو تەهجیر) ئەكەینە مونتەلەق بۆ بزواندنی هەستی نیشتمان پەروەرانەی جەماهیرو مەترسیەكانی ئەو سیاسەتەی دوژمنیان بۆ روونبكرێتەوەو لەمەوە وردە وردە بچن بۆ مەسەلە سەرەكیەكان وەكو هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی كورد كەباوەڕی تەواومان بەهەموو مافە نەتەوایەتیەكانی گەلی كورد هەیەو لەسەرو هەموویەوە مافی بڕیاردانی دوا رۆژو چارەنوسی لەلایەن خۆیەوە لەگەڵ ئەمەدا ئەمە باش روون بكرێتەوە كە خەباتی ناوخۆیی كوردو عەرەبو هەموو نەتەوە بچوكەكانی برامان لەعێراقدا زامنی سەركەوتنی هەموو

گەلی عێراقە بەگەلی کوردمانەوەو هەروەها روون بکرێتەوە کەخەباتی گەلەکەمان بەشێکە لەخەباتی گەلانی جیهانو سەرکەوتنی هەر یەکێکیان سەرکەوتنە بۆ هەوو گەلانی جیهان.

٢- هەولّی رێکخستنی ریزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان ئەدەین لەچوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا بەمەرجی پاراستنی سەربەخۆیی رێکخستنو فکرو ئایدیۆلۆجیمانو لەسەر بنچینەی دیموکراتیانەو بێ پاڵەپەستۆی نادۆستانە ریزەکانی خۆمان فراوان ئەکەین.

٣- دوژمنایەتی هیچ لایەك ناکەین. جا ئەو لایەنە حیزبێك بێت یان دەوڵەتێك ئەوانە نەبن کەدوژمنی راستەوخۆی گەلەکەمانو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکە بن یان وەکو حیزبە کارتۆنیەکان کەکلکی دوژمنن، لایەنەکانی تر کە ئێستا هەڵوێستێکی وایان هەیە کەناڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمن یەك ئەگرنەوە هەوڵ ئەدەین کە بەلای گەلەکەماندا رایان بکێشین جا ئەمانە حیزبێك بن یان دەوڵەت وە یان کەسانی ناو جەماهیر، بەڵام هەر لایەنێك بەیەکجارەکی بەلای دوژمندا بکەوێ ئەوا ئەو کاتە حیسابی دوژمنی بۆ ئەکەین.

٤- ناکۆکیەکانی نێوان گەل بەگشتیو ناکۆکیەکانی نێوان هێزە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان بەتایبەتی راست چارەسەر بکەین کەبێگومان هەمووی ئەمڕۆ ناکۆکی سانەوینو ئەبێ لەم پلەیەی خەباتماندا دژی دوژمنی راستەوخۆو سەرەکی بەشێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکرێ.

٥- بەهۆی ئەو زروفەوە کەدوای ئاش بەتاڵ هاتە پێشەوە وە پاش گەڕانەوەی دامو دەزگاکانی میری بۆ ناوچەکانی کوردستان، دوژمن کەوتە ئەوەی کەخەڵکی بەزەبرو ترساندن بکەنە بەعسیو پیاوی خۆیان وە بەتایبەتی زەبری زۆریان لەسەر کوێخا دێو پیاوە دیارەکانی تری لادێ بۆ ئەوەی مەعلوماتیان بۆ کۆ بکەنەوەو دەوری جاسوسیان پێ ببینن. ئێمە بەرامبەر ئەم کەسانە ئەبێ لەسەرەتاوە هەڵوێستێکی نەرمان هەبێ وەنەبێ یەکسەر مۆری تاوانو خەیانەت کاریان لێ بدەینو هەوڵی لەناوبردنیان بدەین بەڵکو بەپێچەوانەوە کاتێك ئەچینە ناویانەوە وایان تێ بگەیەنین کە ئەوانە بەپیاوی خراپ نازانین وە هەوڵ بدەین کەڕاستیی سیاسەتە تاوانکاریەکانی میرییان بۆ روون بکەینەوە بەتایبەتی سیاسەتی تەهجیرو تەعریبو مەترسیی بۆ سەر ئەوانیش وە تێیان بگەیەنین کەمیری هەموو کورد بەیەك چاو تەماشا ئەکات وە لەبەینی رەشو سپی دا جیاوازی ناکات بەم جۆرە هەوڵی راکێشانیان بدەین بەلای گەلدا، خۆ ئەگەر لەوانە تیایاندا هەبوو کە بەدڵو بەگیان لەگەڵ دوژمندا بووەو هەر سوریش بوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی ئەوا هەوڵ ئەدەین کە لەبەرچاوی خەڵکی دێ یەکە قسەی لەگەڵ بکەین بەڵکو بیگێڕینەوە بۆ سەر رێی راست، ئەگەر دیسان وازی نەهێنا ئەوا سزای تاوانکاری خۆی، وە ئەگەر بۆمان کرا لەبەرچاوی خەڵکی دێیەکە محاکەمە بکرێتو سزا وەرگرێت.

ئەبێ دووربینانە سەیری هەموو ئەم مەسەلە ووردانە بکەینو باش هەڵیان بسەنگێنین وە ئەبێ زۆر بەوزە بینو زروفی ناخۆشو هیلاکیو

برسێتیو تەنانەت دژایەتی کردنیشمان لەلایەن هەندێك خەڵکەوە وامان لیٚ نەکات کە بگەینە ئەوەی بڕیاری خێراو ناڕاست بدەینو لەسیاسەتە راستەکانی خۆمان لابدەین. ئەم سیاسەتەمان لەبەرژەوەندی بزوتنەوەکەیەو جەماهیرمان زیاتر لەدەور کۆ ئەکاتەوە.

## پێنجەم: هاتنی خەڵك بۆ ناو ریزەکانمان" التحاق"

لەبەر ئەوەی بزوتنەوەکەمان تەعبیر لەخواستو ئامانجەکانی گەلەکەمان ئەکات بێگومان خەڵکێکی زۆر دێنە ریزەکانی هێزە چەکدارەکانمانەوە وە بۆ ئەوەی یەکەم: ریزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بەرێکوپێکی زیاد بکەنو گەشە بکەن. دووەم: بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرین کەدوژمن ئەگەر ئەوەندە گەوج بوو ویستی خەڵکی سەر بەخۆی بنێرێتە ناو ریزەکانمانەوە بۆ خراپەکاریو تەخریب.

پێویستە لەوەرگرتنی خەڵکیدا پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- ئەوکەسانەی کەدێنە ریزەوەو لەلایەن هەندیٚ پێشمەرگەی ئێمەوە ناسراون ئەبیٚ بەلای کەمەوە هەریەکەیان یەکێك لەوانەی ئەی ناسن تەزکیە بکەن.

٢- کەسێك ئەگەر نەناسراو بوو لەدەستەکەو رێکخستنی ناوچەکەوە ئەوا پێشەکی تاقیبی ئێستاو رابردووی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابونی تەواو لەپاکیو دڵسۆزی ئەو کەسەوە بۆشی روون بکرێتەوە کە ئەو تاقیبکردنە شتێکی پێویستە.

٣- أ- ئەگەر کۆمەڵێك "لە٣ سێ کەس زیاتر." بەیەکەوە هاتنە ریزەوە ئەوا خاڵی یەکەم یان دووەم بەپێی ناسراوی‌و نەناسراوی پەیڕەو ئەکرێت تەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر لێپرسراوەکەیان وە یان هەموویان لای ڕێکخستن ناسراو بن.

ب- لەڕووی ڕێکخستنی عەسکەریەوە ئەو کۆمەڵانە دابەش ئەکرێن وە یان ئەگوێزرێنەوە وە یان ئەو کارەیان پێ ئەسپێررێت کە بەرژەوەندی شۆڕش ئەیەوێت وە ئەبێ ئەوانەی دێنە ریزەوە بەوە قایل بن.

ج- لەم حاڵەتانەدا ئەبێ ئاگاداری لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکان بکرێن.

٤- بەپێی زیادبونی ژمارەی پێشمەرگەو"چەکدار" وە بەگوێرەی پێویستی هەر ناوچەیەك دەستەی نوێ دروست ئەکرێت‌و لیژنەی سەرکردایەتی ئاگادار ئەکرێن.

**ئیتر بۆ پێشەوە**

**بەرەو سەرکەوتن**

**لیژنەی سەرکردایەتیی دەستەی چەکدارەکان**

**حوزەیرانی ١٩٧٦**

# باری ئێستای کوردستان

ئەمە نوسینێکە لەلایەن لیژنەی رۆشنبیری سەر بەسەرکردایەتی دەستە چەکدارەکانی راپەڕاندن دەرکراوە بـۆ روون کردنـەوەی هەنـدێك مەسـەلەی بنـچینەیی بزوتنـەوەی رزگاریخوازانـەی گـەلان لـەقۆناغێکی وەکـو ئـەم قۆناغـەیا کەبزوتنـەوەی گـەلی کوردسـتانی پێـدا تێپـەڕ دەبـێ وە ئـەم مەسەلانەی دەربارەی پایەکانی شۆڕش باسیان لێکراوە سەبارەت بەوەی کـە بەتاقیکردنەوە لەلایەن دەیان گەلانی ترەوە دەرکەوتوە راسـتن‌و ئـەو گەلانـە لەم رووەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بونەتە یاسای گشتی واتە بونەتـە رێ پیشاندەرو روناك کـەرەوەی رێگـای ئـازادیی گـەلانی وەکـو ئێمـە کـە بەردەوامن لەخەباتدا لەپێناوی رزگارکردنی خۆیان‌و نیشتمانیان لەسـتەم‌و زۆرو داگیرکردن.

گرنگ لێرەدا بەتەنیا تێگەیشتنی ئەم یاسا گشتیانە نیە بەڵکو ئـەوەش گرنگە کەبزانین چۆن لەگەڵ باری تایبەتی وڵاتەکەی خۆماندا ئەیانگونجێنین چونکە هەر وڵاتە بارو زروفی تایبەتی خۆی هەیەو هەر وڵاتەش ئەبێ بەپێی ئەو بارو زرووفە تایبەتییەی خۆی یاسا گشتیەکانی شۆڕش جێبەجێ بکەن. بۆیە پێویستە جەماهیری شۆڕشگێڕی گەلەکەمان لەم مەسـەلانەو لـەبارو زرووفی تایبەتی وڵات‌و قۆناغی شۆڕشـەکەی بگـەن‌و بـەباوەڕەوە پـشتگیری

بەدیهێنانی راستیان بکەن. دەستە چەکدارەکانی راپەراندن ئەمڕۆ ئەم ئەرکە پیرۆزەیان کەوتۆتە ئەستۆ کەڕاستیی روونکردنەوەو راپەراندن‌و سازدانی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ خەباتی چەکدارانە.

## ١- باری ئێستای کوردستان

هەرچەندە گەلەکەمان هێشتا رۆژێکی وای بەخۆیەوە نەدیوە کەخۆری ئازادی‌و کامەرانی ژیانی رووناك کردبێتەوەو دڵنیابوبێت لەوەی کەخۆی خاوەنی دوارۆژی خۆیەتی‌و لەچەوساندنەوەو ستەم‌و زۆر رزگاری بوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا هەرگیز دوچاری ئەم رادە توندەی چەوساندنەوەو ستەم‌و زۆر نەبوە کەئێستا لەلایەن حکومەتی بەعسی شۆڤێنییەوە دەرحەقی ئەکرێت هەرچەندە رژێمەکانی پێشووی عێراق کۆنەپەرست بوون بەڵام هەرگیز ئەم سیاسەتە چەپەڵەی کەئەمڕۆ رژێمی بەعسی فاشیست بەناوی پێشکەوتنخوازی‌و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزمەوە لەکوردستان جێبەجێی ئەکات هیچ حکومەتێکی تر پەیڕەوی نەکردوە.

حکومەتی بەعسی شۆڤێنی کە ئەم سیاسەتە چەپەڵانە بەرامبەر بەگەلی کورد جێبەجێ ئەکات جگە لەوەی کەسوودی لەباری دەوڵەتان‌و دەوڵەمەندیی ولات وەرگرتوە، لەلایەکی تریشەوە فرسەتی لەوە هێناوە کە بەحسابی خۆی پاش هەرەسەکە(ئاش بەتاڵ) مەیدانی بۆ چۆڵ بوەو خۆی تاکە سوارە رمبازێنی تیا ئەکات‌و گەلی کورد وزەی ئەوەی تیا نەماوە

کەبتوانێت بەرگری لەمافی خۆی بکاتو خـەڵکی نیـشتمانەکەی لەچـنگی خوێناویان رزگار بکات. بۆیە بەعسی فاشیست لەپاش ئـاش بەتاڵـەوە زۆر بـــەگورجیو بەپەلـــە کەوتـــە جێبـــەجێ کردنـــی نەخـــشە گڵاوەکـــانی لەکوردســـتاندا. بـــێ گومـــان ئـــەوەشمان لـــەبیرە کـــە بەعـــسیەکان تەنانـــەت لەکاتێکیشدا لەگەڵ(پ. د. ك)و بارزانیدا هاوپەیمان بـوون وە لـەو مـاوەی چوار ساڵەدا کە ئەبوو حوکمی زاتی لەکوردستاندا جێبەجێ بکەن. کەچـی هەر لەو ماوەیەدا سیاسەتەکەی بەرامبەر گەلەکەمان بەردەوام بوو. هەموو ئـەزانین کـەکۆچ پـێ کـردنو داگیرکردنـی زەویو زارو ماڵیـان لەناوچـەی کەرکوكو خانەقینو شەنگارو زۆر شـوێنی تـر لـەو کاتەشـدا کـراوە جگـە لەدەرکردنو گواستنەوەو دورخستنەوەی سەدان کرێکاری نەوت لەکـەرکوك هەروەها دەرکردنو داگیرکردنی سـامانو مـاڵی هـەزاران کـوردی فـەیلی لەعێراق.

ئەوانە هەموو نیشانەی ئەوەن:-

**یەکەم:** بەعسی فاشیست ئەمڕۆ کەئەمە بەرامبەر گەلی کورد ئەکات، شتێکی نوێ نیە بەڵکو شۆڤینیزمو فاشیزم جەوهەری بیرکردنەوەیانە بـەڵام ئەوەی کەئێستا زیاترو تونـدتر ئـەو سیاسـەتە پـەیڕەو ئـەکات بەئاشـکرا لەوەوەیە وەکو وتمان کەخۆی بەتاکە سواری مەیدان ئەزانێ.

**دووەم:** ئەوەیـــە کـــەکاتی خـــۆی هێـــزە بـــەتواناو دەســـەڵاتدارەکانی کوردستان(بەتایبەتی لـەو چـوار سـاڵەدا - پ. د. ك - ئەوەنـدەی توانـای

جەماهیریو عەسکەریو پشتگیری دەوڵەتانی هەبوو کەبتوانێت زیاتر بەتوندی بەرامبەر ئەو نەخشەو سیاسەتانە بوەستێو بەری لێ بگرێت.

سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردو ئاوارەکردنی هەزاران خێزانی کوردو هەڵکەندنیان لەخاکی نیشتمانیانو زەوت کردنی ماڵو سامانو زەویان بۆتە مەترسیەکی گەورە نەك هەر لەسەر مافە نەتەوایەتییە ساکارەکانمان بەڵکو بۆتە مەترسیەکی گەورە تەنانەت لەسەر مانی نەتەوایەتیمان. بۆیە گەلی کورد ئەبێ پێش هەموو شتێك بەرگری لەمانی نەتەوایەتی خۆی بکات وە خەباتمان ئەمڕۆ لەپێناوی ئەوەدایە وە هەروەها لەپێناوی ئەوەدایە کە دوارۆژێکی روناك بۆ گەلەکەمان بێنینە دی، دوا رۆژێك کە بەسەربەستیو کامەرانی لەنیشتمانی خۆشەویستی خۆماندا بژین بێ ترسو لەرزی کەوتنەوە دۆخێکی وەکو ئێستا.

دوژمنی نەتەوەکەمان رێگای مرۆڤانەو دیموکراتیانەو راستگۆیانە ناگرێت نە لەدوژمنایەتیەکەیداو نە لە"دۆستایەتیەکەیدا". لەسەرەوە باسمانکرد کەفاشیزمو شۆڤێنیزم پایەی سەرەکی بیرکردنەوەو بونی دەسەڵاتەکەی وە هەموو شتێکی لەپێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی لەبەر ئەوە (دوژمنی گەلەو لەهەمان کاتیشدا ئەیەوێ حوکمەکەی بەردەوام بێت) راستگۆ نابێت بەڵکو رێگای فێڵو درۆو خەڵەتاندنی گەل ئەگرێتە بەر کەمەیدان بەچۆڵ بزانێ نەخشە چەپەڵەکانی جێبەجێ ئەکات بەڵام کاتێك هەست بکات کە لەلایەن گەلەوە هۆشیارانەو بەرابەریی رێکخستنێکی نیشتمان پەروەری راست بەرگری هەیە دژی ئەو نەخشانە

دوورنیە بەشێوەیەکی کاتی تا رادەیەك نەخشەکەیان بوەستێننو وا پیشان بدات کەدەستی لێ هەڵگرتووە.

بەڵام لەحاڵەتێکی وادا ئەبێ هۆشیار بینو ئەو راستیەمان هەرگیز لەیاد نەچێ کە ئەوەش بەشێکە لەنەخشە دوور خایەنەکەیو تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی هەڵچونو بزوتنەوەی جەماهیرو ساردکردنەوەی خەڵکییە لەخەباتیان لەپێناوی ئامانجەکانیاندا. لەبەر ئەوە هۆشیاری جەماهیری گەل بڕبڕەی پشتی بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەیە. تەنیا بەخەباتی هۆشیارانە ئەتوانرێت نەخشەکانی دوژمن پوچ بکرێتەوەو بەرەو سەرکەوتن بڕۆین.

بۆ ئەوەی کە لەدەست چارەنوسێکی رەش رزگارمان بێت ئەبێ رێ لەوە بگرین کە نەخشەکانی دوژمن سەر بگرن ئەو نەخشانەی کە دوژمن تا ئێستا توانیویەتی بەشێکی لێ جێبەجێ بکات وەکو ئەو هەزاران خێزانەی کەساڵێك زیاترە لەخوارووی عێراق قەتیس کراونو لەساکارترین مافیان بێ بەش کراون ماڵو منداڵو دوارۆژیان وا لەچنگی دوژمنداو لەژیانێکی کولەمەرگیدا ئەژین جگە لەکۆچ پێکردنی هەزاران خەڵکی تر لەکوردستانەوە بەتایبەتی لەناوچەی گەرمیانو ناوچەی بادینان وە پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بەعەشایری عەرەب پاش داگیرکردنی زەویو ئاوو ماڵو تەنانەت کەلو پەلیان ئەمە جگە لەپێشێلکردنی ئەو بڕیارانەش کە حکومەتی بەعس خۆی لەژێر زەبری خەباتی کورد دەربارەی خوێندنو مافە رۆشنبیریەکانی کورد دابوی ئێستا نەك هەر لێیان پاشگەز بۆتەوە بەڵکو زیاتر بەرەو دواوەش بردونی. بۆ نمونە زۆر قوتابخانە کەپێش دەرچوونی ئەو

بڕیارانە بەکوردی تیایاندا ئەخوێندرا ئێستا بەزۆرکردن لەکەس و کاری قوتابیەکان بەجۆرەها شێوەی ناڕەواو پیس زۆریان لەقوتابخانەکانی لادێکانیش کردوە بەعەرەبی بخوێن و لەپاڵ ئەوەشدا قوتابیەکان بەبیرو باوەڕە بۆگەنە شۆڤینیەکانیان فێر ئەکەن لەلایەکی تریشەوە لەسەرانسەری کوردستاندا لەلادێ و شارەکاندا هەموو کوردێکی پاک و بەشەرەف و نیشتمان پەروەر توشی ستەم و زۆرو رەفتاری ناشیرینی پیاوانی میری بوون و هەموو ساتێك چاوەڕێی ئەوە ئەکەن کەکارێکی خراپیان دەرحەق بکرێت تا رادەی دەست درێژکردن بۆ ناموس و شەرەفی خەڵکی و روتاندنەوەیان و تووش کردنیان بەهەر بیانویەکەوە بێت.

بەمجۆرە کورد لەژیانێکدا ئەژی و لەبارێکی وا ناهەمواردایە کە لەهەڵبژاردنی یەکێك لەدوو رێگا زیاتر هیچی تری بۆ نەماوەتەوە. یان ئەوەتا بەم ژیانە قایل بێت و بەوەش قایل بێت کەڕۆژ لەدوای رۆژ ژیان و گوزەرانی بەرەو ناخۆشتر بڕوات و سەرەڕای ئەوەش نیشتمانەکەشمان لەدەست بچێ. وەیان ئەبێ بڕیار بدات کە لەسەر خەبات بەردەوام بێت و زیاتر گوڕ بۆ تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی بدات بۆ ئەوەی بەیەکجارەکی لەچەوساندنەوەو نەمان رزگاری بێت. بێگومان هیچ گەلێ نەبوەو نیە کەڕێگای یەکەمی هەڵبژاردبێ وە گەلی کوردیشمان هەرگیز لەمێژوویدا ئەو رێگایەی هەڵ نەبژاردوە بۆیە تاکە رێگا کە ئەمڕۆ لەبەرمانە تەنیا رێگای خەباتی شۆڕشگێڕانەیە.

## ٢- بەرەو شۆڕشێکی شێوە نوێ

ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو تاکە رێیەی لەبەردەممانایە ئەیگرینو لەسەری ئـەڕۆین رێگـای خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی راسـتەقینەیە ئـەو تاکـە رێگایـەی کـە ئەمانگەیەنێتە ئامانج. هەرچەندە وەکو ئاشکرایە خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی گەلەکەمان ئێستا یەکەمین هەنگاوی نانێـت بـەڵکو ئـەم هەنگاوانـەی وا ئەیانێین بەرەو پێشەوە ئەلقەیەکن لەزنجیرەیەك کەساڵانی دوورو درێژی تـری پێشوی خەباتی گەلەکەمان وە گەشەکردنو بەرەو پێش چـوونی بزوتنـەوەی نیشتمانی رزگاری کوردستان هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ بەشێکی گرنگو پـڕ شانازیی زنجیرەی مێژووی خەباتمانەو لەئێستاشەوە بەم هەنگاوە نوێیانـەمان ئەڵقەکانی دوا رۆژ دائەڕێژینو پێکیانەوە ئەبەستینەوەو دوارۆژو چارەنوسـی گەلی کوردستانی ئەخەینە دەست.

خەباتو پڕ فیداکاریو مەینەتی ساڵانی رابردو وە ئـەو تـاقی کردنـەوە گرنگو بەبایەخانەی دەستمان کەوتون کەرەستەی خاوی بنچینەیی دارشتنی بناغەی شۆڕشـی ئـەم جارەمانـە هـەرگیز ناشـێ نیـازی ئـەوەمان هـەبێ کەبزوتنەوەیەکی رزگـاری نیـشتمانی کـەناوەرۆکێکی پێـشکەوتنخوازانەی هەیەو لەڕووی مەوزوعیەوە دۆستی بزوتنەوەی گەلانی تری ئـازادی خـوازەو دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیە بزوتنەوەیەك کە ئەمـە ناوەرۆکەکەیـەتیو لەم سەردەمەدا بەشێکە لەشۆڕشی سۆشیالیـستی جیهـان، نـاکرێ شـێوەو رێبازەکەی دژ بەم ناوەرۆکە بێت واتە بزوتنەوەیەکی وا بەشـێوەیەکی کۆنـە

بابەتو ڕێبازێكی چەوتداو بەسەركردایەتیەكی عەشائری هەرچەند هێـزی عەسكەریشی هەبێت بەڵام سەرناكەوێت.

شۆڕشـی١٩٦١-١٩٧٥ لەبـەر ئـەوە هەرەسـی هێنـا چـونكە شـێوەو ڕێبازەكەی لەگەڵ ناوەرۆكی بزوتنـەوەی ڕزگـاری نیـشتمانیدا نـاكۆك بـوو. بزوتنەوەیەكی جەوهەر پێشكەوتنخوازو یەكگرتوو لەگەڵ شۆڕشی گـەلانی جیهاندا بەسـەركردایەتیەكی عەشـایریو بیركردنەوەیـەكی تەسـكو گـوێ نەدانە گەل ناگاتە ئامانجی، بۆیە ئەڵێین هەرچەندە ڕاستە كەڕەنجی سـاڵەها ساڵی تێكۆشانی خەڵكی بەفیڕۆ درا بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندەمان لـێ دەست كەوتووە كەوەكو تاقیكردنەوەیـەك لـەیادمان نەچـێ وە لـەوە زیـاتر بەڕێگای هەڵـەو چـەوتدا نـەڕۆین، خـۆ ئەگـەر بەهـەمان ڕێبـازدا بـڕۆین گەلەكەمان توشی كارەساتێكی گەورەتر ئەبێت. بـەڵام ئەگـەر هۆشـیارانە سەیری ڕابردوومان بكەینو دەرسی لێـوەرگرینو لای چـاكو خراپـی جـوێ بكەینەوەو خراپەكان فڕێ بدەینو بەچاك بیگۆڕینـەوەو لای چـاكیش بـەرەو چاكتر بەرینو هەروەها سود لەتاقیكردنەوەكانی گەلانی تر وەرگرین وە بـەم جۆرە ڕێبازێكی نوێی دروستو گونجاو لەگەڵ ناوەرۆكی بزوتنەوەكـە بگـرین ئەوا سەركەوتن بۆ گەلەكەمان ئەبێتو ئەگەینە ئامانجە پیرۆزەكانمان.

### ٣- پایەكانی شۆڕشێكی شێوە نوێ

گرنگترین مەسەلە لەڕاستكردنەوەی ڕێبازو بیركردنەوەی كۆنـدا كەبونـە هۆی هەرەس هێنانی (شۆڕشی پێشو) ئەوەیە كەباش تێ بگەین پایـەكانی

شۆڕشێك کەبگاتە ئامانج، چین؟. لەسەرەوە وتمان کـە بزوتنـەوەی رزگـاریی نیشتمانی، بزوتنەوەی زۆربەی زۆری گەلەو چـینە چەوسـاوەکان(جوتیـاران، کرێکاران، رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕو کاسبکاران) دەوری سەرەکیو کاریگەری تیا ئەبینین. بێ بزوتنی ئەمانو یەکگرتنیان مەسەلەی سەرکەوتن مەحاڵە. لەلایەکی تریشەوە ئامانجەکانی بزوتنەوەکە لەجەوهەردا ئامانجی ئەو چـینو تاقمە کۆمەڵایەتیانەیە چـونکە بـەبێ رزگـاربونی ئـەمان لەچەوسـاندنەوە رزگاربونی گەلو نیشتمان مانایەکی نابێت.

کەواتە چینو تاقمە شۆڕشگێڕەکان خاوەنی مەسەلەکەن، خاوەنی توانـای بـــەئامانج گەیانـــدنو خـــاوەنی دوا رۆژو بەرهەمـــەکانی بزوتنـــەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلن نەك تەنیا سـوتەمەنی بـنو بەرهەمەکـەش بـۆ ئـەو لایەنەی تر بێت کەتوانای بەئامانج گەیاندنی شۆڕشیان نیەو دوا رۆژەکەشی بۆ ئەمان بێت وەکو تاقیکردنەوەکەی پێشو کە ئەنجامەکەی هەرەس هێنـان بو. جا بۆ ئـەوەی دیـسان بـەڕێبازێکی چـەوتدا نـەڕۆین ئـەبێ ئـەو یاسـا گشتیانەی کەپایەی سەرەکی شۆڕشێکی شێوە نوێن بەچـاکی تـێ بگـەینو وریایانە بەپێی باری ئێستای کوردستان جێبەجێ یان بکەین وە ئـەم سـێ خالأنەی خوارەوە ئەو سێ پایە سەرەکیەن.

### ١- حیزبی پێشڕەو

لەمەو پێش زۆرمان دەربارەی حزبی پێشڕەو(پارتی پێشڕەو) بیستوە بەلأم ئـەوەی بیـستومانەو لەتاقیکردنـەوەدا دیومانـە ئـەو حزبـە پێـشڕەوە نـین

کەئەمڕۆ گەلی کوردستان ئەیەوێت بۆ ئەوەی ببێتە رابەرو ڕێ پیشاندەری مەسەلەی هەرە گرنگ لەشۆڕشدا مەسەلەی بونی تیوریی شۆڕشگێڕانەیە واتە بونی ئەو بیروباوەڕو روانینە دنیایەی کەڕێگای شۆڕش روناك ئەكاتەوەو بەرەو سەركەوتن ئەیبات، ئەو تیۆریەی کە سەد ساڵ زیاترە سەرکردەو مامۆستا هەڵکەوتوەکانی چینە چەوساوەکانی دنیا دایان رشتوەو لەو کاتەوە کەڕێبازەکەیان روناك کردوەتەوە گەلانی دونیا یەك بەدوای یەکدا لەسایەیەوە سەرکەوتنیان بەدی هێناوەو لەگەڵ هەموو سەرکەوتنیشیاندا ئەو تیۆرە قوڵترو دەوڵەمەندتر کردوەو چەند ئەو تیۆریەش قوڵترو دەوڵەمەندتر کرابێت ئەوەندەی تر بۆتە هێزێکی کاریگەر تر بۆ هەموو گەلانو چینە چەوساوەکانی دونیا لەخەباتیاندا لەپێناوی رزگاریو بەختیاریاندا. حزبێك بۆ ئەوەی حزبی پێشڕەو بێت پێش هەموو شتێك ئەبێ لەسەر بنچینەی ئەو تیۆریە دامەزرابێتو هەڵگری ئەو بیروباوەڕەو بلاوکەرەوەو بەجێهێنەری خولقێنەرانەی بێت وە بەبێ بونی ئەو بیروباوەڕو رێبازەو بێ باوەڕ پێ بونو پەیڕەوی کردنو جێبەجێ کردنی خولقێنەرانەی هیچ حیزبێك ئەمڕۆ ناتوانێت لافی پێشڕەوایەتی لێ بدات وە بەپێچەوانەی ئەوەوە درۆ لەگەڵ گەلدا ئەکات وە ئەم راستیە یەکێکە لەهەرە گرنگترین تاقیکردنەوەکان لەبزوتنەوەکانی پێشو دەست کەوتوە.

حزبێك کە لەسەر بنچینەی ئەو بیرو باوەڕە دامەزرابێت ئەبێ ئەندامەکانی هەڵبژاردەی ئەو کەسانە بن کەهۆشیارترینو پێشکەوتوترینو بەتواناترینو دڵسۆزترینو پاکترین کەسانی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بن.

ئەو حزبە هەروەها ئەبێتە خـاوەنی ڕێکخـستنێکی پـۆلاّیینو یـەکگرتوو یـەك بیروبـاوەڕ بێـتو تەرازویـەکی راسـتو رەوا لـەنێوان مەرکەزییـەتو دیموکراتیدا بەپێی زروفی تایبەتی بکات واتـە لەکاتێکـدا کـەخوارەوە مـل کەچـی سـەروتری ئـەبێت، وە حیـزب هـەمووی بـەپێی فـەرمانی سەرکردایەتییەکەی ئەجولێتەوەو هەموو یەکێکیش لەحیزبـدا بـۆی هەیـە سەربەسـتانە رای خـۆی دەربڕێـت بەمـەرجێك ئـەم رادەربڕینـە (ئـەو دیموکراتیەتە) هیچ کاتێك نەگاتە رادەی بەرەڵلایی‌و گوێ نەدانە سەروتر وە هەروەها مەرکەزیەتیش مانای ئەوە نیە کە هیچ حساب بـۆ رای ئەنـدامان نەکرێتو ڕێ نەدرێت بەپێشکەوتنو توانایان بەلاّم ئەم مەسەلەیە لـەحزبی پێشڕەوی راستەقینەدا بەئاسانی تەرازوو ئەکرێت سەبارەت بـەوەی کـەپێك هاتوە لەکەسانی پێـشکەوتوو و تێگەیـشتوو و خـاوەن بیروبـاوەڕو زانیـاری حزبایەتینو باوەڕیـان بەیـەکتری هەیـەو لەکاتێکـدا ئەگـەر ناکۆکیـەکیش هەبێت ئەوا بەڕێگای مەبدەئی چارەسەر ئەکرێت.

حزبی پێشڕەو بۆ ئەوەی لێ هاتووانە رابەریی گـەل بکـات ئـەبێ خـاوەن بەرنامەیـەکی کـارکردن بێـتو بـەڕونی خواسـتو پێویـستیەکانی گـەل ببینێـتو لـەکاتی مناسـبدا دروشمـی راسـت بـەرز بکاتـەوەو جـەماهیری شۆڕشگێر هۆشیار بکاتەوەو هانی بدات بۆ خەباتو ڕێکی بخاتو رابـەریی بکات بەرەو بەدی هێنانی ئامانجە دوورو نزیکەکانی.

ئەمانە مەرجی سەرەکین بۆ دروست بونی حزبی پێـشڕەو کەبـەبێ بـونی حزبێکی وا شۆڕش بەئامانج ناگات.

## ٢- یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەل

ئــەمڕۆ گــەلی کوردســتان وەك نەتەوەیــەك دوارۆژی لەمەترســیدایەو نەخشەی لەناوبردنی بۆ دانراوە، ئەرکی سەرشــانی هــەموو چینو دەســتەو کەسە شۆڕشگێڕەکانە کەیەك بگرنو قۆڵ بکەن بەقۆڵی یــەکترداو نــاکۆکی ناو خۆیان بخەنە ئەولاوەو هەموو تواناو ووزەیان یەك خەن بــۆ بەربــەرەکانێ کردنی پیلانەکانی دوژمنو بەرگری لەخاکی نیشتمان بکەنو ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە کەبەتەنگ دوارۆژی کوردو کوردســتانەوە بێــت جگە لەوەش ئەو پیلانانەی کەبۆ بەعەرەب کردنی کوردو ئاوارەکردنو زەوت کردنی خاکی نیشتمانێتی پیلانێکە هەموو چینو کەســێك تیــا زەرەرمەنــد ئــەبێت تەنانــەت ئەوانــەش کــە ئــەمڕۆ ڕێگــای خیانــەتکاریان گرتــووەو بەخەیاڵی خۆیان لەم ڕێگەیەوە ئەتوانن خۆیانو بەرژەوەندیان بپارێزن.

بەڵام ئەوانە بەهەڵەیەکی گەورەدا چون چــونکە ئــەو ڕێگەیــەی ئێــستە گرتویانە ئەمڕۆ لەسەر حسابی شەرەفو کەرامەتیانــەو دوارۆژیــش لەســەر حسابی بەرژەوەندیو چارەنوسیان ئەبێت وە ئەگەر ئەوانە یەك تۆز ژیرانە بیر بکەنەوە ئەبێ بزانن کەهەر ئەم بەعسیانە بــون دەســتی چــەندەها کــەسو تاقمیان پێش ئەمان کردوە بەزاخدا. جا بۆیە هــیچ بیانویــەك نیــە کــەهیچ کەسو تاقمو چینو ڕێکخراوێکی نیشتمان پەروەر خۆی لەشۆڕشــی ڕزگــاری گەلەکەمان پێ دوور بخاتەوە. تەنیا ڕێگای شــەرەف مەندانــەو دڵــسۆزانەی ڕاست ئەوەیە کەهەموو لەدەوری ئاڵای شۆڕشی نوێمان کۆ بینەوەو بــەردەوام

بین لەسەر خەبات بەڕێبازێکی نوێو بەبیرکردنەوەیەکی راستو رەچاوکردنی دوارۆژێکی دوور.

ئێمە باوەڕمان بەمەیەو کاری بۆ ئەکەین چونکە ئەمە مەرجێکی گرنگەو پایەکی سەرەکیی شۆڕشە. بۆ ئێستای کوردستان سەبارەت بەوەی کەنوێنەری چینو تاقمە نیشتمان پەروەرەکان (حزبەکانیان) پاش هەرەس هێنان بەو شێوەیەی کە ئەبو هەبن ئێستا نین، لەبەر ئەوە یەکگرتن ئەبێ لەچوار چێوەی (شێوە جەبهە)یەکدا بێت بەشێوەیەکی کاتی تا هەموو مەرجەکانی پێك هێنانی بەرەی یەکگرتوو دێتە دی. وە هەر لێرەوە هەموو ئەو رێکخراوو تەیارە سیاسییە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕانەی هەن یەکگرن لەسەر بەرنامەیەکی سیاسیی گونجاو لەگەڵ ئەم پلەیەی ئێستای شۆڕشدا.

ئەمرۆ هەموو دڵسۆزانی کوردستان هاوبیرن لەوەدا کەئەبێ گەلو نیشتمانەکەمان لەچنگی دوژمن رزگار بکرێتو هەموو ئەوە ئەکەن کەدوژمن ئەگەر بواری بدرێت هەموو نەخشە چەپەڵەکانی بەسەر گەلەکەماندا ئەسەپێنێ بۆیە یەکگرتن لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەبێ یەکەم هەنگاوی ئێمە بێت. ئێمە باوەڕمان بەوە نیە کەهیچ لایەك بەزەبرو زەنگ بیرکردنەوەو رێبازی خۆی بسەپێنێ. باوەڕمان بەوەیە کەهەموو لایەك لەچوارچێوەی ئەو شێوە جەبهەیەدا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە یەك بگرنو خۆیان ببەستنەوە بەو بەرنامە سیاسییەی ئەم پلەیەوە هەروەها باوەڕمان بەوەیە کەرێبازو بیرکردنەوەی راست لەکردەوەی راستدا دەرئەکەوێت، لەنەخشەی راستو جێبەجێ کردنی راستدا وە گەل خۆی ئەبێ هۆشیارانە

ڕێبازو بیرکردنەوەی ڕاست هەڵبژێرێت نەك لەڕێگای زەبرو زەنگەوە، وە لەم ڕووەوە تا ئێستا سەرکەوتنی تا ڕادەیەك باش بەدەست هێنراوەو ئەو نەخشەیەش بۆی دانراوە بەڕاستی جێبەجێ ئەکرێت ئەوەش مایەی دڵخۆشی هەموو لایەکی دڵسۆزە. بەڵام لەهەمان کاتدا نابێ بوار بدرێت بەهیچ هێزو تاقمو کەس بیروڕای چەوتو ڕێبازی چەوت کەبەتاقی کردنەوە ئسپات بوو کەناڕاستنو بێ سودن وە لەئەنجامدا زیانێکی گەورەیان بەگەلەکەمان گەیاند جارێکی تر خۆیان بخزێننە ناو بزوتنەوەکەوە. بەڵام هەر کەسیش ئامادە بێت دان بەو ڕاستیەدا بنێ کەڕێبازی کۆنو بیرکردنەوەی کۆن زیانبەخش بوونو هەموو پەیوەندیی فکری بپچڕێو ڕێبازی نوێی شۆڕشگێڕانە قبوڵ بکاتو کاری بۆ بکات بێ گومان کەسێکی وا سود بەشۆڕش ئەگەیەنێ. دەبا هەموو لایەکیش بەم گیانەوە بێینە پێشەوەو خەبات بکەین لەپێناوی گەشەپێدانی بەردەوامی یەك گرتنمان بەرەو پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو.

### ٣- لەشکری شۆڕشگێڕ

ئاشکرایە کە لەقۆناغی ئێستای بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەماندا لەشکری شۆڕشگێڕ، واتە هێزی چەکداری گەل، یەکێکە لەپایە گرنگەکانی شۆڕشو بەبێ لەشکرێکی وا هیچ ئامانجێك نایەتە دی، چونکە لەبەرامبەر دوژمنێکی وادا خۆخەڵەتاندنە کەهیوامان بێت دوژمن بەبێ ئەوەی زەبری بخرێتە سەر بشکێنرێتو سەر دانەوێنێ بۆ خواستەکانی گەلو دەست

لەنەخشە چەپەڵەکانی هەڵبگرێت، لەبەر ئەوە مەسەلەی هاوبەشی کردنی جەماهیری شۆڕشگێڕی گەل لەدامەزراندنی لەشکری شۆڕشگێڕی نوێی کوردستاندا ئەرکی پیرۆزی سەرشانی هەموو چینە شۆڕشگێڕو کەسە دڵسۆزو پێشکەوتنخوازە بەتواناکانە. گەلەکەمان خاوەنی تاقی کردنەوەیەکی دەوڵەمەندە لەمەیدانی جەنگدا دژی دوژمن جگە لەووزەی بێ سنورو گیان فیدایی‌و سڵ نەکردنەوەی رۆڵە نەبەزەکانی گەل، توانای عەسکەری ئەو ماوەیەی پێشو کەماوەیەکی کورت نەبوو، وە تیایدا سەدان پێشمەرگەی وریاو دەیان سەرکردەی لێ هاتوی دروست بون. لەلایەکی تریشەوە چ لەلای چاکەوە، کۆمەڵێ تاقی کردنەوە پوختە بونەتەوەو لەلای خراپیشدا دیسان کۆمەڵێ تاقی کردنەوەمان لەبەردەستایە کە بەتێگەیشتن‌و هەڵسەنگاندنیان‌و دوپات نەکردنەوەیان ئەوەندەی تر ئاسۆمان فراوانتر ئەبێت‌و لەجەنگی شەرەف مەندانەو پیرۆزی ئینسانانندا لەسەرکەوتن نزیکی ئەکەنەوە.

گرنگ ئەوەیە لەشکرێکی شۆڕشگێڕ ئەبێ رێکخستن‌و زەبت‌و رەبت‌و وریایی‌و کارامەیی‌و دڵسۆزیەکەی گونجاو بێت لەگەڵ رێبازی نوێی شۆڕش‌و گرانیی ئەو ئەرکە مێژووییەی لەئەستۆیەتی.

لەشکری شۆڕشگێڕ رۆڵەیەکی پەروەردەکراوی باوەشی حزبی پێشڕەو هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەو لێی جیا نییەو لەسەرویەوە نیە ((حزب تفەنگ ئاراستە ئەکات، نەك تفەنگ حزب ئاراستە بکا)) چونکە جەنگ کەلەشکر ئەیکات دەربڕینی توندو تیژانەی سیاسەتی حزبە کە ئەمیش

لەبنچینەی خواستو پێویستیەکانی جەماهیری چەوساوەی گەل دروست بووە. بۆیە لەشکر لەکاتێکدا کەیەکێك لەهەرە گرنگترینو پیرۆزترین ئەرکە شۆڕشگێڕانەکان جێبەجێ ئەکات بەڵام بەهیچ جۆرێك لەسەرووی گەلو حزبەوە نیە بەڵکو هەموو دەزگا شۆڕشگێڕەکان بەلەشکریشەوە بۆ خزمەتی گەلو گەیاندنی بەئامانجەکانیو لەگەڵەوە دروست بوون، ئەمە مەبدەئی بنچینەیی ئێمەیە، لەبەر ئەوە هەموو پێشمەرگەیەکی ئێمە ئەبێ ئەم راستیە بزانێو باش لەئەرکەکانی سەر شانی تێ بگات، کەتەنیا بریتی نیە لەچەك هەڵگرتنو چونە سەنگەرەوە، کەبێ گومان ئەم کارە نیشانەی ئەوپەڕی جوامێریو لەخۆبوردنو فیداکاریە، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کەتەنیا بەجەنگاندن هەموو ئەو ئەرکانە نایەنە دی کە لەئەستۆی لەشکری شۆڕشگێڕی نوێیە، بەڵکو پێشمەرگەکانمان لەکاتێکدا کەنمونەی جەنگاوەری دلێرن، ئەبێ نمونەی خورەوشتو رەفتاری جوانو دڵسۆزی بن بەرامبەر رۆڵەکانی گەل، وە لەهەموو روویەکەوە خزمەتی گەل بکەنو یارمەتی خەڵکی بەنو نەبن بەئەرك بەسەر دێیەکانەوە، ئەبێ خۆیان خزمەتی خۆیان بکەنو چاویان بەهیچ جۆرێك لەماڵی خەڵکی نەبێو خۆیان بەزلتر نەبینن لەچاو خەڵکی تردا، جگە لەوەش ئەبێ هەمیشە خەریك بن ئاستی هۆشیاریو رۆشنبیریی خۆیان بەرزتر بکەنەوەو سوود لەجەماهیر وەرگرنو سوود بەجەماهیر بگەیەنن.

ئەمە بەکورتی ئەو مەبدەئانەیە کەئێمە لەشکری شۆڕشگێڕی نوێی کوردستانی لەسەر دائەمەزرێنین.

## ٤- یەکەم هەنگاو: دەستە چەکدارەکانی ڕاپەڕاندن

لەم ماوەیەی ڕەوتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستاندا وە لەکاتێکدا کە دوژمن ئەیەوێ بوونی کوردو کوردستان بسڕێتەوە، وە لەکاتێکدا کە جەماهیری گەلەکەمان دلێرانە رووبەڕووی نەخشە گلاوەکانی دوژمن وەستاوەو، چاوی لەو رۆژەیە کەتیایدا تۆڵەی خۆی لەدوژمن بکاتەوە. لەم کاتەدا وا دەستە پێشەنگەکانی کاروانی خەبات ئەبزوێنو لاپەڕەیەکی نوێ لەخەباتی سەختو درێژخایەنی گەلەکەمان بەوپەڕی لەخۆبوردنو جوامێریەوە ئەنەخشێنن.

ئەم پێشەنگانەی کاروانی خەبات کە لەم رۆژە سەختەدا هاتونەتە مەیدانی تێکۆشانەوە، ئەم دەستە چەکدارانەی ڕاپەڕاندنن کە وا ژیانی خۆیانیان خستوتە ئەولاوەو لەپێناوی مافە رەواکانی گەلەکەماندا گیانی خۆیان فیدا ئەکەن.

دەستە چەکدارەکانی ڕاپەڕاندن، پێك هاتوون لەکادرو پێشمەرگە پەروەردەکراوەکان، بەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی قالبووی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە ئەچنە ناو جەماهیری چینە زەحمەتکێشەکانی گەلەوە ((بەتایبەتی لەلادێ بایەخێکی تایبەتی ئەدەن بەجوتیارە هەژارەکان)) بۆ دەرخستنی راستی بۆیانو دڵنیاکردنیان لەوەی کەگەلی کورد هیچ هێزێك نیە بتوانێت بەری خەباتی لێ بگرێتو، بۆیان روون بکاتەوە کەهەرەس هێنانی بزوتنەوەکەی پێشوو مانای ئەوە نیە کە ئەو((شۆڕشە گەورەیە))

که ڕوخا ئیتر کورد ئەبێ هیوا لەسەرکەوتن ببڕێو دەستەو ئەژنۆ لەژێر پێ دوژمندا مل کەچ بێتو لەم ژیانە تاڵو پڕ ئەشکەنجەو ستەمەدا بژیو چاوەڕێی دوارۆژی ڕەشی لەناوچوون بێت. ئەرکی ئەستۆی دەستە چەکدارەکانی ڕاپەڕاندن ئەوەیە وەکو وتمان ڕاستی ڕوون بکاتەوە، پێش هەموو شتێك هۆی هەرەس هێنانی ئەو((شۆڕشە زلە)) ئاشکرا بکاتو لەجەماهیری بگەیەنێ کەڕێبازی کۆنو بیرکردنەوەی چەوت هۆی سەرەکی هەرەسەکەیە، وە هەروەها دەستە چەکدارەکانی ڕاپەڕاندن ڕوخساری ڕێبازی نوێو بیرکردنەوەی نوێ بەجەماهیری شۆڕشگێڕ ئەگەیەننو ڕێگای خەباتیان بۆ ڕوناك ئەکەنەوەو ڕێی سەرکەوتنیان پیشان ئەدەن وە هەموو گەل لەوە دڵنیا ئەکات کەلەباس کردنی ڕێبازی کۆنو گۆڕینی بەڕێبازی نوێی شۆڕشگێڕانە تاکە مەبەستمان دەرخستنی ڕاستیە بۆ هەموو گەلو دەسنیشان کردنی ڕێگای بەرەو سەرکەوتنە، ئەمە ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، کوردێك کەبیەوێ گەلەکەی لەژێر چنگی دڕندانەی دوژمن ڕزگار کات، ئێمە چاك ئەوە ئەزانین کەنابێ بوار بەکەس بدرێت بەهەر بیانویەکەوە بێت کەڕێمان لێ هەڵە بکاتو دیسان بەرەو هەڵدێری تێ شکاندنو هەرەس گەلەکەمان بەرێت، ئەوەمان ئەوێت کە گەل هۆشیار بێتو هیچ کەسو لایەنێك فریوی پێ نەخواتو تەنیا ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت کەبەرەو سەرکەوتن ئەیبات.

گەلێك کەخاوەنی مەسەلەیەکی عادیلانە بێت، هۆشیارو یەکگرتوو بێت، خاوەنی لەشکرێکی شۆڕشگێڕی شێوە نوێ بێو پشت بەهێزو توانای

خۆی ببەستێتو بزوتنەوەکەی ببەستێتەوە بەبزوتنەوەی ئازادیخوازی گـەلانی برایەوە هەرگیزو بەهیچ هێزێك لەشكان نایەتو هـەر بـەرۆژی سـەرکەوتن ئەگات.

**لیژنەی سەرکردایەتیی دەستەی چەکدارەکان**

**سەرەتای تەموزی ١٩٧٦**

# بەياننامەی
# يەكێتيی نيشتمانيی كوردستان

**جەماهيری تێكۆشەری كوردستان**
**گەلی عێراقی نەبەز**

سياسەتی تواندنەوەی نەتـەوەی كـوردو بەعـەرەب كردنـی كەسـوڵتەی ديكتاتۆری شۆڤێنی بەعس بەرامبەر گەلەكەمان پەيڕەوی ئـەكات شـتێك نيە كەلەژێر پەردەی رزيوی (چارەسەری ئاشتیو ديموكراتيانەی مەسـەلەی كورد)و (حوكمی زاتی) ساختەدا بشارێتەوە بەتايبەتی پاش ئەوەی سـوڵتە بێ شەرمانە هەزاران خێزانی كوردی كۆچ پـێ كـرد بـۆ خـواروی عێـراقو سەدان دێی كوردستانی چۆڵ كردو بەعـەرەب پـڕی كردنـەوەو سـاكارترين مافی نەتەوايەتیو ديموكراتی گەلی كوردستانی پێ شێل كرد هەروەك چۆن سياسـەتی ديكتاتۆريانـەی بەعـسیو زەوت كردنـی تـەواوی مافـە ديموكراتيـەكانی گـەلی عێـراقو برسـێتیو چەوسـانەوەی زەحمەتكێـشان لەتەمومـژی پڕوپاگەنـدەی ديماگۆجيانـەو دروشمـی سـاختەی(هـەنگاوە پێشكەوتنخوازو سۆشياليستانەكان)دا وون ناكرێتو ئاشكرايە.

سوڵتەی دیکتـاتۆری شـۆڤینی بـۆ ئـەوەی پیلانـەکانی لەکوردسـتاندا جێبەجیٚ بکاتو ئامادەبیٚ بۆ کـپ کردنـەوەی تـوڕەییو نـاڕەزایی خـەڵکی کوردستان کەڕۆژ بەڕۆژ لەپەرەسەندنو هەڵـچوندایە، کوردسـتانی بـەهێزە چەکدارەکانیو تازەترین تفاقی جەنگیو بەکریٚ گـیراوان تـەنیوەو بـەردەوام خەریکی خۆ ئامادەکردنە بـۆ هەڵگیرسـاندنی جـەنگێکی نـویٚو تەنانـەت دەستیشی کردوە بەهێرش بردنە سەر زۆر شوێنی کوردستان. وە بەهۆی ئـەم سیاسەتەو کردەوە دوژمنانەیـەی ئـەم رژێمـە هێـزە شۆڕشـگێڕەکانی گـەل رێگای خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنیان گرتۆتـە بـەر وەك تاکـە رێگـەی شیاوو کاریگەرو رەوا بۆ بەرگری کردن لەمافی گەلەکـەمانو بـەدیهێنانی مافە رەواکانی. سوڵتە راسـتەوخۆ بەرپرسـیاری ئـەم وەزعـەی کوردسـتانە لەبەرەو تەقینەوەیـەکی فراوانـی ئـەبات وە ئـەبیٚ ئۆبـاڵو ئەنجامەکەشـی بگرێتــە ئەســتۆ. هەوڵــدان بــۆ لــەناوبردنی گــەلێك وە بەتایبــەتی لــەم ســەردەمەدا کەســەردەمی رزگــاری تــەواوی گــەلانو هــەرەس هێنــانی ئیمپریالیزمە خەیاڵێکی خاوو زڕەو نەك بۆ سوڵتەی لەرزۆکی بەعس بەڵکو بۆ هیچ هێزێك نایەتە دیو هیچ هێزێك ناتوانێت رێـڕەوی مێـژوو بگرێـت. سوڵتەی بەعس ئەگەر ئەیەوێت وا خۆی پیشان بدا کەبەسەر گـەلی کـوردا زاڵ بوەو بزوتنەوەی شکاندوە بەهەڵەیەکی گەورەدا چوە چونکە ئەو هـەرەس هێنانــەی مــارتی ١٩٧٥ بەڵگــەی بــیٚ هێــزیو بــیٚ هــودەیی خــەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان نەبوە بـەڵکو ئـەوەبو کـە<u>یەکـەمین</u> ئـەم جـۆرە سوڵتە دوژمن بەگەلانە هەرگیز مەسەلەی نەتەوایەتیو دیموکراتی وڵاتیان

بۆ چارەسەر ناکرێت‌و لەترسی هەڵچونی شۆڕشگێرانەی گەل خۆیان ئەهاوێژنە باوەشی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستانی بەکرێ گیراویانەوە بەو جۆرەی کەبەعس خۆی هاویشتە باوەشی رژێمی ئێرانەوە لەپێناوی رێکەوتننامەکەی جەزائیردا شەتولعەرەب‌و خاکێکی زۆری نیشتمانی پێ فرۆشت. وە **دوەمین** بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی گەلان لەم سەردەمەدا هەرگیز ناشێ لەلایەن سەرکردایەتیەکی کۆنەپەرست‌و دوژمن بەرێبازی پێشکەوتووانە بەرەو سەرکەوتن ببرێت.

گەلەکەمان نەشکاوەو هەرگیز ناشکێت وە ئێستا لەهەموو کاتێك بەهێز ترە لەهەمو کاتێك هۆشیارترەو یەککگرتوترەو خاوەنی تاقی کردنەوەی بەنرخ‌و گرنگەو راستیی بۆ دەرکەوتوەو رێبازی خەباتی روناکە نە بەهێزی پڕچەکی تازە بابەتی دوژمن ورە بەر ئەدات‌و سەر دائەنوێنێ‌و نە بەپڕوپاگەندەی هیچ لایەك ئەخەڵەتێ‌و رێگای چەوت ئەگرێت، بەبڕوایەکی پۆڵایینەوە بەمەسەلە عادلانەکەیداو پشت بەهێزو تواناو وزەی خۆی‌و ئینجا پشتگیری گەلان‌و هێزە ئاشتی‌و ئازادی خوازەکانی دونیا دلێرانە بەرگری لەمافی نەتەوایەتی‌و مافە رەواکانی ئەکات.

## جەماهیری شۆڕشگێری کوردستان

لەبەر روناکی ئەو تاقی کردنەوە گرنگانەی کە گەلەکەمان لەسالآنی پێشووی خەباتی سەختی دا دەسگیری بوەو بەپێ پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی گەلەکەمان‌و تایبەتی باری ئێستای بزوتنەوەکەو بۆ

ئەوەی کەهەڵە کوشندەکانی جاران دووپات نەبنەوەو ڕێبازی ڕاستو گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەدا خەباتی گەلەکەمان بەردەوام بێتو بەرەو سەرکەوتن بڕوات لەپاش هەرەسەکەی مارتی ١٩٧٥وە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە مەیدانی تێکۆشانەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێ ئەکۆشێ بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرە دیموکراتخوازەکان لەچوارچێوەی شێوە بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتیدا بەجۆرێك کەهەموو هێزو تەیارە پێشکەوتنخوازو نیشتمان پەروەرەکان خەباتیان بەتوندو تۆڵی یەکخەن. واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبێك نیەو جێی حزبی پێشڕەو ناگرێتەوە بەڵکو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمان پەروەرەکانو لەناوبردنی دەستەگەریو دوو بەرەکیدا دروست بوەو ئەو هێزانەی تا ئێستا لەچوارچێوەکەیدا کۆبونەتەوە لەسەر ئەم بنچینەیە یەکیان گرتوە بۆ خەبات کردن بەڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی دژ بەئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنە پەرستیو شان بەشانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عێراق لەپێناوی عێراقێکی دیموکراتیدا کەکوردستان لەچوارچێوەیدا بەئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە شادبێ. ئەمە ئەو تەنیا ڕێبازەیە کە لەگەڵ جەوهەری پێشکەوتنخوازانەی بزوتنەوەی گەلەکەماندا ئەگونجێو هەر هێزێك لەم ڕێبازە لابداتو یەکێتیی ریزەکانی گەل بشکێنێ زیان لەبزوتنەوەکە ئەداتو تاوانبار ئەبێت بەرامبەر بەگەلو بێ گومان حوکمی گەلیش زۆر توندو تیژە بەرامبەر بەوانە.

## گەلی عێراقی نەبەز

ئـەم سیاسـەتە چـەوتە دوژمـنانەیـەی کەسـوڵتەی دیکتـاتۆری بـەعس لەکوردستاندا بەتایبەتیو لەهەموو عێراقدا بەگشتی پەیڕەوی دەکاتو ئەو شـەڕی براکوژیـەی کەدەسـتی کردۆتـەوە بەهەڵگیرسـاندنی نـەك هـیچ خزمەتێکی بەرژەوەندی گەلی عێراق ناکات بەڵکو گەورەترین زیانیشی پـێ ئەگەیـەنێ. بگـرە زیـانێکی گـەورە بەخـەباتی گـەلانی عـەرەب دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم ئەگەیەنێو بەتایبـەتی خـەباتی گـەلی فەلەسـتینی قارەمـان کەڕووبەڕووی ئیسرائیلی دوژمنو گەورەترین پـیلان بـۆ لـەناوبردنی بۆتەوە. ئەرکی سەرشانی سوپای عێراق کوشتنو بڕینی گەلی کوردو وێـران کردنی کوردستان نیە بەڵکو ئەرکی بنچینەیی پـیرۆزی ئەوەیـە کەبـەرگری لەخاکی نیـشتمان بکـاتو ئەوانـە بکـوژێو بـبڕێ کـە لەسـەرو حـسابی مافەکانی گەل ساتو سەودا بەم خاکەوە ئەکەنو سامانی عێراق بـۆ ئـەوە نییە کە بۆ پیلانگێـڕیو بـەخێوکردنی دەزگاکـانی تـیرۆرو چەوسـاندنەوەی فکریو ئابوری گەل بەکار بهێنرێتو جەنگی وێران کاری وڵاتو برا کوژی پێ ساز بکرێت.

بەرژەوەندیی گەلی عێـراق لەوەدایـە کـە لـەژێر سـایەی سیـستەمێکی دیموکراتیانـەی راسـتدا دوور لەچەوسـانەوەی نەتەوایـەتیو چـینایەتی بەعەرەبو کوردو کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانیـەوە بـەدڵو بـەگیان قـوڵ بکەن بەقۆڵی یەکتراو ئەوپەڕی وزەیـانو سـامانی وڵات بـۆ پێـشکەوتنی

ئابوریو کۆمەلآیەتی بخەنە کارو بەرەیەکی پتەوی ئەوتۆ پێك بهێنن کە بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری خەباتی رەوای گەلانی عەرەبو گەلانی ناوچەکە بکەن دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم وە بەتایبەتی گەلی فەلەستینی تێکۆشەر. تەنیا بەم جۆرە عێراق ئەتوانێت دەوری کاریگەرانە لەبزوتنەوەی گەلانی دونیادا ببینێ نەك بەدروشمی ساختەو پەیوەندکردنی گەلو چەوساندنەوەیو لەتوپەت کردنی ریزەکانیو بێ هێزکردنی بەرامبەر دوژمنەکانی. بەم سیاسەتە چەوتە بەعسیەکان بیانەوێو نەیانەوێ خزمەتی ئیمپریالزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستەکان ئەکەنو هەر لایەکی نیشتمان پەروەر بەدروشمە ساختەکانی بەعسی هەلّخەلّەتیّو بیەوێ بیانوو بۆ سیاسەتە شۆڤێنییە دیکتاتۆریەکانی بهێنێتەوە خۆی لەواقیع دوور ئەخاتەوەو پشت ئەکاتە بەرژەوەندیە بنچینەییەکانو خواستو ئامانجەکانی گەلو بەرژەوەندی بەرەی دژ بەئیمپریالیزمی جیهان. تێکۆشان لەپێناوی عێراقێکی دیموکراتیدا کەکوردستان لەچوارچێوەی دا ئۆتۆنۆمی راستەقینەی دەستگیر بێ ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە نیشتمان پەروەرە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقە بەکوردو عەرەبو کەمایەتییەکانەوە. ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە بەتەنگ سەربەستیو پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی گەلی عێراقو سەرکەوتنی بەرەی گەلانی شۆرشگێری جیهانەوە دێن دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی.

جەماهیری زۆر لێکراوی گەلی کوردستان یەکگرن. تێکۆشنو ئەوپەری وزەو تواناتان بخەنە کارو پشتگیری بێ سنوری بزوتنەوە شۆرشگێرانە

نمونەییەکەتان بکەن. هۆشیار بن و ڕێگا بەهیچ جۆرە دوژمنێک مەدەن جارێکی تر زەفەرتان پێ بێنێ. جەماهیری زۆر لێ کراوی کوردستان، هەموو هێزە نیشتمان پەروەرە شۆڕشگێڕەکان یەکگرتنەکەتان توندوتۆڵتر کەن. یەکێتی خەباتی شۆڕشگێڕانی عەرەب و کوردو کەمایەتیەکان پتەوتر بێت لەپێناوی مافە ناوکۆییەکانی هەموو گەلی عێراق.

**بمرێ دوژمنانی گەلان**

**بژی شۆڕش**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**دەستەی دامەزرێنەر**

**وولات**

**١ /ئەیلول/١٩٧٦**

# ئەرکەکانمان
# لەم پلەیەی خەباتدا

هاورێیـــان ســـەرەڕای ئـــەو زروفـــە ســـەختانەی بەســـەر گەلەکـــەمانو کۆمەڵەمان هاتو بەڵام توانیشی نەك هەر خۆی بپارێزێتو ریزەکانی پتەو بکاتو رێو شوێنی راسـت بـۆ کـارکردنی دابنـێ بـەڵکو توانیـشی لـەم ماوەیەدا جڵەوی رابەرایەتیی بزوتنەوە شۆڕشـگێڕانەکەی بگرێتـە دەسـتو توانی بیسەلمێنێ کە هێزی بنچینەییو پێشڕەوی بزوتنەوەکەیـە بەتایبـەتی دوای ئەوەی لەکاتی موناسبو پێویستدا کەوتە دامەزراندنی بناغەی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کوردستانو ئەم بناغەیـەی بـەو دەسـتە چـەکدارانە دارشـت کـە کۆمەڵـەمان دروسـتی کـردنو خـستنیە مەیـدانی خـەباتی چەکدارانەوەو بەووردی ئەرکەکانی بـۆ دەسـت نیـشانکردنو جگـە لـەوەی کەتوانی ئەو نیشتمان پەروەرانەی خۆیان دەسـیان دابـوە چـەك بخاتـە ژێـر سەرکردایەتی خۆیەوە دانانی بناغەی هێزی چەکدارو دەست پێ کردنی ئیش کردنیان هـەنگاوێکی گـەورەو مێژوویيـە کـە کۆمەڵـەمان نـاوێتی جێـی شانازیە.

هێــزی چــەکداری شۆڕشــگێڕ یەکێکــە لەســێ مەرجــە ســەرەکیو بنچینەییەکانی سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیر، واتــە حزبــی پێشڕەوو بەرەی نیشتمانیو هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ. ئەم سێ مەرجە زۆر بەتوندی پێکەوە بەستراون هەر یەکێکیان کار ئەکاتە سەر ئەوانی تــر. کــە گەشەکردنی هەر یــەکێکیان یارمــەتی گەشــەکردنی ئــەوانی تــر ئــەدات. مارکسیە- لینینیەکانی کوردستان نزیکــەی شــەش ســاڵە لەچوارچــێوەی کۆمەڵــەدا بــۆ دروســت کردنــی حزبــی پێــشڕەوی مارکــسی- لینینــی راستەقینەی کوردستان کار ئەکەن. بێ گومان جگە لەو هەوڵــەی لــەپێش دروست بونی کۆمەڵە دراو دروست بونی کۆمەڵە خۆی بەرهەمەکەی بــوو، ئەم خەباتــە ســەرەڕای زروفو بــاری مــاوەی ئــەو شــەش ســاڵەی رابــوردو سەرکەوتنی گەورەی بەدی هێنــاوە تــا ئــەو رادەیــەی کــە ئێــستا ئــەتوانین کۆمەڵە بەهێزی پێشڕەوو بەکردەوە دابنێین. بەڵام لەگــەڵ ئــەم راستیەشــدا ئەبێ ئەوە بزانین کە خەباتمان لەپێناوی تــەواوکردنی دروســت بــونی حزبــی پێشڕەودا هەر بەردەوامە.

لینینی مەزن لەنیسانی ساڵی١٩١٧ واتە چەند مانگێک پێش شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەر وتویەتی"با حزبێکی کۆمۆنیستی پرۆلیتاری دامەزرێنین. ئــەوەتا باشــترین پــشتیوانەکانی بولــشەویك عەناســرەکانی(ئــەم حزبــە)ی خولقاندەوە"((هەڵبژاردەکان- بەرگی٢ بەشی١)). وە ئەوەی تــا ئێــستا رێ گری سەرەکی بووە لەپێــشمان دوریمــان بــوو لەجــەماهیر. ئێمــە ســەبارەت

بەزروفی ئەوسا لەو خۆ نەناساندنی کۆمەڵە بەجەماهیر ئەویش هەر بەهۆی ئەو زروفانەوە ئەو دەرفەتـە لـەپێش کۆمەڵـەمان نـەبوو کـە بـەو جـۆرەی پێویستە لەناو جەماهیردا بێت، لێرەشدا ئـەبێ ئـەوە روون بـێ کەلەمـەدا مەبەست لەوە ئەوە نیە کە هاوڕێیان کەمتەرخەمیان کردبـێ، نـەء بـەڵکو مەبەست زروفی سیاسیو دیکتاتۆریەتی سوڵتە لەلایەکو باڵادەستی هێزی پ. د. ك لەکوردستان لەلایەکی ترەوە هەستی گـشتی جـەماهیر بەرامبـەر مارکسیزم- لینینیزم لەلای سێیەمەوە (ئەمـەمان لەنوسـینی پێـشودا رون کردبـووەوە). رێبـازی کۆمەڵـەو ئـەرکی مێـژوویی، ئەوەیـە کەبزوتنـەوەی شۆڕشگێڕانەی گەل بەبیروباوەڕی مارکسی- لینینی موتوربـە بکـاتو بـەم رێبازەو لەبۆتەی مومارەسەی عەمەلیدا لـەپێناوی بـەدی هێنـانی حزبـی پێشڕەودا تێبکۆشێ. دیـارە موتوربـەکردنی جـەماهیریش بـە م. ل تـەنیا لەناوجەرگەی جەماهیرو مومارەسـەی عەمەلیـدا ئـەکرێت، بۆیـە ئـەمڕۆ بەردی بناغەی خەباتمان لەپێناوی حزبی پێشڕەودا ئەبێ چوونە ناو جەماهیر بێت واتە کردنەوەی ئەو دەرگا فراوانە بێت کـە تـا ئێـستا ئـەتوانین بڵـێین لەسەرمان داخرابوو. وە لەم رووەوە یەکەم هەنگاوی دروسـت کردنـی ی. خ. ش. ك بو. وە پێش ئەوەش لەدەرەوەی وڵات یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان دروست کرا بوو بەڵام لەناو وڵاتدا سەبارەت بەهەندێك مەسـەلە کـەلامان ئاشـکرا نـەبوو دروسـت کردنـی رێکخـستنەکانی ی. ن. ك یەکـسەر لەکوردستانیش دروست نەکران. بەڵام پاش ئەوەی ئەو لایەنانە روون بونەوەو بەم جۆرە بوون کە ئەم سـەرکردایەتییە (واتـە ك. ه) بەڕاسـتو دروسـتیان

ئەزانی کەوتینە دروست کردنی لیژنەکانی ی. ن. ك وەتا ئێستا لەهەنــدێك هەرێم دروست کراون‌و لەهەندێکی تر لەدروست بوون دان.

............................................................................................................

..............................................................................................

*..............................................................................................

لەهەر لیژنەیەکدا جگە لەلێپرسراوەکەی هــاورێی تــری خۆمــانی تێــدا ئەبیێ‌و ئەندامەکانی تریش لەکەسانی نیــشتمان پــەروەرو پێــشکەوتنخوازو عەناسری رێکخراو یان تەبیارەکانی تر ئەبن.(دەستەی دامەزرێنەری وولات) جاریێ کەسی تری تێدا نابیێ تا کاتیێ کەپێویست بەوە ئەکات.

بەم جۆرەیــە یــەکێتیی نیــشتمانیی کوردســتان وەکــو شــێوە بەرەیــەکی نیــــشتمانی بــــەکار ئــــەهێنین بــــۆ کۆکردنــــەوەی نیــــشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکان‌و رێکخستنیان‌و ئالاّنــدنیان لــەدەوری ئــالاّی بزوتنــەوە شۆڕشگێڕانە نوێیەکەی گەلەکەمان‌و بەرابەرایەتی کۆمەڵەمان. بەم جــۆرە مەسەلەی دورەپەرێزی لەجەماهیر چارەسەر ئەکــەین‌و رێکخــستنەکانی(ی. ن.ك) جگە لەوەی کەبۆ کۆکردنەوەی جەماهیر لەدەوری ئالاّی بزوتنــەوە کــە سوودی لیێ وەرئەگرین، لەهەمان کاتیشدا باشترین عەناســری پێــشکەوتوی تیا هەڵئەبژێرین بۆ ناو رێکخستنی کۆمەڵە. گەشەکردنی کۆمەڵەو (ی. ن.

---

* لەدەقەکەدا ئەم شوێنە بەبەتاڵی هێڵدراوەتەوە. لەبەرئەوەی کە دەقی ئەسڵی ئــەم بەیاننامەیەمان چنگ نەکەوت، وەکو خۆی بەبەتاڵی هێشتمانەوە. (ئەکادیمیا)

ك) پێکەوە گـرێ دراون، هـەردوکیان پێکـەوە بـۆ پێـشەوە ئـەڕۆن. ئەمـە قـــانونێکی تایبـــەتی وەزعـــی تایبـــەتی کوردســـتانە. گەشـــەکردنی هەردوکیشیانو بردنیان بەرەو هێنانەدی پارتی پێشڕەوی راستەقینەو بەرەی نیشتمانی راستەقینەش بەندو بەستراون بەگەشەپێدانی خەباتی جەماهیریی چەکدار بۆ هێنانەدی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕو پەرەسـەندنەوەی خـەباتی جەماهیرو موتوربەکردنی بەبیروباوەڕی م. ل بۆ لەدایك بوونی حزبی پێـشڕەو لێیەوە ئەمـەش قانونێکی تری تایبەتی وەزعی تایبەتی کوردستانە کەئەبێ پەیڕەوی بکەین. هێنانە دیی ئەو سێ مەرجە بنچینەییە بەتونـدی پێکـەوە بەستراونو پەیوەندیەکی عیزوییان پێکەوە هەیەو یەکتر گەشە پێ ئەکـەنو یەکتر ئەژێێنن. ئەم راستیە گشتیەش بۆ وڵاتی ئێمەش زۆر راستو دروستو بەجێیە. بەم پێیە کۆمەڵەمان لەم سێ قوڵە گرنگەوە خـەبات ئـەکات بـۆ بـەدیهێنانی هـەر سـێ مەرجـە بنـچینەییەکەی سـەرکەوتنی بزوتنـەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکـەمانو ئـەم خەباتـە بـەردی بناغـەی بەرهەڵـستی کردنێکی کاریگەرانەی دوژمنە، خەباتە لەپێناوی ئامانجە نزیكو دورەکانی گەلەکەماندا.

لەو کاتەوە کەدەستە چەکدارەکانمان دروست بوون وە دەستیان بەچـالاکی کردەوە کەئێستا ئەرکی سەرەکیان بریتیە لەڕاپەڕانـدنو هۆشـیارکردنەوەی جەماهیری گەل بەتایبەتی لەلادێو دەرخـستنی راسـتی دەربـارەی رێبـازی کۆنو روون کردنەوەی رێبازی راستی شۆڕشە نوێیەکەمان بۆیان وە هەروەها پتەوکردنو پەرەپێدانی خەباتی چەکدارو فراوان کردنـی ریزەکـانی دەسـتە

چەکدارەکان، وە لەم ماوە کورتەدا بەرهەمی زۆر باش بەدی هاتوە لەو شوێنانەدا کەدەستە چەکدارەکان پیا ئەگەڕێن وە لەمەولا کار ئەکاتە سەر شوێنەکانی تریش بەهۆی پەرەسەندنەوەی گیانی تێکۆشانو بڕوای جەماهیر بەبزوتنەوە نوێیەکەی. وە لەو ناوچانەدا جەماهیری گەل بەتوندی پشتگیری بزوتنەوەکەمان ئەکەنو توانراوە کەرێکخستنی فراوانی تیا دروست بکرێت. جا بێ گومان دیسان ئەبێ ئەو راستیەمان لەبیر بێ کەکۆمەڵە کەسانی خۆی هەیە کە ئەوانە پێشکەوتوترین عەناسرەکانی چینە زەحمەتکێشو نیشتمان پەروەرەکانن کەباوەڕیان بەمارکسیزم - لینینیزم هەیە ئامادەنو بەرێبازی فکریو عەمەلی کۆمەڵە کار بکەن، لەهەمان کاتیشدا ئەبێ لەبیرمان بێت کەبەتایبەتی لەلادێ بەهۆی سەر لێشێواندنو پەروەردەی کۆنو رەفتاری چەوتی.................................. [**] ئەبێ بەووردیو زۆر هۆشیارانە کار بکەینو ئەبێ بزانین کە ئەگەر راستەوخۆ بەناوی مارکسیزم- لینینیزمەوە بچینە ناو خەڵکەوە رەد فیعلی زۆربەی جەماهیر سەلبی ئەبێ چونکە هێشتا رەفتاری مارکسیانەی راستیان نەدیوە، لەبەر ئەوە ئەبێ پێشەکی بەکردەوەی راستو بەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی بیرو باوەڕی م. ل بۆیان کەبێ گومان ئەم((ناوەڕۆکە)) یان لاپەسەندە، بچینە ناویانو بەو بیروباوەرە پەروەردەیان بکەین. ئەوە تەنیا رێگەی راستە بۆ سڕینەوەی ئەو هەستەی کە لەناو جەماهیردا دژی ئەم بیروباوەرە چێنراوە. بێ گومان لەگەڵ ئەوەدا کەدەستە چەکدارەکان رێگای چونە ناو جەماهیر ئەکەنەوەو

---

[**] ئەم شوێنەش لەدەقەکەدا بەبەتاڵی هێڵدراوەتەوە. (ئەکادیمیا)

یارمەتی پەرەپێدانی رێکخستنی ی. ن. ك ئەدات، لەهەمان کاتیشدا رێکخستنەکانی ی. ن. ك یارمەتی ئەوەمان ئەدەن کەبوارمان هەبێت بۆ پەرەپێدانی رێکخستنی کۆمەڵەو جێگیرکردنی لەناو جەماهیرداو موتوربە کردنی بزوتنەوەکە بە م. ل، ئەم پەرەسەندنەش جارێکی تر گەشە بەبزوتنەوەی چەکدارانە ئەداتو پەرەی پێ ئەسێنێو بەم جۆرە ئەم دەورەیە بەردەوام ئەبێت تا پێ گەیشتنی تەواوی هەر سێ مەرجەکەی سەرکەوتن. ئەمەیە رێبازی کۆمەڵەمانو ئەبێ بەووردی لەسەری بڕۆینو ئەوپەڕی توانامان بخەینەکار لەپێناوی سەرکەوتنی دا. وە ئەبێ دڵنیابین کە سەرکەوتنی ئەم رێبازە راستەوخۆ بەندە بەچالاکیو کارکردنی لەووزە بەدەری هاوڕێیانو هۆشیاریو قاڵبونی بەردەوامیان. جگە لەئەرکە گرانەکانی ئێستاو بەرهەڵستی کردنی دوژمنێکی بەهێزو کەللەڕەق، ئەبێ چاوەڕێی گەلێ بەربەرەکانێ کردنیش بین کە لەلایەنی واوە دێن ئێستا دۆستن وە ئەمەش بەشێك ئەبێ لەو خەباتە چینایەتییەی کە لەبەرمانەو ئەگەرچی لەم کاتەدا ئەم خەباتە چینایەتییە (بەتایبەتی خەبات دژی بەرەڵاییو راڕایی وورده بۆرژوازی) لەپلەیەکی توندوتیژدا نیە بەڵام بەشێوەیەکی ((ئاشتییانە)) ئێستاش هەر هەیەو چینە جۆربەجۆرەکان هەر یەکەی بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی هەوڵی جێگیرکردنی پێی خۆی لەبزوتنەوەکەدا ئەدات بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا بەرژەوەندیەکانی خۆی جێگیر بکات بۆیە دەوری هاوڕێیانی ئێمە لەرێکخستنەکانی ی. ن. ك دا دەورێکی گرنگو زۆر بایەخدارەو جێگیرکردنی دەوری رابەرایەتی کۆمەڵەمانو

بەردەوام بوونی ئەم دەورە رەنگ کردنـی سـەرتاپا بزوتنەوەکـە بـەبیروباوەڕی کۆمەڵـە لەسـەر دەوری هاوڕێیـانی نـاو ی. ن. ك وەسـتاوە، بۆیـە ئـەبێ چـالاکترین و پێـشکەوتوترین کـادیری خۆمـان بخەینـە لیژنـەو دەزگـا جۆربەجۆرەکانیەوەو بالآدەستی لەهەموو روویەکەوە بنوێنین.

جێبەجێ کردنی هەموو ئـەو ئەرکـە مێژووییانـە وەکـو ووتمـان لەسـەر هاوڕێیانی کۆمەڵە وەستاوەو کادرەکانی کۆمەڵە نـەك هـەر لـەی. ن. ك دا دەورێکی سەرەکی و بنچینەیی ئەبێ بگێڕن بەڵکو لەناو هێزە چەکدارەکان و رێکخستنەکانی لادێشدا بڕبڕەی پـشتی سـەرکەوتنمان لەسـەر هاوڕێیـانی خۆمان وەستاوە. لەئێستا بەدواوە پێویستیمان بـەدەیان هـاوڕێی لێهـاتوو و لێوەشاوە ئـەبێ چ لـەناو شـاردا بـۆ پەرەپێـدانی ی. ن. ك و پتـەو کردنـی کۆمەڵەو چ لەدەرەوەی شار کە گرنگترین مەیدانی کارکردنمان، لەم پلەیەدا سەبارەت بـەوەی کەهـەموو ئـەو لایەنانـەی بۆربۆڕێنیانـە لەسـەر دەست بەسەراگرتنی ئەم مەیدانـە چـونکە هـەموو لایـەك ئـەزانن کـەجوتیاران (دانیشتوانی لادێ بەگشتی) دەوری بنچینەیی و حـاسمی هەیـەو هـەوڵ بـۆ مسۆگەر کردنی پشتگیریان ئەدرێت. هەرچەندە ئێمـە ئێـستا قـایم تـرین و جێی پێمان هەیە لەچاو هەموو هێزێکی تردا بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەبێ قورساییەکی زۆری بخەینە سەرو تا دێت جێی پێمان قایمتر بکەین.

بیرمـان نەچـێت کەکۆنەپەرسـتان سـەبارەت بەشـوێنی چـینایەتیان لەکومەڵگای کوردستاندا لەناوەوەی وولآت و لەدەرەوەی هـەروەها بەئاسـانی دەست لەبەرژەوەندیەکانیان هەڵناگرن و مەیدان بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکان

چۆڵ ناکەن، بەپێچەوانەوە لەمەوپێش چەند هەوڵیاندابێ بۆ قایم کردنی جێ پێیان لەناو بزوتنەوەکەدا ئێستا چەند جار زیاتر ئەو هەوڵە ئەدەن بۆ گێڕانەوەی ئەو دەورە سەرەکییەی لەمەوپێش هەیان بوە بەتایبەتی. ئەگەر لەوەزعی ناوچەکەو جیهان وورد بینەوە بەچاکی بۆمان روون ئەبێتەوە کەئەبێ چەند حساب بۆ هێزی کۆنەپەرستان بکەین وە هەر لەئێستاوە جموجۆڵیان دەستی پێ کردوەو کەوتونەتە گەڕ بەتایبەتی پاش ئەوەی کەهەستیان بەچالاکیو بزوتنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان کرد ئەوانیش کەوتنەوە خۆ وە ئەمڕۆ ئەو هێزەی کەئەم دەورە ئەبینێ پاشماوەی سەرکردایەتی پ. د. کو بزوتنەوە چەکدارەکەی بارزانییە بەسەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانی خۆی. ئەمانە بەناوی((سەرکردایەتی کاتی))یەوەو لەژێر پەردەی((بزوتنەوەیەکی نوێ))و داننانیان بە((هەڵەکانی پێشویاندا))و بەناوی هێرش کردنە سەر((رژێمی شای بەکرێ گیراوو کۆنە پەرست))ەوە دەستیان کردۆتەوە بەجوڵە جولێ. ئەم جولانەوەیەی(ق. م)یەکان لەم کاتەدا دوو مەبەستی سەرەکیی هەیە:

**یەکەم:-** بۆ بەربەرەکانێ کردنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕانە پێشکەوتنخوازەکەی گەلەکەمان کەوا دەستی پێ کردوەو هەوڵدان بۆ رەکیزەدانان تیایدا بۆ ئەوەی وردە وردە بەهۆی پارەو چەکی زۆرەوە دەسەڵاتی تیا پەیدا بکەنەوەو خۆیان بگەیننەوە سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەوەی کەلەلایەکەوە لەڕێبازە پێشکەوتنخوازەکەی لای بدەنەوەو بیخەنەوە سەر

ڕێگا کۆنەکەو لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی جڵەوەکەی بدەنەوە دەست ڕژێمی ئێرانی کۆنەپەرست.

**دووەم:-** لەم کاتەدا مەسەلەی خەلیج لەکایەدایە کەئێران ئەیەوێت دەسەڵاتداری سەرەکی بێت لەناوچەی خەلیج دا(ئەمەش دەورێکە کەئیمپریالیزمی ئەمەریکا پێی سپاردوەو بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی خەیاڵی پڕچەکی ئەکات وە لەپەلاماردانی شۆڕشگێڕەکانی زەفاردا* پشتگیری ئەکا) جا وەکو یەکێك لەوەسیلەکانی زەغت بۆ سەر ڕژێمی ساتوسەوداکەری عێراق ئەوانەی ئێران بەکاردێنێ چونکە ئێران وەکو کورد ئەڵێ ((نانێکی خواردوە بەو ڕۆنەوە)) جارێك بەباشترین شێوە بزوتنەوەی کوردی کرد بەدارەدەست بۆ سەپاندنی شەرتەکانی بەسەر ڕژێمە ماتو سەداکەرەکەی بەغداو ئەم جارەش هەر بەو نیازەو لەسەر حسابی کورد دەیەوێت مەرامەکانی لەخەلیج بەدی بهێنێ. بەم جۆرە ئەبینین کە کۆنەپەرستان تا دوا هەناسەیان بۆ بەرژەوەندیە چەپەڵەکانیان تەقەلا ئەدەنو جۆرەها پیلانو نەخشە دائەنێن پشت بەئاغا ئیمپریالیستەکانیان. ئەبێ زۆر وریای هەموو ئەم جۆرە پیلانانە بین کەلەلایەن کۆنەپەرستانەوە دژی بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەمان ساز ئەکرێت. ئێمە بەرامبەر ئەوانەی کە لەئێرانەوە ئەیانەوێت ئەم دەورە ببینن هەڵوێستمان ئەوەیە کەپێش هەموو شتێك ئەو ڕاستیەی سەرەوەمان لەپێش چاو بێتو هەمیشە هەوڵ بدەین بۆ

---

* زەفار: ناوچەیەکە لەسەڵتەنەت نشینی عومان کەبزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی بەپشتیوانیی کۆماری یەمەنی دیموکرات تێدا هەڵگیرسابوو(ئەکادیمیا).

جەماهیری روون بکەینەوەو راستیو ئەنجامی جموجۆڵەکەیان تێ بگەیەنینو تا ئەتوانین عەزلیان بکەین لەجەماهیر. لەهەمان کاتیشدا ئەوەش روون بکەینەوە کە نامانەوێ دوژمنایەتی ئەوان بکەینو ناچین بەگژیاندا وە تەئکید ئەکەینە سەرئەوەی کەیەکێتیی نیشتمانیی بۆ یەکێتییە نەك بۆ دووبەرەکی وە هەر هێزێکی نیشتمان پەروەر بێت ئەبێ لەچوارچێوەی ئەم یەکێتیەداو بەپێی رێبازەکەی کار بکات. وە ئەوەی بیەوێ خۆی بەسەربەخۆ بەرێبازی کۆندا کوردا بڕوات ئەوە دیارە ئەیەوێت دیسان جەزرەبە بەبزوتنەوەکە بگەیەنێت بێ گومان ئەوان بەوە رازی نابنو بەم رێبازەشدا ناڕۆن، لەم حاڵەتانەدا ئێمە ئەبێ جەماهیرمان تێ گەیاندبێو عەزل کردنیانمان مسۆگەر کردبێت. خۆ ئەگەر هاتو رازی بون لەچوارچێوەی ی. ن. ك دا کار بکەنو لەسەر رێبازەکەی، ئەوە با بیکەنو بەڵام لەهەمان کاتدا ئەبێ زۆر وریایان بین.

بەم بۆنەیەوە جارێکی تریش ئەوە بۆ هاوڕێیان دوبارە ئەکەینەوە کەئەبێ لەهەموو کاتێکدا زیاتر ئاگاداری رێکخستن بن کە بەکرێگیراوانی سوڵتە خۆیانی تێ نەخزێنن. چونکە دڵنیا بن دوژمن هەوڵێکی زۆر ئەدات بۆ ئەوەی بەکرێ گیراوەکانی لەناو رێکخستنماندا بچێنێ.

بەم جۆرە کۆمەڵێ ئەرکی گرنگمان لەئەستۆیەو لەچەند قۆڵێکەوە ئەبێ خەبات بکەینو تێ بکۆشین بزوتنەوەکەمان بپارێزینو بەرەو سەرکەوتنی بەرین. ئەمەش کارێکی مێژوویی ئەوتۆیە گەورەو توانایەکی بێ سنورو هۆشیاریو تێ گەیشتنێکی زانستانەو دوربینییەکی تەواوی ئەوێ. کەسانی

لیّ هاتوی ئەویّ کە لەهەموو هەوڵەکانی خەباتدا، لەهەموو شویّن پیّیەکی مەیدانی فراوانی خەباتدا دەوری کاریگەر بگیّڕن کادری کارامەو لیّ وەشاوەی بیّ شوماری ئەویّت. ئەبیّ ریزەکانی کۆمەڵە بەردەوام بتەو بکریّن گەشە بە (ی. ن. ك) و لیّیەوە بچنە ناو جەماهیرەوەو ریزەکانی کۆمەڵە بەپیّشکەوتو ترین عەناسر فراوان بکەین، ئاستی فکریو توانای کارکردنی هاورِێیان لەهەموو پلەیەکدا ئەبیّ بەردەوام بەرز ببیّتەوە وە یەکیّتی ریزەکانی کۆمەڵە پتەوتر بکەن. هەر هاورِێیەك ئەبیّ ئامادە بیّت بۆ جیّبەجیّ کردنی هەر فەرمانیّك کەرِێکخستن بۆی دەست نیشان دەکات.

**ئیتر بۆ پیّشەوە لەژێر ئاڵای سوری مارکسیزم لینینیزم**

**کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانی عێراق**

**کۆمیتەی هەرێمەکان**

**١٩٧٦/٩/٢٥**

# شۆڕشی کوردستان سەرکەوتوانە ساڵێك لەتەمەنی تەواو ئەکات

**گەلی عێراقی تێکۆشەر**

**گەلی کوردستانی نەبەز**

رژێمی شۆڤێنی بەغدا هەر پاش ئاش بەتاڵەکەی ئازاری ١٩٧٥ وای زانی کەئیتر گەلەکەمان هەرچی وزەو گوڕی شۆڕشگێڕانەی هەیە لەدەستی داوەو توانای بەرگری لەخۆکردنی نەماوە. بۆیە بەو پەڕی لەخۆبایی بون‌و دڕندەیەتیەوە بەپەلە کەوتە جێبەجێ کردنی نەخشەی شۆڤێنیانەی خۆی بۆ لەناو بردنی گەلی کوردستان لەعێراقدا. بەلاّم جەماوەری کوردستان سەرەڕای ئەو نەکسە گەورەیەی کە دوچاری کرابوو وە لەگەڵ ئەو هەموو زەبرو زەنگ‌و پیلانە گلاّوانەی کە بەعسی فاشیستی بەغدا بۆ توانەوەی نەتەوەکەمان‌و ریشەکێش کردنی خستویەتیە کار، توانی ئەمجارەش بەتاوترو چالاکانەتر راپەڕی‌و شۆڕشێکی نوێی دیموکراتی بەرپا بکات بۆ بەرگری کردن لەبونی نەتەوایەتی‌و بەدەست هێنانی مافە رەواکانی.

لەماوەی ئەم ساڵەدا کەشۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بەسەرکردایەتی(ی. ن. ك) دەستی پێ کردەوە سەرەڕای کورتیی ماوەی هەڵچونی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەو توندوتیژی دوژمن، شۆڕش گەلێ

سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوەو زۆریش تاقیکردنەوەی بەنرخی تازەی دەست گەلەکەمان ختسووە.

دیکتاتۆرەکانی بەغدا بە بەرپابونی شۆڕش بەجارێ سەرسام بون. چونکە بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەو گۆڕانە کوتوپڕیە بنەڕەتیەی نەدەکرد کە لەمەیدانی خەباتی گەلی کوردستانو سەرجەم گەلی عێراقدا روو بدات، لەبەرامبەر ئەم راستییە کاربەدەستە تکریتیەکان توشی هستریا بونو کەوتنە بەکارهێنانی ناشیرینترینو خراپترین شێوەی ئیرهاب لەراونانو گرتنو کوشتنی هاوولاتیانی نیشتمان پەروەر، تەنانەت زۆر کەسانی بێ ئاگاو بێ لایەنیشی گرتەوە وە هەتا دێش هەر شێتگیرتر ئەبن. ئەوە بوو هەر لەسەرەتای شۆڕشەکەمانەوە بۆ چاو ترساندنی رۆڵەکانی گەل حوکمی ناڕەواو چەپەڵی خۆی بەسەر تێکۆشەرانی نەبەزو قارەمانی گەلەکەمانیاندا شەهیدان( شەهابو جەعفەرو ئەنوەر) وە لەرۆژی ٢١/١١/١٩٧٦ لەسێدارە درانو هەر لەوساشەوە دەستی کرد بەگرتنو دورخستنەوەی تێکرا کەسو کاری پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لەپیری سەد ساڵەوە هەتا منداڵی ساوای سەر بێشکەش لەبەندیخانەکانی خوارووی عێراق توند کران کە لەبارێکی زۆر تاڵو نا هەمواردا مەمرەو مەژی گوزەران ئەکەن، ئەمە جگە لەوەی بەهەزاران خێزانی کرێکارو جوتیارو کۆمەلانی تری خەڵکی کوردستان گواستراونەتەوە بۆ خواروی عێراقو بەسەدانیشیان خراونەتە بەندیخانەو بەدەیانیان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا شەهید بونو ژمارەیەکی زۆریش حوکم دراون بەخنکاندنو گەلێکیان لەسێدارە دراون،

ئەمە لەلایەك‌و لەلایەكی تریشەوە بەعسییە راستڕەوەكان بەنیازی لەخشتە بردنی پێشمەرگەو سەركردەكانی شۆڕش بەردەوام هەوڵی كڕینی ویجدانیان ئەدات‌و ئەیەوێ لەم ڕێگایەوە هێزەكانی شۆڕش لاوازو بڕبڕ بكات. لەگەڵ ئەمانەشا لەماوەی ئەم زستانەدا چەندین هێرشی كردە سەر پێشمەرگە كۆڵنەدەرەكان بەتەمای ئەوەی لەناویان بەرێت. بەلاّم لەهەموو ئەم سیاسەت‌و هێرشانەیدا هیچ سەركەوتنێكی بەدەست نەهێناوە، نەگرتن‌و كوشتن‌و بڕین‌و لەسێدارەدان وە نەهێرشەكانی نەیتوانی شۆڕشگێڕانی گەلەكەمان لەخەبات سارد بكاتەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە كڵپەو گڕی ئاگری شۆڕش هەتا دێت بەتینتر ئەبێت‌و جەماوەری كوردستانیش پتر لەدەوری ئالاّی شۆڕش‌و(ی. ن. ك) كۆ ئەبنەوە، سەبارەت بەمە دوژمن لەسەرەتای مانگی ئازارەوە وەكو هار دەستی كرد بەگەورەترین هێرشی بەربلاّو بۆ سەر كوردستان زیاتر لەشەش فیرقە سەربازو هەزاران پۆلیس‌و حەرەسی سنورو سەدان هیلیكۆپتەری شەڕو تانك‌و زرێپۆشی خزاندە كوردستانەوەو بەربونە پەلاماردانی سەرانسەری خاكی كوردستان، لەگوندو شارەكاندا دەستی كرد بەتۆقاندن‌و كوشتن‌و سوتان‌و وێران كردن، بەلاّم دوژمن جارێكی تریش سەری دا لەبەردی سەختی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەل وە هیچ سەركەوتنێكی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا كەلەڕوی بێت خۆی پێوە هەڵ بكێشێ، وە ئەنجامی ئەو هێرشە فراوانە گەورەیەی كەكردی بەرامبەر بەهێزەكانی شۆڕش هەرچەندە هێشتا لەسەرەتای خۆچەسپاندن‌و گەشە كردندایە، هیچ یەكێك لەو مەبەستە گلاّوانەی هەیبوو بۆی نەهاتە

دی، وە ئەگەر دوژمن بە بەزینو روخانی هەندێ کەسانی بودەڵەو بەکرێگیراو کەخۆیان بەدەستەوەداوە واتێ بگات کەگوایە شۆڕشی لاوازو بێ هێز کردوەو سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە ئەوە هەر خۆی گێل ئەکاتو بەس، ئەگینا ئەو ترسنۆكو بەزیوانە هەمیشە بارو کۆسپ بون بەسەر شۆڕشەوە، ئەبوایە زوتر ریزەکانی شۆڕشیان لێ پاك بکرایەوە، بۆیە خۆ بەدەستەوەدانی ئەمانە نەك سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ شۆڕش بگرە بەلایەکی زلیش بوو بۆ دوژمنەکەمان. هێزەکانی(ی. ن. ك)و پێشمەرگە نەبەزەکانی سورن لەسەر گەیشتن بەئامانجەکانی گەلو بەدەست هێنانی سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن، هەرگیز گوێ نادەنە هەڕەشەو فیشاڵی دوژمن، دلێرانە ئەجەنگنو زیانی کاریگەرانەی پێ ئەگەیێنن.

## خەباتکەرانی عێراق
## تێکۆشەرانی کوردستان

ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی راستی شۆڕشی کوردستان جارێکی تریش ئەو راستیەی سەلماندوە کە ئەگەر گەلێکی بچوك وەكو گەلی کوردستان زاتی خەبات کردنی هەبێتو بەڕێگای تیۆرییە زانستیە شۆڕشگێڕەکانی چینە زەحمەت کێشەکاندا بڕواتو ریزەکانی خۆی یەك بخاتو پشت بەهێزو توانای گەل ببەستێت ئەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکاتو دوژمنەکەی هەرچەندە بەهێزیش بێت لەدەریای شۆڕشگێڕانەی گەلدا نقوم بکاتو بیخنکێنێو بەتەواوی بەمافەڕەواکانی خۆشی بگات.

شۆڕەکەمان هەر لەسەرەتاوە بەم ڕێبازەدا هاتووەو بەردەوامە لەسەر درێژەدان بەخەباتیو پشت بەهێزو توانای گەلەکەمانو هەموو بەرەی گەلان ئەبەستێت، بۆیە دڵنیاین لەسەرکەوتنی گەلی کوردستانو تێکرا گەلی عێراقو تێکشکانی تکریتیەکان، بەتایبەتی ئێستا بەڕونیو چاکی گشت گەلی عێراقو تەواوی گەلانی عەرەبو هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا بۆیان دەرکەوتووەو لایان سوكو ریسوا بووە، هەروەها تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێوان خۆشیان هۆیەکی تری گرنگو کاریگەرە بۆ زوتر روخانو نەمانی رژێمە شۆڤینییەکەی بەغدا.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی کوردستانو خەباتی شۆڕگێڕانەی سەرجەم گەلی عێراق.

**مردنو ژێرکەوتن بۆ فاشیە دیکتاتۆرەکانی بەغدا**

**نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی بزوتنەوەی نیشتمانیی گەلی عێراق**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**کۆمیتەی سەرکردایەتی- وڵات**

**ئاب/١٩٧٧**

# خەباتی ئاڵای شۆڕش

دەرچونی جەریدەیەکی گشتی بەرێکوپێکی بۆ ناو جەماوەری شۆڕشگێڕی گەلەکەمان لەلایەن کۆمەڵەمانەوە کەدوای (ئاش بەتاڵ) یەکەم رێکخراوی سیاسی بوو کەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عادیلانەی گەلەکەمانی لـەباوەش گرتو لایەنێکی سـەرەکیو بنـچینەیی شۆڕشـە نوێیەکـەی گەلەکەمانـە کارێکی ئەوەندە بەئاشکرا پێویستە کە بەڕاستی پێـی نـاوێ زۆر باسـی لێ بکرێت. بایەخی ئەم جەریدەیە لەم پلە مێژووییەی خەباتمانـدا بـەو هـەموو ئەرکە گرانەو جۆراوجۆرانەدا دیارە کە لەئەسـتۆیەتیو هیـوادارین (ئـاڵای شۆڕش) ببێتە روناکیەکی گـەشو لەکوژاندنـەوە نـەهاتوی سـەر رێگـەی خەباتی گەلەکەمانو گـەلانو زەحمەتکێـشانی عێـراقو هـەموو ناوچـەکە لەپێناوی نەمانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکدا.

بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گـەلی کوردسـتان کەبزوتنـەوەی گـەلێکی دابەش کراوو نیشتمان لەت لەت کراوو ماف پێ شێل کراوە، بزوتنەوەیەکی عادیلانەی نـاوەرۆك پێـشکەوتنخوازەو بەشـێکی لەجیاکردنـەوە نـەهاتوی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلانی جیهانە کە لەم سـەردەمەدا بەشـێکەو پاڵ پشتێکی قایمو پتەوی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانە.

چەندین ساڵە گەلی کوردستان لەخەباتێکی بێ ووچانی پڕ قوربانی دایە لەهەموو پارچەکانی کوردستانداو بەتایبەتی لەماوەی نیو سەدەی رابردودا کوردستانی عێراق مەڵبەندی بزوتنەوەی چەکدارانە بووە. دوا بزوتنەوەی ئەوە بوو کە لەئەیلولی ١٩٦١ بەسەرکردایەتی بۆرجوازیەتی کورد دەستی پێکردو لەمارتی ١٩٧٥دا سەرکردایەتییە عەشایەرییە کۆنەپەرستەکەی ئەو بزوتنەوەیە هەرەسە سیاسیو عەسکەرییە پڕ شەرمەزارییەکەی کردو ئەو ئەنجامانەی بوو کەهەموو کوردێکی خاوەن هەست ئەیزانێت.

بێ گومان شکست هێنانی بزوتنەوەکانی کوردو بەتایبەتی دوا بزوتنەوەی کە بەو هەرەسە (یان وەك‌و جەماوەر ناوی نا ئاش بەتاڵ) ئەنجامێکی حەتمی ئەو بیروڕا کۆنەپەرستانەو رێبازە چەوتە نا شۆڕشگێڕانەیە بوون کە چینە کۆنەپەرستەکانی کورد بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمانیان پیا کێش ئەکرد. ئەو چینە کۆنەپەرستانە بەچەندین شێوە بودەڵەییو ناشایستەیی خۆیان لەرابەری کردنی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان ئیسپات کردو چەندین جار گەلەکەمانیان پاش قوربانیو ماڵ وێرانیەکی بێ سنور هەر بەرەو هەڵدێری پڕ مەینەتی هەرەس هێنانی برد. ئەمەش بێ گومان سەبارەت بەوەی کە ئەیانویست- ئێستاش بەردەوام ئەیانەوێت- بزوتنەوەکە لەچوارچێوەیەکی نەتەوەپەرستانەی تەسکی کۆنەپەرستانەدا قەتیس بکەنو بەپێی بەرژەوندیی چینایەتی بۆگەنی خۆیان لێی بخورنو نەهێڵن بەهیچ جۆرێك بچێتە سەر رێبازە مەوزوعییە گونجاوەکەی لەگەڵ رێرەوی مێژوو چونکە

چینە کۆنەپەرستەکان زۆر باش ئەوە ئەزانن کەئەمە مانای تیاچونی بەرژەوەندی ئەمانەو بەپێچەوانەوە بەرژەوەندیی چینە زەحمەتکێشە چەوساوە شۆڕشگێڕەکانی تێدایە وە سەبارەت بەوەی کەمارکسیزم- لینینیزم فەلسەفەو ڕێبازی شۆڕشگێڕترین‌و چەوساوەترین چینەکانی گەلە ئەویش کەچینی کرێکارەو تا چەوسانەوە مابێ چینی کرێکار رزگاری نابێ‌و سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵەمان لەسەر بنچینەی مارکسیزم- لینینیزم دامەزراوە بۆیە ئالآی شۆڕش بەو پەڕی تواناوە تێ دەکۆشێ لەپێناوی:

*بەهێز کردن‌و پتەو کردنی یەکێتی بیروڕاو ڕێکخستنی کۆمەڵەمان‌و گەیاندنی بیروباوەڕەکەی کە مارکسیزم- لینینیزمە بەجەماوەری چینە چەوساوە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان‌و قوڵ داکوتانی رەگ‌و ریشەی کۆمەڵەمان تیایدا وە لەڕەگ‌و ریشە هەڵکێشانی هەموو بیروڕایەکی ریڤیژنستانەو ریسواکردنی ریڤیژنیزم (تەحریفیەت) لەناوەوەو دەرەوەی وولآت ......................................................................................

*
......................................................................................

---

* لەچاپی ١٩٨٠ دا ئەم شوێنە بە بەتاڵی هێڵدراوەتەوە. دەقە دانەنراوەکە بریتی بووە لەمەی خوارەوە:

((..... وە دەرخستنی حەقیقەتی ئەو لەڕێ لادەرانەی کە ئیمڕۆ لەپاڵ سوڵتەی فاشیی بەغدا بەناوی شیوعیەتەوە دژی شیوعیەت ئیش ئەکەن وە بیروباوەڕی پیرۆزی مارکسیزم – لینینیزم ئەشێوێنن)).

* سـەبارەت بـەوەی کەگـەلی کـوردو کوردسـتانی نیـشتمانی بـەپێی بەرژەوەنـدیی ئیمپریـالیزمو کۆنەپەرسـتانی ناوچـەکە دابەشـکراوە هـەر بەشێکی لەچوارچێوەی سیاسیو ئابوری دەوڵەتێکدایەو لەگەڵ گەلانی تری ناو ئەو دەوڵەتەدا دووچاری یەك رژێم بونو چینە کۆنەپەرستەکانی گـەلانی ئەو دەوڵەتەن بەچینە کۆنەپەرستەکانی کوردیشەوە لەو ولاتەدا گەلانی ئەو ولاتە ئەچەوسێننەوە، بەهەمویان ئامانجێکی ناوخۆییـان هەیـە کەبریتیـە لەهەڵتەکاندنی دەسەلاتی چینە کۆنەپەرستەکانو دامەزرانـدنی دەسـەلاتی دیموکراتیانەی گەل کە لەسـایەیدا چەوسـاندنەوەی نەتەوایـەتیو هـەروەها هەموو چەوسانەوەیەکی تر نەمێنیّ بۆیە ئالای شۆرش تێدەکۆشێت بـۆ رون کردنەوەی ئەم واقیعەو هەوڵ ئەدات بۆ:

**- پتەوکردنی برایەتیو هاوخەباتی گەلی کـوردو هـەموو ئـەو گـەلو نەتەوانـەی کـە لەگەڵیانـدا ئـەژیو لـەپێناوی گەیـشتن بەئامانجـە ناوخۆییەکانمان.**

**- هەوڵدان بۆ نزیك خستنەوەو یەك خـستنی رای شۆرشـگێرانەی ئـەم گەلانەو بەدی هێنانی یەکێتی خەباتیان دژی ئیمپریالیزمو سوڵتە بەکریّ گیراوەکانی ئیمپریالیزم لەم ولاتانەدا.**

**- یەکێتی خەباتی مارکسیە - لینینیەکان لەناوچەکەدا.**

**- پێکـەوە بەسـتنو تونـد گرێـدانی بزوتنەوەکـەمان بەبزوتنـەوەی رزگاریخوازانەی گەلی تێکۆشەری فەلەستینەوە کەجگـە لـەوەی بەشـێکە لەمەسەلەی رزگاریی گەلی عـەرەب بەگـشتیو قەلایـەکی ئیـستراتیجی**

شۆڕشگێڕانەیە لەناوچەکەدا دژی ئیمپریالیزمو تەماعی دەوڵەتانی گەورەو زایۆنیزم.

* سەبارەت بەوەی کەکۆمەڵەمانو شۆڕشەکەمان لەکوردستانی عێراقدانو خەباتمان راستەوخۆ دژی سیاسەتی شۆڤێنیانەو فاشیستیانەی سوڵتەی بۆرجوازی بیروکراتی بەعسە کەنەك هەر گەلی کورد لەڕوی نەتەوایەتیەوە ئەچەوسێنێتەوەو لەساکارترین مافی نەتەوەیی دیموکراتیو ئینسانی بێ بەش کردوە بەڵکو سوڵتەی دیکتاتۆریانەی بۆرجوازیەتی بیروکراتی فاشیستەو کرێکارانو جوتیارانو چینە زەحمەتکێشەکانی تری هەموو عێراق بەوپەڕی دڕندەیەتی بەلاّم لەژێر پەردەی داڕزاوی پێشکەوتنخوازیدا ئەچەوسێنێتەوەو هەر وەك ناکۆکی سەرەکی جەماوەری چەوساوەی گەلی کورد لەگەڵ ئەم سوڵتەیەدایە هەروەها ناکۆکیی سەرەکی جەماوەری چەوساوەی باقی عێراقیش هەر لەگەڵ هەمان سوڵتەیە، بۆیە ئامانجی ناوکۆیی سەرجەم گەلی عێراق بەکوردو عەرەبو کەمە نەتەوایەتیەکانەوە روخاندنو لەناوبردنی سوڵتەی بورجوازی بەعسی فاشیستو دامەزراندنی دەسەلاّتی دیموکراتیانەی گەلە کە لەسایەیدا گەلی عێراق بەدیموکراسیی راستەقینە بگاتو گەلی کوردیش بەمافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی بگات. بۆیە (ئالاّی شۆڕش) خەبات ئەکات لەپێناوی رون کردنەوەی ئەم راستیەو لەپێناوی:

**- پتەوکردنی برایەتیی عەرەبو کوردو تورکمانو هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانی تری عێراق.**

**- بەهێزکردنی وزەی شۆڕشگێڕی راستەقینەی گەل.**

**- یەکێتیی خەباتی مارکسیە- لینینیەکانی عێراق کەئەمڕۆ لەوولاتەکەماندا چەند رێکخراوو گروپو دەستەو کەسانی مارکسی- لینینی هەنو پێویستە خەبات بکرێت بۆ پەیداکردنی باشترینو مومکینترین شێوە خەباتی یەکگرتوو. ئالای شۆڕش لەم مەیدانەدا دەنگێکی دلێرو مەوزوعی ئەبێتو بێ ووچان تێ دەکۆشێ.**

* (ئالای شۆڕش) لەپێناوی بەهێزکردنی(ی. ن. ك) تێ دەکۆشێو هەوڵی بێ سنور ئەدات بۆ چەسپاندنی خەباتی رێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتن خوازەکانی کوردستانو دەرخستنی بیری چەوتی تاکە حیزبو راهێنانی جەماوەری گەل بەدروستیی بەرەی یەکگرتوو وە هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی(ی.ن.ك) بەرەو بەرەی راستەقینەی شۆڕشگێڕ. لەهەمان کاتیشدا دەست نیشان کردنی کەموکوڕیەکانی (ی.ن.ك) بەنیازی گەشەپێدانیو زیاتر پتەوکردنی ریزەکانی لەخەباتدا دژی سوڵتەی فاشیستی بەعسو دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی ناوخۆو دەرەوە.

*پێکەوە گرێدانی خەباتی گەلی کوردستان لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هەوڵدان بۆ یەکخستنی نەخشەو بیروڕا لەنێوان رێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازە دژ بەئیمپریالیزمەکانی کوردستان.

* روون کردنەوەی دەوری جەماوەری زەحمەتکێشی گەلو پیشان دانی ووزەو توانای لەبن نەهاتووی‌و چەسپاندنی سیاسەتی پشت بەجەماوەر بەستن لەباتی پشت بەیارمەتی دەرەوەو روون کردنەوەی ئەو راستیەی کەهەمیشە ناوەڕۆك دەوری سەرەکی هەیەو دەرەوە تەنیا یارمەتیدەرە.

* بەرگری کردن لەبەرژەوەندی کرێکارانو جوتیارانی هەژارو چەوساوەکانی ترو بایەخدان بەژیانی ئابووریو کۆمەلایەتیانو رێ پیشان دان بۆ تێکۆشان لەپێناوی ژیانو دوارۆژێکی کە لەدەست هەژاریو دواکەوتوییو نەخۆشیو نەخوێندەواری رزگار بن ئەرکێکی گەورەی ئالای شۆڕشە.

* بەجێ هێنانی هەموو ئەم ئەرکانەی ئەستۆی ئالای شۆڕش پێویستی بەیارمەتیو هاوکاری هەموو دەزگاکانی رێکخستنی کۆمەڵەمانو کادرانو پێشمەرگە هۆشیارەکانو هەموو شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکانی تری وولاتە کە بڕوایان بەبایەخی ئەم ئەرکانە هەیە بۆیە ئالای شۆڕش داوا لە:

**- هەموو هاوڕێیانو هەموو هاوبیران ئەکات کە بەرهەمی فکری خۆیانیان بۆ بنێرن بەمەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ رێبازی جەریدەکە.**

**- کادرانو هەموو هاوڕێیانی تر ئەکەین لەناو شارو لەلادێو لەدەرەوەی وولات کەهەر کەسەو هەر لیژنەیەك ئەناسێتو شوێنی خۆی لەلێکۆڵینەوە دەربارەی باری ژیانی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابووریو عەسکەری بکاتو گوێ بۆ رای جەماوەر شل بکەنو لەتاقی کردنەوەکانیان لێیان ورد بنەوەو**

**لێیانەوە فێر بن و پوختەی لێکۆڵینەوەکانیان بەرێکوپێکی بنێرن بۆ ئەوەی ئەم جەریدەیە روانینێکی تێکڕایی هەبێت دەربارەی هەموو وەزعی وڵات.**

**ئاڵای شۆڕش- ژمارە(١)**

**ئەیلولی-١٩٧٧-**

# لینین- دەوڵەت و شۆڕش

شەست ساڵی تەواو لەمەوبەر لینینی مەزن یەکێك لەگرنگترین بەرهەمەکانی خۆی کە کتێبی دەوڵەتو شۆڕشە نوسیو هەر لەو ماوەیەدا بڵاوکرایەوە. لینین ئەم کارە بەنرخەی لەدوو مانگی ئابو ئەیلولی ساڵی ١٩١٧دا بەرهەم هێناوە واتە لەماوەی نێوان شۆڕشی بۆرجوازی ئەو ساڵەو شۆڕشی سۆشیالیستی مەزنی ئوکتوبەردا. بەبۆنەی تێپەڕبونی شەست ساڵ بەسەر بەرهەم هێنانی ئەو شاکارە بەبایەخەوە بەسود بەخشی ئەزانین کەتیشکێ بهاویینە سەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبەو پەیوەندیی بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانەوە. هیوادارین خوێندەوارانی شۆڕشگێڕو کادرانی کۆمەڵەمانو هەموو یەکێتی نیشتمانی کوردستان سودی لێ وەرگرن بۆ روناك کردنەوەی رێبازی شۆڕشگێڕانە بۆ جەماوەری تێکۆشەری گەلەکەمان.

لینینی مەزن بلیمەتو پێشەوای پرۆلیتاریای جیهانو سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی سوشیالیستیو دامەزرێنەری یەکەمین دەوڵەتی سۆشیالیست لەژێر سایەی دەسەلآتی پرۆلیتاریادا لەجیهاندا کەیەکێتی سوڤیەتە نەك هەر مارکسییەکی دروستو ژیر بوو بەڵکو بەیارمەتییەکی

بیّ هاوتاوه گەشەی خولقێنەرانەی بەمارکسیزم داوەو هەموو لایەنەکانی رونترو قولتر کردۆتەوە. مارکسو ئەنگلس بیرورا بنچینەییەکانیان سەبارەت بەمەسەلەی دەولەتو شۆرش دارشتو لینینی مەزنیش لەکتێبەکەی خۆیدا زیاتر قولی کردۆتەوەو بەپێی گەشەکردنی باری چینایەتی لەجیهاندا بەگشتیو لەوولاتانی سەرمایەداردا بەتایبەتیو بەپێی گەشەکردنی سەرمایەداری بەرەو بەرزترین پلەی کە ئیمپریالیزمە بیروراکانی مارکسو ئەنگلسی قولتر کردۆتەوەو لەگەل باری تازەی شۆرشی پرۆلیتاریای جیهاندا گونجاندویەتی.

لەو کتێبەدا لینین مەسەلەی دیموکراسی بەوردی شیکردۆتەوەو ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە دیموکراسی دیموکراتییەتی چینی دەسەلاتدارەو دامودەزگاکانی دەولەت هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە لەجیهاندا دامو دەستگایەك بووە بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدارو هاوپەیمانو هاوبەرژەوەندیەکانیتی بۆیە هەرگیز ناشیّ دوو چینی ناکۆكو خاوەن بەرژەوەندی جیاواز لەسایەی یەك رژێمدا وەکو یەکتر ئەو دیموکراسییەیان پیّ نابرێت. سەبارەت بەو راستیەی مارکس دەری خستووە کەوا (تا چینێکی چەوساوە مابیّ رزگار نەبوبیّ، پرۆلیتاریا لەچەوسانەوە رزگاری نابیّ) لینینی مەزن ئەوەی تەئکید کردۆتەوە کەتەنیا رێگا بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە ئەوەیە کە پرۆلیتاریا دەسەلات بگرێتە دەستو دامووەزگای دەولەتی بۆرجوازی چەوسێنەر

بروخێنێــت وە تێکوپێــك هەڵوەشــێنرێت وە لەجێیــدا دامودەزگــای شۆڕشگێڕانەی دەوڵەتی خۆی لـەژێر سـایەی سـەرکردایەتیی پرۆلیتاریـادا دامەزرێت، هەروەها لینین ئـەوەی دەسـت نیـشان کـردوە کـە جوتیـاران چ دەورێکی گرنگیان هەیە بەتایبەتی لەووڵاتە دواکەوتوە رزگار نەکراوەکاندا، هاوپەیمانیـەتی کرێکـاران‌و جوتیـارانی کردۆتـە مـەرجێکی بنـچینەیی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیـستی بەرابـەری چـینی کرێکـار. واتـە لـەم سەردەمەدا کەبورجوازیـەت نـەك هـەر گـوری شۆڕشـگێڕانەی سـەردەمی شۆڕشـی بورجـوازی تیـا نـەماوە بـەڵکو بۆتـە چـینێکی کۆنەپەرسـت‌و چەوسێنەرو مومکین نیە سەرکردایەتی شۆڕشی دیموکراتی بکـات چ جـای شۆڕشی سۆشیالیست.( ...............................................................

...................................................................................

.............................................................)*

---

- لەچاپی ١٩٨٠ دا ئەم شوێنە بە بەتاڵی هێڵدراوەتەوە. دەقـە دانەنراوەکـەش بریتی بووە لەمەی خوارەوە:

((... کەریڤیژیونیـستەکانی سـەردەم بەتـەمان بورجوازیـەتی هەنـدێك ولاَت بـەرەو دامەزراندنی سۆشیالیزم برۆن وەکو عیراق، لەکاتێکدا نەك هەر شۆڕشی سۆشیالیـستی بەڵکو قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی گەلیش بەشۆڕشی رزگاریی نەتەوەیی‌و نیشتمانیشەوە تەنیا لەژێر سەرکردایەتیی پرۆلیتاریاو حزبە مارکسییە لینینییەکەی بەرەو سەرکەوتن دەچێت)).

قۆناغی شۆڕشی ولاتەکەی ئێمە شۆڕشی دیموکراتی گەلـە- دیمـوکراتی نوێیە- وەهەمان یاسای گشتی علمی ئەیگرێتەوە. بێ گومان سەرکردایەتی پرۆلیتاریاو حزبەکەی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو چـینە خـۆی بەتـەنیا شۆڕش بکات، بەڵکو لەهەر قۆناغێکداو لەکاتو شوێنی تایبەتیدا چینو دەستەی کۆمەڵایەتیو لەگەڵ چینی کرێکـاردا بەشـداری شـۆڕش ئەکـەن. ئێستاش لەم قۆناغەی شۆڕشی گەلەکەماندا جگە لەکرێکارانو جوتیـاران بورجـوازی بـچوكو بـاڵی چـەپی بورجـوازی نیـشتمانیش ئـەبێ پێکـەوە لەبەرەیەکی یەکگرتوی گەلدا لەژێر سەرکردایەتی چـینی کرێکـارو حزبـە پێشڕەوە مارکسیە- لینینییەکەیدا ئەرکەکانی قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی گەل بەجێ بهێنن.

سەبارەت بەوەی کەمافەکانی کورد بەشـێکی لەجیاکردنـەوە نـەهاتووی مەسەلەی مافە دیموکراتیەکانی گـەلی عێراقـە، دیموکراسـیش بـۆ گـەلی عێراق بەبێ دامەزراندنی سوڵتەی ئەو چینە شۆڕشگێڕانەی کەبەشی هـەرە زۆری گەل پێك دێنن نایەتە دی. نابێ هەرگیز بەتەمای ئـەوە بـین کـە نـە گەلی کوردو نە هەموو گەلی عێراق بەمافە دیموکراتیـەکان بگـەن لـەژێر سایەی سوڵتەی دیکتاتۆری بورجوازی بیروکراتی سروشت فاشـی بەعـسداو ئەبێ هەمیشە نەخشەکانی شۆڕشمان بەپێی ئەم راستیە بێتو هـەوڵ دەیـن ئەم شۆڕشە کە شۆڕشی دیموکراتی گەلی عێراقە هەنگاو بەهەنگاو لەسـەر ئەم ڕێبازە بچێتە پێشەوەو بەرەو سەرکەوتن بـچێتو لەئەنجامـدا سـوڵتەی بورجوازی بیروکراتی بەعس برمێنرێتو دامودەزگاکانی تێکوپێـك بـدرێت

لەجێی ئەمە سوڵتەی هاوبەشی چینە شۆڕشگێڕەکان بەڕابەریی چینی کرێکارو دامودەزگاکانی دەوڵەتی نوێی گەل دامەزرێنێت کە لەسایەیدا گەلی عێراق بەدیموکراسی راستەقینەی بگاتو گەلی کوردستانیش بەمافی بڕیاردانی چارەنوسی لەعێراقدا شاد بێتو کوردستانی عێراق ببێتە بنکەی شۆڕشی رزگاریی گەلی سەرانسەری کوردستانو رزگاربوونی تەواوی لەهەموو جۆرە چەوسانەوەیەك.

با لای جەماوەری گەلەکەمان ئاشکرابێ کەمارکسیزم- لینینیزم رێگای رزگاری بۆ هەموو چەوساوەیەکی دنیا روناك ئەکاتەوە بەمەرجی چاك تێگەیشتنو گونجاندنی لەگەڵ بارو زروفی تایبەتیداو پاراستنی لەریڤیژنیزمو دوگماتیزمو هەموو جۆرە شێواندنێکی تر.

با بەفراوانی مارکسیزم - لینینیزم دیراسە بکەینو خوڵقێنەرانە جێبەجێی بکەین

**ئالای شۆڕش- ژمارە(١)**
**ئەیلولی-١٩٧٧-**

١- ئەم نووسینانەی هاوڕێ ئارام کە لـەم نامیلکەیـەدا کۆکراونەتـەوە، تـەنها بەشـێکن لـەو بەرهەمانـەی شـەهید کـە لـەکۆتایی ١٩٧٥ تـا ١٩٧٨/١/٣١دا نووسراونەتەوەو بڵاوکراونەتەوە.

٢- ئەگەر لەهەندێ شوێنا، هەندی رستەو ووشە چاپ نەکراو بن لەبـەر ئەوەیە کە لەمڕۆدا چاپ کردنیان بەچاك نازانین.

٣- بەهیچ جۆرێ دەسکاری شێوەو ناوەڕۆکی نووسینەکان نەکراوە.

٤- هاوڕێ ئارام دەیان نووسـینو ووتـاری تـری لەڕۆژنامـەکانی عێـراق بڵاوکردۆتەوەو کۆمەڵێ نامەو نووسینی تری بـۆ هاوڕێیـانی نووسـیوە بـەو هیوایەی بتوانین لەنامیلکەیەکی ترا چاپیان کـەین، بۆیـە تکـا لەهـەموو بەڕێزێك دەکەین کە هەرچیەکی هاوڕێی نەمری لاچـنگ دەکـەوێ بۆمـانی رەوانە بکا.

ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- عێراق —
١٩٨٠/١/٣١

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی چاپی دووەم ............................................ | ٥ |
| کلیلی کورتکراوەکان.................................................. | ٣٧ |
| هەندێ زانیاری دەربارەی چاپی ١٩٨٠ی هەڵبژاردەکان ......... | ٣٨ |
| پێشەکی چاپی یەکەم ............................................... | ٤٢ |
| بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشوو سەرنجامی بە ئاشبەتاڵ ....... | ٥٨ |
| پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان ........................... | ٧٩ |
| باری ئێستای کوردستان ............................................ | ٨٨ |
| بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .................... | ١٠٧ |
| ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا ................................ | ١١٤ |
| شۆڕشی کوردستان سەرکەوتوانە ساڵێك لەتەمەنی تەواو ئەکات .................................................................. | ١٢٦ |
| خەباتی ئالآی شۆڕش ............................................... | ١٣١ |
| لینین ـ دەوڵەتو شۆڕش .......................................... | ١٣٩ |

## بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگـــەی میـــدیا لەهەڵبـــژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتـــەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیـــدابونی عەلمانیـــەت لـــەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیـــسلامو مۆدێرنـــە، ئیـــسلام لەبـــەردەم ئەگـــەری عەلمانیەتـــدا(ژ. ز. هۆشـــیاری (١٦) | ن. محمد ڕەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی ڕوسیای قەیسەری بەرامبـــەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەماڵ کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطـــات، اثـــرت في حيـــاة الكـــورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبـدالرزاق محمـود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١١ | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ٣٧٣ |
| ٢٠١١ | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ٣٧٤ |
| ٢٠١١ | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علی | تاريخ الفكر الكردي | ٣٧٥ |
| ٢٠١١ | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | ٣٧٦ |
| ٢٠١١ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | ٣٧٧ |
| ٢٠١١ | د. نوری تاڵەبانی | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | ٣٧٨ |
| ٢٠١١ | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ٣٧٩ |
| ٢٠١١ | بەختیار جەبار شاوەیس | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | ٣٨٠ |
| ٢٠١١ | عابد خالد ڕەسول | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | ٣٨١ |
| ٢٠١١ | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ٣٨٢ |
| ٢٠١١ | خەلیل عەبدوڵلا | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | ٣٨٣ |
| ٢٠١١ | عادل عەلی | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | ٣٨٤ |
| ٢٠١١ | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | چرای ماڵە هەژارەکان | ٣٨٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس باریبە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٨ | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسی‌و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة کوردستان ومتغیرات العصر (الطبعة الثالثة) | حکمت محمد کریم<br>(ملا بختیار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اکبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن ڕەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیری‌و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمك‌و گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود کوردستان الجنوبیة في سنجار حتی بدرة | عبدالرقیب یوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهیم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێک بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعریف الانفال بالإبادة الجماعیة، ژ. ز. (٣٨) | تالیف: خلیل عبدالله ترجمة: محسن بني ویس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢١ | ئالآ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قـراءة في مفهـوم التحـديث والتنميـة السياسية، ز. هۆشیاری، ژماره (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئـەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهـان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کـــورد لەســـوریاو ئاوەربایجـــانو ئەرمەنـــستان/ ز. نلمیلکـــەی کـــورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچـــاوپێکەوتنێکی هـــەڤاڵ عیمـــاد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قـدمها الاتحـاد الـوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمــة العــدل الدوليــة في تطــوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژماره (٥) | | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ و. لەئەڵمانیەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |